سەرکەوتنی بێسنور (٦)

# هاوڕێیەتی
# پێش هاوسەرگیری



م.حۆریایی

لێکۆڵینەوەی پەیوەندییەکانی کچ و کوڕ،
بۆ ناسینی زیاتر و هاوسەرگیرییەکی باشتر

وەرگێڕان: سامان عەبدوڵڵا

سەرکەوتنی بێسنور(٦)

# هاوڕێیەتی

# پێش هاوسەرگیری

لێکۆڵینەوەی پەیوەندییەکانی کچ و کوڕ بۆ ناسینی زیاتر و هاوسەرگیرییەکی باشتر

م.حورایی

وەرگێڕان: سامان عەبدوڵلا

چاپی یەکەم

٢٠١٩

لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما

ژمارە ٨٢٥

ناسنامەی کتێب

# هاوڕێیەتی پێش هاوسەرگیری


- نووسینی: م. حورایی
- وەرگێڕانی: سامان عەبدوڵڵا
- دیزاینی ناوەوە: فواد کەوڵۆسی
- تایپ: دابان سامان عەبدوڵڵا
- بەرگ: ئیبراهیم سالّح
- نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
- ساڵی چاپ: ٢٠١٩
- شوێنی چاپ:  چاپخانەی کەنج
- تیراژ: ١٠٠٠

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سپاردنی: (١٤٦٤)ی ساڵی ٢٠١٩ی پێدراوە.


**ناونیشان**

سلێمانی ـ سابوونکەران ـ نێوان گەراجی عوسمانی ئەمین و شوقەکانی تەکیە ڕووڵە.

ژمارەی مۆبایل: (٠٧٧٠١٥٧٤٢٩٣) (٠٧٥٠١١٩١٨٤٧)

# پێڕست


**پێشەکی.................................................. ٥**

**لێکەوتە نێگەتیڤەکانی هاوڕێیەتی........................... ٩**

**پێش هاوسەرگیری........................................ ٩**

١- حەز و مەیلەکان ڕێگرن لەبەردەم ناسیندا..................... ٩

٢ - لە هاوڕێیەتیدا ڕەفتارەکان ڕوکەشن......................... ١٣

٣- پێشنیاری هاوڕێیەتی نیشانەی بۆچونێکی هەڵەیە.................. ١٧

٤- خیانەت لە سپاردەدا........................................ ٢١

٥- دروستبوونی بواری تاوان و تەشەنە و هاندانی شەیتان.............. ٢٣

٦- دەرەنجامی ناخۆش(باری لار ناگاتە ماڵ)........................ ٢٨

٧- زیانەکانی کاتی خوێندن...................................... ٣١

٨- زیان لە کار و پیشەدا........................................ ٣٣

٩- زیانە داراییەکان............................................ ٣٥

١٠- پەستانی دەرونی- دەنگە دەنگ و ئاژاوەی خێزانی- دزی.............. ٣٨

١١- لەدەستدانی تواناکان........................................ ٤٠

١٢- ئالودە بون بە تاوان و لەدەستدانی سەرمایەی مەعنەوی.............. ٤١

١٣- بەفیرۆدانی تەمەن و لەدەستدانی کات(بە فیرۆ دانی لاویەتی)......... ٤٤

١٤- بۆچونی خراپ و بەدگومانی کەسانی تر.............................. ٤٥

١٥-کەم بونەوەی حەزی کوڕەکان بۆ هاوسەرگیری و بەرزبونەوەی تەمەنی کچان.............٤٧
١٦- خۆشەویستییە درۆزنەکان ئەگۆڕێن بۆ هەڕەشە و تۆڵە سەندنەوە ..............٤٨
**ئەگەر نەبێتە هۆی هاوسەرگیری**.............................٥٠
١٧- زیانە گەورەکانی سۆزداری ..............................٥٢
١٨- خەمۆکی، ئالودە بوون بە مادەی هۆشبەر، خۆکوشتن، گرفتە سێکسیەکان ..............٥٢
١٩- لەدەستدانی هەل و هەلکەوتەی باشی هاوسەرگیری..............................٥٦
٢٠- بەراوردکردن لەگەڵ هاوسەردا ..............................٥٨
٢١- ئیفلاسی سۆزداری..............................٦٢
٢٢- ئازاری ویژدان ..............................٦٤
٢٣- بەدگومانی زۆر لەسەر ڕەگەزی بەرامبەر و پەشیمان بونەوە لە هاوسەرگیری..............٦٦
**ئەگەر بە هاوسەرگیری کۆتایی بێت**..............................٦٨
٢٤- دروستبونی بەدگومانی..............................٦٨
٢٥- بریندار بونی شکۆ و ناوبانگ ..............................٧١
٢٦- پیرۆزی ژیان دەکەوێتە ژێر مەترسی ..............................٧٤
٢٧- کاڵ بونەوەی شکۆی هاوسەرگیری..............................٧٦
٢٨- نە توانین لە دابین کردنی بەڵێنە درۆکان ..............................٧٨
٢٩- لەکاتی سەرهەڵدانی کێشەدا، خێزان لۆمە دەکەن نەک پشتیوانی ..............٨١
٣٠- برەودانی نمونەی هەڵە ..............................٨٣
**وەڵامی دە پرسیاری سەرەکی و گرنگ**..............................٨٥
**چۆن لەسەر بڕیارەکەمان سوربین و**..............................١٠٢
**هەست بە بێبەشبوون نەکەین**..............................١٠٢

# پێشەکی

یەکێک لە پاڵنەرە گرنگەکان بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر وەڵامدانەوەیە بە نیازە دەرونی و سۆزدارییەکان. واتە پێکهاتەی مرۆڤ بەو چەشنەیە، کە لاوەکان لەبەشێک لە تەمەنیاندا بەشێوەیەکی ڕاشکاو هەست دەکەن بە هەڵچوون و گروکفی دەرونیان، کە تەنیا لە ڕێگەی گفتوگۆ و هاوڕێیەتی و دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر ئارام دەبێتەوە، کەوابوو بەپێی فەرمانە ئاینیەکان، وەڵامدانەوەی پێویستییە سۆزداری و دەرونییەکان و مەیلکردن بەرەو ڕەگەزی بەرامبەر تەنیا دەبێت لە ڕێگای هاوسەرگیرییەوە دابین بکرێت، و بەبێ گرێبەستی هوسەرگیری لە نێوان کوڕان و کچاندا و دەربڕینی بەڵێننامەی مارەکردن، هەرچەشنە پەیوەندی و هاوڕێیەتی و هەڵسوکەوتی نابەجێ بە تاوان دادەنرێت، کەوابوو کچ و کوڕ دەتوانن دوای پێگەیشتنی عەقڵی و جەستەیی و بەدەستهێنانی ئامادەیی تەواو. بە مەرجی دۆزینەوەی کەسی شیاو بۆ دابینکردنی ئەو پێداویستیانە و ئالودەنەبوون بە تاوان، هاوسەر گیری بکەن.

بەڵام لێرەدا بۆ پاساو هێنانەوەی پەیوەندی بە ڕەگەزی بەرامبەرەوە بەبێ هاوسەرگیری یان پێش هاوسەرگیری دوو خاڵ دێتە پێش:

یەکەم ئەوەی کە هەندێک کەس دەڵێن لەبەر ئەوەی هاوسەرگیری کارێکی زۆر گرنگ و سەرەکییە و سەرکەوتن یان سەرنەکەوتن تیایدا گرنگی خۆی هەیە، ئێمە پێویستمانە کە ناسینێکی زیاتر و ڕاشکاوترمان هەبێت لەو کەسەی کە هاوسەرگیری لەگەڵدا دەکەین. بەتایبەت کاتێک دەبینین هەندێک کەس بەهۆی نەناسینی لایەنی بەرامبەر، هاوسەر گیریەکی سەرنەکەوتویان بوە و ئێستا هەموو ژیانیان ئاوێتەیە بە ئاژاوە و توندوتیژی و ناخۆشیەوە. بە بۆچونی ئەم کەسانە شێوازە باو و کۆنەکان، کە بە گشتی بە خوازبێنی دەست پێدەکات، ناتوانێت ناسینێکی باش و تەواوی لایەنی بەرامبەرمان پێبدات، کەوابوو پێویستە ئێمە لەگەڵ ئەو کەسەی کە دەمانەوێت هاوسەرگیری لەگەڵدا بکەین ماوەیەک پەیوەندیمان هەبێت و لەو ماوەیەدا وردە وردە یەکتر بناسین و بزانین ئایە لەگەڵ یەک ڕێک دەکەوین و خاڵی هاوبەشمان هەیە و بە کەلکی یەکتری دێین یان نا؟ ئەگەر بینیمان بەو شێوەیە باشە ئەوا بە فەرمی هاوسەرگیری بکەین. لە ڕاستیدا ئەم کەسانە هاورێیەتی پێش هاوسەرگیری وەک هەلێک دەزانن بۆ ناسینی باشتر و زیاتری هاوسەری داهاتویان تا هاوسەرگیریەکی سەرکەوتویان هەبێت.

کۆمەڵێکی دیکە دەڵێن: ئێمە لە ئێستادا بڕیارمان نییە هاوسەرگیری بکەین و تەنیا دەمانەوێت بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لەگەڵ کەسێکی ڕەگەزی بەرامبەر هاوڕێیەتی بکەین، کێشەی چییە؟ بەتایبەت کاتێک ئەم پەیوەندییە پاک بێت و لە سنوری گفتوگۆ و چونەدەرەوە و پێکەوە نان خواردن و گەڕاندابێت. تەنانەت ئەم کۆمەڵە هەندێک کات بۆ پاساوی ئەم پەیوەندییە، ئاماژە دەکەن بەوەی کە مرۆڤ نابێت بەیەکجاری هاوسەرگیری بکات بەڵکو بونی هاوڕێی کچ و یان هاوڕێی کوڕ لەکاتی سەڵتیدا ئەتوانێت ناسینێکی زیاتر و باشتر لە ڕەگەزی بەرامبەر بدات بە مرۆڤ و ئەگەر لە داهاتویشدا ویستی هاوسەرگیری بکات ئەم پەیوەندیانە دەتوانن ئەزمونێکی باشبن.

ئێمە لەم پەڕتوکەدا دەمانەوێت قسە لەگەڵ هەردوو کۆمەڵەکە بکەین، گەرچی ڕوی دەممان زیاتر لە گروپی یەکەمە، ئەو گروپەی کە هاوڕێیەتی پێش هاوسەرگیری بەمەبەستی خۆ ئامادەکردن بۆ هاوسەرگیری ئەنجام دەدەن.

ئێمە دوای نزیکەی ٢٠ ساڵ لە ڕێکخستنی خولی سەکەوتووی گۆڕانکاری و وانەوتنەوە و پەیوەندی لەگەڵ لاوان و ئەنجامدانی خولی هاوسەرگیری و خێزان و ڕاوێژی زۆر بە کچان و کوڕان، کە هاوڕێیەتی پێش هاوسەرگیریان ئەنجام داوە، بە ڕاشکاوی باوەڕمان وایە کە هاوڕێیەتی پێش هاوسەرگیری بۆ هەردوو گروپی یەک و دوو بە تەواوی هەڵەیە.

ئێمە بۆ پشتگیری لەم باوەڕە ئاماژە دەکەین بۆ زیاتر لە سی هۆکار، تا هزری ئێوەی خوێنەر بە تایبەت کچ و کوڕانی لاو، ڕوون بکەینەوە لەسەر مەودا و لایەن و کێشەکانی ئەم هاوڕێیەتییە. لەو سی هۆکارەی کە باسدەکرێن پێنج بۆ شەش هۆکاریان هۆکاری ئاینی و ئایدۆلۆجین و زیاتر لە بیست هۆکاریشیان هۆکاری عەقڵین. واتە ئەگەر کەسێک زەمینەی ئاینی و ئایدۆلۆجیشی لاواز بێت، بێگومان ئەو هۆکارە فراوانە ئەقڵییانە ڕێنوێنی دەکەن لە نا دروستی ئەو پەیوەندییانە.

لەوانەیە لەم سی هۆکارە لەگەڵ دە هۆکاریان هاوڕا نەبیت، بەڵام ئایە پاشماوەی ئەو خاڵانەی تر کە پەسەندیان دەکەیت بەس نین.

کەوابوو من وەک نوسەری ئەم پەڕتوکە داوا لە ئێوە، کوڕ و کچە لاوەکان دەکەم ئەم بابەتانە بخوێننەوە و ڕاستگۆیانە لەگەڵ خۆتان بیری لێبکەنەوە، بێ ئەوەی لای کەسێکی تر باسی بکەن، دەبێت ئەم کتێبە تا کۆتای بخوێننەوە، نیگەران مەبن ئەم پەڕتوکە ناتوانێت ئێوە ناچار بە ئەنجام دان یان نەدانی کارێک بکات، بڕیاردەری ژیانتان بێگومان هەر خۆتانن، تۆ ناچار نیت ئەم بابەتانە پشتڕاست بکەیتەوە. تەنیا و تەنیا لە بیرت بێت کە لەکاتی خوێندنەوەی ئەم بابەتانەدا:

١- لەگەڵ خۆمان ڕاست گۆ بین.

٢- خۆمان نەکەین بە خەوتوو.

٣- لە چۆلیدا بیریان لێبکەینەوە.

٤- خۆمان بڕیار بدەین.

# لێکەوتە نێگەتیڤەکانی هاوڕێیەتی پێش هاوسەرگیری

**١- حەز و مەیلەکان ڕێگرن لەبەردەم ناسیندا**

کاتێ بە تاریکی ئەڕۆیت بە ڕێگادا، بۆ ئەوەی نەکەویت یان ڕێگات لێ ون نەبێت، پێویستت بە ڕوناکییەکە. بۆنموونە لایتێک بەدەستەوە دەگریت و ئەڕۆیت. دیارە هەرئەندازە ڕوناکی لایتەکە زیاتر بێت، ئەوا تۆ بێخەمتر ئەڕۆیت بە ڕێگاکەدا، هەم بەرپێتان ڕوناکترە و هەم ئەتوانیت مەودایەکی دورتر ببینیت.

ئێستا هەرهۆکارێک ڕوناکی ئەو لایتە کەم بکاتەوە، ئەوا ڕۆشتنەکەی تۆیش ئەخاتە مەترسیەوە. بۆنمونە ئەگەر شوشەکەی پیس و تۆزاوی بێت، ئەوا ڕوناکییەکی کەم ئەدات و توشی کێشەت دەکات.

ئەگەر دەتەوێت زانیاری لەسەر کوڕ یان کچێک بەدەست بهێنیت تا بزانیت، ئایا ئەو کەسێکی شیاوە بۆ ژیان لەگەڵ تۆدا؟ ئایا ئەو گونجاوە بۆتۆ؟ ئایا دەتوانیت ژیانێکی گەرم و بەردەوام و خۆشی لەگەڵ بەریتەسەر؟ پێویستی بە بیرکردنەوەی زۆرە. ڕوناکی

عەقڵت دەبێت ئەوەندە بەهێز بێت تاکو بتوانێت لایەنە ئاشکرا و شاراوەکانی بەباشی بناسێت و لە ڕەفتارە ئاساییەکانیەوە بگەیت بە ویستەکانی ناخ و دەرونی.

بێگومان بڕوات هەیە کە ناسینی مرۆڤێک قورسترە لە ناسینی شتێکی تر وەک مێز یان کورسی یان هەرشتێک لەو بابەتانە و پێویستی بە هۆشیاری و تێڕوانینێکی زیاتر هەیە لە هەل و مەرجێکی لەو چەشنەدا، دەبێت زۆر وریا بین کە هیچ شتێک نەبێتە هۆی لاوازبوونی ڕوناکی عەقڵمان و داپۆشینی ئەو شتەی کە دەبێت بیبینین.

هەر هۆکارێک کە ببێتە بەربەست لە بەرامبەر بیرکردنەوەی قووڵ و تەواودا، بە دڵنیایی دەبێتە هۆی تێکدانی ژیان و پەشیمانی قووڵی بەدواوەیە.

بەڵام چی دەبێتە هۆی بەربەست لەڕێگای بیرکردنەوە و لە کۆتایدا، ناسینی تەواو و وردی کەسێکدا؟ چی ڕوناکی عەقڵی مرۆڤ لە بارودۆخێکی وەهادا لاواز دەکات و چاوی مرۆڤ کوێر دەکات؟

ڕاستیەکەی ئەوەیە کە خوای دلۆڤان لە نێوان دوو ڕەگەزی بەرامبەردا واتە کوڕ و کچ، هێزێکی ڕاکێشانی دروستکردووە، مەیل و ڕاکێشانێکی وەها کە ناشاردرێتەوە. ئەو مەیل و ڕاکێشانە شتێک نییە کە بمانەوێت بیسەلمێنین یان بەڵگەی بۆ بهێنینەوە، هەمووومان هەست بەو مەیل و ڕاکێشانە دەکەین. بێگوومان ئەو مەیل و ڕاکێشانە یەکێکە لە بەخششەکانی خودا و هەرگیز نابێت

وەک خاڵی لاواز هەژماری بکەین. حەز بە هاوسەرگیری و دروسکردنی ژیانی هاوبەش و منداڵبوون و مانەوە و بەردەوامی ژیانی هاوبەش، بەڕێژەیەکی زۆر پەیوەستە بەم مەیل و ڕاکێشانەوە کە خوای گەورە لە نێوان ئەم دوو ڕەگەزەدا دایناوە.

ئەم مەیل و ڕاکێشانە بۆ ڕەگەزی بەرامبەر لەکاتی لاوێتی دا دەگاتە لوتکە، بەشێوەیەک کە هەندێک کات کوڕ و کچ لەدوای ماوەیەک پەیوەندی دەگەنە ئەو خاڵەی کە دەڵێن:(من بەتەواوی پەیوەستم بە ئەوە وە)،(ژیان بەبێ ئەو بۆ من هیچ و بێواتایە)،(لە ناخی دڵەوە ئەوم خۆش دەوێت وە لە دووری ئەو بێتاقەت و بێ خەوم).

بەداخەوە ئەم مەیل و ڕاکێشانە نا شاردرێتەوە زۆرترین کاریگەری نیگەتیڤی لەسەر عەقڵ و هزری مرۆڤ هەیە، هەرچەندە پەیوەندی نێوان کچ و کوڕ ڕاشکاوتر بێت، ئەوا زیاتر و درێژتر دەبێتەوە، هێزی بیر کردنەوە و هزری مرۆڤ لاوازتر دەکات و تەنانەت هزری مرۆڤ بەتەواوی کوێر دەکات، تا ئەو ئاستەی کە کە، کاتێک بە کچەکە دەڵێیت،((ئەو کوڕەی هاوڕێی تۆیە ئەم کەم و کوڕیانەوەی هەیە)) ئایە تا ئێستا ئەو بینیویەتی و بەدرۆی دەخاتەوە یان چاوپۆشی لێدەکات((ئەو بابەتە گرنگ نییە... بەو ئەندازەی نییە کە تۆ باسی دەکەیت... انشاالله دروست دەبێت...بە تێپەربونی کات چاک ەبێت.))

کاتێکیش کەم و کوڕیەکی ئاشکرا و گەورەی کچەکە بە کوڕەکە دەڵێیت لە بەرامبەرتدا ڕادەوەستێت و هەندێک کاتیش بە توڕەی پێت دەڵێت کە تۆ ڕەش بینیت.

لە ڕاستیدا مەیل و ڕاکێشان و هەڵچوون و سۆزداری ئەم لاوەی گەیاندۆتە ئاستێک کە لاوازییە گەورەکان یان بە بچووک دەبینێت یان هەر بە لاوازی دایانانێت.

ئەگەر تۆ باوەڕت وایە کە دەبێت بۆ ناسینی زیاتری هاوسەری داهاتوتان لەگەڵ ئەم کوڕ یان کچە بۆ ماوەیەک ببیتە هاوڕێ، تا لەو ماوەی هاتوچۆ و گفتوگۆیەدا تۆ باشتر بیناسیت، دڵنیابە شتی وا ڕوونادات، بەڵکو ئەو پەیوەندییە زیاتر ناسینی ڕووکەشیت پێ دەدات و تۆ بەهەڵە و لاڕێدا دەبات لە ڕاستیدا تۆ سەرەتا پەیوەندییەک دروست دەکەیت، هەڵچوون و سۆزداریت دەوروژێنیت و لە ئاکامدا ئەم پەیوەندییە دەگەیەنیتە لوتکە و دواتر لە دۆخێکی وەهەدا دەتەوێت عاقڵانە لێکی بدەیتەوە کە ئەو کەسێکی شیاوە بۆ هاوسەرگیری یان نا، لەم کاتەدا ئەوەندە ئاوێتەی خۆشەویستی و پەیوەندی بوویت کە چێتر ناتوانیت بە باشی بیر بکەیتەوە.

پەند لێرەدایە کە، ئەگەر لە بارودۆخێکی وەهادا کە ماوەیەک لە هاوڕێیەتی ئەو کچ و کوڕە تێپەڕیوە یەکێکیان یان هەردووکیان ڕازی ببن بچن لەگەڵ ڕاوێژکارێکی بە ئەزموون ڕاوێژ بکەن، ئەگەر بیانەوێت ئەو ڕاوێژ کرنە دوور بێت لە ڕق و خۆشەویتی و بزانن ئایە ئەو هاوسەرگیریە باشە یان نا، زیاتر هەوڵ ئەدەن وەڵامی

ئەرێنی وەربگرن. بە گفتوگۆ لەگەڵ ڕاوێژکارەکە هەوڵ دەدەن کە ڕازی بکەن دان بەوەدا بنێت کە ئەو هاوسەرگیریە باش و بێوێنەیە.

بڕوانە، ئێمە هاوڕاین لەگەڵ ئێوە، کە دەڵێن سەرەتا دەبێت لایەنی بەرامبەرتان بناسن و دواتر هاوسەرگیری بکەن و ئەو بۆچونەی ئێوە بەرز دەنرخێنین، بەلام بەهەمان شێوەش دەڵێین کە هاوڕێیەتی پێش هاوسەرگیری بەهۆی بوونی ئەو مەیل و ڕاکێشانە هەرگیز شێوازێکی ڕاست نییە بۆ ناسینی لایەنی بەرامبەر و ناتوانیت متمانەی پێبکەیت. ئەگەر تۆ بە کەسێک بڵێیت بەچاوی بەستراوەوە لە فرۆشگایەکدا دەستێک جلی باش و جوان هەڵبژێرێت، تا چەند ئەگەر هەیە کە ئەو هەڵبژاردنێکی شایستەی هەبێت؟ بەرەچاوکردنی ئەوەی باسمان کرد ناسینی هاوسەری داهاتوو لە ڕێگەی هاوڕێیەتی پێش هاوسەرگیرییەوە شتێکە لەو بابەتە.

**٢ - لە هاوڕێیەتیدا ڕەفتارەکان ڕوکەشن**

زۆربەی ئێمە مرۆڤەکان لامان گرنگە کە خەڵکی بۆچونایان چۆنە لەسەرمان، چیمان لە بارەوە دەڵێن و لەسەر ئەم بنەمایە بەگشتی هەوڵ دەدەین لە بەرچاوی خەڵکدا باش دەربکەوین. هەربۆیە هەندێک کات ڕەفتارەکانمان لە چۆڵیدا لەگەڵ ڕەفتارەکانمان لە دەرەوە لە ناو خەڵکانێک، کە ئەمان ناسن جیاوازە، واتە لەوانەیە من لە ماڵەوە کەسێکی دەمشڕ بم، بەلام لە

شوێنی کارەکەم یان شوێنی خوێندنەکەم چەشنێک ڕەفتار دەکەم کە هەموو وابزانن کەسێکی بەڕەشتم. ئەم حەز بە پیشاندانی ڕەفتار و قسەی باش لەگەڵ ئەو کەسانەی کە بۆچونیان بۆ ئێمە گرنگە یان خۆشمان ئەوێن زیاتر و پڕڕەنگ ترە.

کاتێک کوڕو کچێک دەبنە هاوڕێ ئەو حەزە بۆ خۆ بە باش پیشاندان دەگاتە لوتکە، کچ و کوڕەکە بێ ئەوەی بیانەوێت بە چەشنێک ڕەفتار دەکەن کە لەچاوی بەرمبەرەوە، سۆزدار و دڵۆڤان و وەفادار و سەرنج ڕاکێش و خۆشەویست و بە توانا و بەرپرس و دەستکراوە و بێوێنە دەرکەون. لەڕاستیدا هەریەک بە چەشنێک ڕەفتار دەکەن کە لە چاوی بەرامبەرەکەوە پەسەند و باش بن.

جێی پێکەنین و(لەوانەشە جێی داخ بێت) ئەم کوڕ و کچە کە پێکەوە هاوڕێن دەیانەوێت لە ڕووی ئەم ڕەفتارە ناڕاست و ڕوکەشیانەوە کەسایەتی ڕاستەقینەی لایەنی بەرامبەر بناسن. ئایە شتێکی وا گونجاوە؟

- کوڕەکە لەگەڵ هاوڕێ کچەکەی چۆتە پیتزا فرۆشیەک(پیتزا یەکێکە لە کوڵەکەکانی ئەم جۆرە هاوڕێیەتیانە) و لەسەر مێزێک بەرامبەر یەک دانیشتوون کچەکە بەم لاو ئەولادا دەڕوانێت وەک ئەوەی بۆ شتێک بگەڕێت.

کوڕ: بۆچی دەگەڕێیت، شتێکت دەوێت؟

کچ: ساسی لێ نییە.

کوڕەکە هەڵدەستێت و لەو کەسەی لە پشت مێزەکەوەیە داوای ساس دەکات و دەیهێنێت بۆ هاوڕێ کچەکەی.

کوڕ: هیچی دیکەت ناوێت؟

کچەکە سوپاسی دەکات و لە کاتێکدا یەکەم پارچەی پیتزا کە دەخاتە دەمی، بە چاوێکی پڕ لە میهرەبانی و خۆشەویستییەوە سەیری چاوی هاوڕێ کوڕەکەی دەکات و بیردەکاتەوە:((چەن دلۆڤانە، چەنە بەخزمەتە، هێشتا من هیچم نەوتووە زوو هەڵدەسێت)) ئەم کچە نازانێت کە ئەو کوڕە هەر ئەو کوڕەیە کە بەیانی کاتێک دایکی پێی دەڵێت بڕۆ نان بکڕە لەسەر جێگەکەی دەتلێتەوە و" دەڵێت تاقەتم نییە هێزم تیا نیە".

ئەمە هەر ئەو کوڕەیە کە لە ماڵەوە هیچ بەرپرسیاریەتیەک لە ئەستۆ ناگرێت تەنانەت دایکی جێگەکەی بۆ ڕا دەخات. ئەمە هەر ئەو کوڕە خزمەت کار و میهرەبانەیە.

- کوڕەکە دەستی بەر گۆشەی مێزەکە دەکەوێت و کەمێک دەڕوشێت، کچەکە لە ڕووی خەم خۆرییەوە چاوی دادەخات و بەو پەڕی سۆزەوە دەڵێت:((خوایە گیان بمرم بۆت، دەکزێتەوە؟)) خێرا دەستەسڕێک لە جانتاکەی دەر دەکات و دەڵێت:" گیانەکەم ئەمە بخەرە سەر دەستت".

کوڕەکە کە لەم جوڵەی کچەکە خوشحاڵە و زەوقی کراوەتەوە، بۆ ڕاکێشانی سۆزی زیاتر و وتەی ئاشقانەی زیاتر، توند ددانی دەنێت بەیەکدا و وەک ئەوەی شمشێرێکی لێدرابێت.

کچ: خوایە بمرم دەکزێتەوە؟ وایە، بەهۆی منەوە بوو؟ ببورە تۆ چویت ساس بۆ من بهێنیت وات لێهات؟

کوڕەکە هەستێکی خۆشی هەیە، ئارەزووی دەکرد فیشەکێکی لێبدرایە و ئێستا بێهۆش بوایە، تا زیاتر سەرنجی کچەکەی ڕابکێشایە، کچێکی زۆر دڵۆڤانە...

ئەم کوڕە نازانێت، کچە هەر ئەو کچەیە کە کاتێک دایکی بانگی دەکات تا لە دانانی سفرەی نانی شەودا یارمەتی بدات، لە ژوورەکەی خۆیەوە بەو پەڕی بێ ئەدەبییەوە هاوار دەکات:((مەگەر نابینیت من خەریکم تەلەفۆن دەکەم؟))

لەوانەیە هەندێک کەس باوەڕیان وابێت ئەگەر لەگەڵ کوڕ یان کچێک بۆ ماوەی شەش مانگ یان ساڵێک هاتوچۆیان هەبێت، وردە وردە ڕەفتاری ڕاستەقینەوی خۆی پیشان دەدات و ئەتوانێ بیناسێت واتە هەرچی پەیوەندییەکە درێژتر ببێتەوە ڕەفتاری ڕاستەقینە ئاشکراتر دەبێت و ڕەفتارە ڕوکەشیەکان تایبەتن بە ڕۆژەکانی یەکەم.

لە کاتێکدا کە ئەو شتە ڕاست نییە. تا کاتێک کە پێویست بە پەسەند کردن و ڕەزامەندی ڕای لایەنی بەرامبەر هەبێت چ بۆ بەردەوامی هاوڕێیەتی و چ بۆ هاوسەر گیری، ئەوا ڕەفتاری درۆ و ڕوکەشی بەردەوام دەبێت.

کەوابوو لە بیرتان بێت کە لەکاتی هاوڕێیەتیدا بە گشتی هەموو بەڕەوشتتر، ڕێک و پێکتر، بۆن خۆشتر، فیداکارتر، دەست بڵاوتر، قسە خۆشترن و زۆربەی ڕەفتاری ئەو کوڕ و کچانە لەماڵەوە زۆر جیاوازترە تا لە کۆفی شۆپێکدا. وریابە ئەم ڕەفتارە درۆ و ناڕاستانە

هەرگیز ناتوانن ناسینێکی ڕاست دروست لە کەسەکە بدەنە دەستی مرۆڤ.

**٣- پێشنیاری هاوڕێیەتی نیشانەی بۆچوونێکی هەڵەیە**

تۆ بۆچی هاوسەرگیری دەکەیت؟ لەبەر ئەوەی هەموو هاوسەرگیری دەکەن تا لە تەنیای بێیتە دەرەوە. ئایە هاوسەرگیر دەکەیت تەنیا لەبەر ئەوەی حەزە سێکسیەکانت تێر بکەیت؟

ئایە لەبەر قسەی خەلک هاوسەرگیری دەکەیت، ئایا باوەڕت وایە کە هەموو کەس دەبێت ئەو کارە بکات و تۆش هەروەها.

بێگومان هەریەک لەمانە بە تەنیا ناتوانێت بەلگەیەکی سەلمێنەر بێت بۆ هاوسەرگیری. دەبێت هەرکەس بۆ هاوسەرگیری هۆکارێک و بەلگەیەکی بەهێزی هەبێت تا بۆ دەسپێک و بەردەوامی ژیانی هاوبەش پالنەر بێت بۆی. ئەگەر من و تۆ بۆ هاوسەر گیریمان هۆکاری بەهێزمان نەبێت ئەوا خۆڕاگری لە بەرامبەر سەختی و دژواریەکانی ژیانی هاوبەش، زۆر قورسە و لەوانەیە زووتر لەوەی بیری لێدەکەینەوە بکەوینە بیری جیا بوونەوە.

ئێمە پێش ئەوەی لە هزری خۆماندا بۆ هۆکاری هاوسەر گیری بگەڕێین دەبێت مەبەستمان لە ژیان بدۆزینەوە، بۆچی ئێمە لەم دونیایەداین؟ ئامانج لە بوونی ئێمە لەم دونیایەدا چییە؟ لەکاتی هاتنە دونیا تا مردن بەدوای چیدا دەگەڕێین، خواردن، خەوتن، چێژ وەرگرتن، پارەو دارایی، ناوبانگ، .....؟

ئایە کەسێک باشتر لەوەی کە ئێمەی دروست کردوە دەتوانێت وەڵامی بوونی ئێمە لەم دونییایە بداتەوە؟ وەک ئەو سازندەی کە ئامێرێک دروست دەکات زیاتر لە هەموو کەس دەتوانێت بڵێت ئەو ئامێرە چییە و بۆچی دروست کراوە.

بەکورتی ئامانج لە دروست بوونی ئێمە و بوونی ئێمە لەم جیهانەدا تەنیا شتێکە و بەس:

" گەشە کردن و پێگەیشتن لە ڕێگەی خوا پەرستییەوە "

ئێمە هاتووین کە بە ڕەفتاری ژیرانە و کردەوە بە فەرمانەکانی خوا و ڕەفتارکردن بە پێی نەخشە و پیلانی خوا، ڕێگای گەشە و پێگەیشتن دەبڕین و هەر گەڕانێک بەدوای ئامانجێکی تردا، کە لەم ئاراستەیەدا نەبێت، بە دڵنییای بە لاڕێدا ڕۆشتنە و پەشیمانی بە دواوەیە.

ئێستا بۆچی هاوسەرگیری ئەکەین؟ هاوسەرگیری واتە دۆزینەوەی هاوڕێیەکی شیاو و گونجاو بۆ بڕینی ڕێگای گەشە و پێگەیشتن، چونکە ڕێپێوانی گروپی بەومەرجەی هاوڕێکەت گونجاو بێت، زۆر لەسەرکەوتنەوە نزیکترە.

کەوابوو ئەگەر باوەڕی ئێمە وایە کە ئێمە هاتووین تا لە ڕێگەی خوا پەرستییەوە پێبگەین و گەشە بکەین، ئەوا دەبێت هاوڕێکەشمان بۆچونێکی ئاوا ڕاستی هەبێت، ئەگەر وانەبێت ناتوانێت هاوڕێیەکی گونجاو بێت، لەوانەشە لەباتی ئەوەی یارمەتیت بدات، لەڕێگەی پێگەیشتندا، بەڵکو زیانیشت پێبگەیەنێت و ببێتە هۆی خاو بونەوە و وەستانت.

بەلام بۆچونی ڕاست بە واتای چییە؟ بۆ چوونە ڕاستەکان کامانەن؟ بە کورتی بۆ چوونی ڕاست واتە ئەوەی کە باوەڕمان هەبێت ئەم جیهانە خوایەکی هەیە و ئێمە لەخۆوە دروست نەکراوین، هەموو شتێک لەدەستی خوادایە و هەموومان پێویستمان بەو خوا هەیە، هەموو باشیەکان بە دەستی ئەوە و ئەگەر ئەو نەیەوێت ئێمە ناتوانین هیچ خراپەیەک لە خۆمان دوور بخەینەوە. پێغەمبەرەکان لە لایەن ئەو خوا دلۆڤانەوە هاتوون تا ڕێگای خۆشبەختی و پێگەیشتنمان پیشان بدەن و ئێمە لە گومڕاهی دەربهێنن. باوەڕی ڕاست ئەوەیە کە باوەڕ بەوە بکەیت هەموو شتەکانی ئەم جیهانە مادی نین دوای ئەم جیهانە زیندوو بونەوە و ژیانێکی دیکە هەیە، ڕۆژی دوایی و بەهەشت و جەهەننەمێک هەیە، چارەنوسی ئێمە لە ژیانی هەمیشەیمان، لەم جیهانە کاتییەی ئەمرۆدا دەنوسرێت. ڕەفتارە باش و خراپەکانمان لەم جیهانە تۆمار دەکرێت و خوا ئاگای لە کردەوە کانمانە. تاوان و کاری خراپ و بێ فەرمانی خوا دەبێتە هۆی ڕووخانی ئێمە و بێبەش بوون لە پاداشتەکانی خوا و کردەوە بە فەرمانەکانی خوا دەبێتە هۆی بەرز بونەوە و گەیشتنمان بە لوتکە. مرۆڤ هەر کارێک بکات ناکامەکەی بۆ خۆی دەگەڕێتەوە. وەفاداری و خیانەت، ڕاستی و درۆ، خۆشەویستی و ستەم، خێر و شەڕ، هەموویان بۆ مرۆڤ دەگەڕێنەوە.

هاوسەری داهاتووی تۆ تا هەر ڕێژەیەک خاوەنی بۆ چونی ڕاست و دروست بێت ئەوا ژیانی تۆ ئاسوودەتر و ئامانجدارتر و شیرینتر دەبێت.

بەڵام پرسیار لێرەدایە کە، لەوانەیە زۆر کەس بە قسە، خۆیان بە خاوەنی باوەڕی ڕاست و حەقخواز دابنێن. بەڵام لەکوێوە بزانین کە ڕاست دەکەن؟ وەڵامەکە لێرەدایە کە، بەروبومی باوەڕی ڕاست و دروست، ڕەفتارەکانی ئیمەیە. واتە کارکرد و ڕەفتارەکانی ڕۆژانەی هەر کەس پیشانی دەدات کە ئەو کەسە بۆچوونی ڕاست و دروست یان نا دروستی هەیە. ئەم هەموو پێشەکیەمان باس کرد تا بگەینە ئەو ڕاستیەی کە هاوڕێیەتی کچ و کوڕ تەنانەت بە مەبەستی هاوسەرگیریش نیشانەی بۆچوونی نا دروستە.

کاتێک کوڕێک بە مەبەستی هاوسەرگیری پێشنیار دەکات بە کچێک کە(وەرە با ماوەیەک هاوڕێ بین) ئەمە واتە لاوازی بیر و بۆچوون، واتە باوەڕی نییە کە ئەم پەیوەندیە لە لایەن شەیتانەوە کاری لەسەر دەکرێت. واتە باوەڕی نییە کە شەیتان سوێندی خواردووە کاتێک کوڕ و کچێک تەنیان ئەو کەسی سێهەم بێت. واتە باوەڕی نییە ئەو پەیوەندیە لەگەڵ ئەو حەز و مەیلی دوو ڕەگەزی بەرامبەرە و ئەویش لە لوتکەی لاوێتیدا، چ هەڵخزانێکی گەورەیە بۆ کەوتنە ناو داوی تاوان.

واتە لەبەر ئەوەی بە گشتی پێشنیاری هاوڕێیەتی لەلایەن کوڕەوە دەکرێت و کوڕەکان داوا لە کچ دەکەن بۆ هاوڕێیەتی، کەوابوو هوشداری دەدەم بە هەموو کچەکان کە: بە ڕەچاوکردنی

ئەوەی باسمان کرد، ئەو کوڕەی پێشنیاری هاوڕێیەتی و پەیوەندی پێش هاوسەرگیریت پێ دەدات، زۆر جار کەسێکی شیاو نییە بۆ پەیوەندی و هاوسەرگیری و ئەو کەسەی کە هەڵگری بیر و باوەڕی نادروستە هەموو ڕەفتارێکی نادروستیشی لێ دەوەشێتەوە.

**٤- خیانەت لە سپاردەدا**

یەکێک لەو شتانەی کە دەبێتە هۆی ناخۆشی و دڵ شکان و ئازاری ڕۆحیمان، خیانەتە. بۆ هەر کەسێک قورسە کە بزانێت هاوسەرەکەی خیانەتی لێکردووە، کاتێک پیاوێک بزانێت خێزانەکەی لەگەڵ پیاوێکی تردا پەیوەندی هەیە ولە نەبوونی ئەودا خیانەتی لێ دەکات یەکسەر بەسەر یەکا دەڕوخێت. تەنانەت ئەگەر بزانێت بیر و هۆش و دڵ و چاوی بە دوای کەسێکی ترەوەیە، هەموو جەستەی پڕ ئەبێت لە ڕق و نەفرەت.

کاتێک ژنێک دەزانێت پیاوەکەی بە دوای ژنی دیکەوەیە، کاتێک دەزانێت بگات بە هەر ژنێکی جوان قسەی لەگەڵ دەکات و پەیوەندی پێوە دەکات. لە ڕوی ڕۆحیەوە بە قورسی تێک دەشکێت و هەست دەکات هەموو بوونی بەهەدەر ڕۆشتوە و بێوەفایی هاوسەرەکەی لە ناخەوە دەیڕوخێنێت.

وەک ئەوە وایە خۆڕسکانە ئێمە لە خیانەت بێزارین. تەنانەت ئەو کەسانەش کە لەکاتی سەڵتیدا خەریکی تاوان و خیانەت بوون، حەز دەکەن لەگەڵ کەسێک هاوسەرگیری بکەن کە بە هیچ شێوەیەک خیانەت نەکات و وەفادار بێت بە ژیانی هاوبەش.

تەنانەت زۆر کەسێک لە گفتوگۆی کاتی خوازبێنیدا، بە ئاشکرا ڕای دەگەیەنن کە لە خیانەت بێزارن و لەوە دەترسن لە ژیانیاندا ڕوربدات وەدەیانەوێت دڵنیا ببن، ئەو کەسەی هاتووە بۆ خوازبێنی یان خوازبێنی ئەکرێت خیانەت نەکات یان خیانەتکار نەبێت.

هەموو ئەم دڵە ڕاوکێ و دڵ گرانی و ڕق و نەفرەتانە سروشتین. بەڵام ئەو پرسیارەی لێرەدا دێتە پێشەوەو ئەوەیە کە: ئایە ئەگەری ئەوە نییە، کەسێک کە ئەمڕۆ خیانەت دەکات، بەیانیش هەر خیانەت بکات؟ بەڕێزم، ئایە ئەو کچەی ئەمڕۆ تۆ لە زانکۆ، شوێنی کارت، سەرشەقام،.... بینیوتە و پێشنیاری هاوڕێیەتیت پێداوە سپاردەی باوکی نییە؟ ئایە باوکی لەو پەیوەندییەی تۆ لەگەڵ کچەکەی ڕازییە؟ مرۆڤی ئەمین ئەو کەسەیە کە لە هەر سپاردەیەک، بە مۆڵەتی خاوەن سپاردە کە سوود وەربگرێت.

خاتونی بەڕێز، تۆ سپاردەی باوک و دایکتی، ئایە وەڵامی بەڵێ بە کوڕێک کە پێشنیاری پەیوەندی و هاوڕێیەتی و گفتوگۆ و چوونە دەرەوە و چوون بۆ کۆفی شۆپ و خواردنی نانی ئێوارەت پێ دەدات، نیشانەی خیانەت نییە لە سپاردە و سوود وەرگرتن بەبێ مۆڵەتی خاوەن سپاردەکە؟

بۆ ئەو کورە تەلەفۆنێک بۆ ماڵتان ناکات و لە باوکت ناپرسێت کەابەڕێز ... ، من ئەمرۆ کچەکەتانم بینی و حەزم لێی بوو، دەمەوێت ماوەیەک ببمە هاوڕێی و ئەگەر ڕێککەوتین و بۆیەک گونجاوبوین دەمەوێت هاوسەرگیری بکەین؟)

ئایە ئەو هاوڕێیەتیەی کە بە گشتی بە دزی و بە بێ ئاگاداری و ڕەزامەندی باوک و دایک دروست و بەردەوام دەبێت، خیانەت نییە لە سپاردەدا؟ کچە باشەکان لەم بارەوە بیربکەنەوە. ئایە ئەو کوڕەی کە پێشنیاری هاوڕێیەتیتان بۆ دەکات کەسێکی ئەمینە و خیانەت کار نییە؟ چ گرەنتییەک هەیە کەسێک کە ئەو بیرو باوەڕ و ڕەفتار و کردارەی هەیە لە دوای تۆ، تەنانەت دوای هاوسەرگیری لەگەڵ تۆ، پێشنیار بۆ کەسی تر نەکات. ئایە دەکرێت لە قسە و بەڵێنەکانیەوە بیناسیت یان لە ڕەفتارەکانییەوە؟

لێرەدا خاڵێکی تر دێتە پێش. لەوانەیە کوڕێک بڵێت:" من هاوڕێیی کچێکم و خێزانەکەشیان ئاگادارن و ڕازین". زۆر باشە، بەڵام ئەی خوا چی؟ ئەم کچە لە ئاستێکی بەرزتر و قوڵتردا سپاردەی خوایە، چونکە هەموو شتێک هەر هی خوایە. ئایە خوا مۆڵەت دەدات لەگەڵ ئەو کچە ماوەیەک هاوڕێ بێت و قسە بکەیت و پێبکەنیت و ....؟

**٥- دروستبوونی بواری تاوان و تەشەنە و هاندانی شەیتان**

شەیتان بونەوەرێکی ڕاستەقینەیە، بەڵام نەبینراوە. ئەفسانە و خەیاڵ نییە، بونەوەرێکی ڕاستەقینەیە کە بە پێی فەرموودەکانی خوا لە قورئاندا، بەردەوام مرۆڤ بۆ تاوان و لە ڕێ لادان و کاری خراپ هان دەدات. هەرچی کەسەکە زیاتر هەوڵ بدات پاک و ڕاست و دروست بژی و تاوان نەکات، ئەوا شەیتان زیاتر هەوڵی لەگەڵ دەدات، شەیتان بۆ فریودان و ناچارکردنی مرۆڤ بە تاوان

کردن داو و فریو و فێڵ و تەڵەکەی زۆری هەیە. ناسینی ئەم فێڵ و تەڵەکە و داوانە و بە گشتی دوژمنناسی لە سەرکەوتنی مرۆڤدا زۆر کاریگەرە.

یەکێک لە داوە گرنگ و سەلمێنراوەکانی شەیتان، تەنیا بوونە لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر. شەیتان سوێندی خواردووە لە هەر جێگەیەک کچ و کوڕ یان ژن و پیاوێکی بێگانە پێکەوە بن ئەو کەسی سێهەم بێت. لە لایەکی ترەوە یەکێک لە فێڵ و تەڵەکەکانی شەیتان بۆ تێوە گلانی مرۆڤ لە تاوان ئەوەیە کە مرۆڤ وردە وردە ئەباتە پێشەوە و هەنگاو بە هەنگاو ئەیخاتە تاوانەوە. کاتێک بە کچ و کوڕێک دەڵێین؛ ئەو پەیوەندییە شەیتان چاوی تێبڕیوە و بواری هەڵخزان و تاوانە، یەک یان هەردووکیان پێداگرن لەسەر ئەوەی کە ئەو پەیوەندییە پاکە و گفتوگۆیەکی سادەیە و بە مەبەستی هاوسەرگیریە و پێداگرن کە:" ئێمە مەبەستی خراپمان نییە، تەنیا دەمانەوێت بە کەمێک هاتووچۆ و گفتوگۆ، یەکتر بناسین و بزانین ئایا شیاوین بۆ هاوسەرگیری لەگەڵ یەکتر یان نا."

ڕاستەیەکەی ئەوەیە کە شەیتان ئا لەم پاساوە سوود وەردەگرێت و وردە وردە خاوت دەکاتەوە.

کچ و کوڕی خۆشەویست، من گومانم لە مەبەست و بڕیاری ئێوە نییە، ئێوە باشن بەلام شەیتان خراپە، من لە ئێوە ڕەشبین نیم، بەلام زۆر بەدگومانم لە شەیتان، من باوەڕم نییە ئێوە لەسەرەتاوە مەبەستی خراپ و ناپاکتان هەبێت، بەلام شەیتان

هەرگیز چاکەی ئێوەی ناوێت، ئێوە بە مەبەستێکی پاکەوە ئەکەونە داوی شەیتان.

کچ و کوڕێک هاوڕێیەتی پاکی خۆیان دەست پێ دەکەن، لەسەر کورسی زانکۆ دادەنیشن و پێکەوە قسە دەکەن: باسی بیر و بۆچوون حەز و زەوق و ڕەوشت و خاڵی بەهێز و لاوازی خۆیان دەکەن، ڕۆژ بە ڕۆژ بە ئارامی و لەسەر خۆ لە گفتوگۆدا زیاتر دەکرێنەوە و زیاتر نزیک دەبنەوە، هەندێک کات یەکێکیان قسەیەکی خۆش دەکات و ئەویتر پێ دەکەنێت، کەم کەم شەرمیان نامێنێت پێشنیاری دواتر، پێکەوە خواردنی شتێکە وەک قاوە، نیسکافە یان ئاومیوەیەک، وردە وردە نزیک تر دەبنەوە و قسەی خۆش و پێکەنین زیاتر دەبێت، یەکێکیان خۆشەویستی دەر دەبڕێت و گوڵێک دەکڕێت و پێشکەشی دەکات، پەیوەندییەکان گەرم و گوڕتر و لێک نزیک بونەوە زیاتر دەبێت، پێکەوە دەچنە دەرەوە، لە تاکسیدا پێکەوە دادەنیشن، پێیان ناخۆش نییە ئەگەر کەمێک لەیەکیش بدرێن، شەرم کمتر دەبێت، هەندێک کات دەستیان لەیەک دەدرێت، وردە وردە شەیتان یەکێکیان هان دەدات کە بڵێت:" دەمەوێت دەستت بگرم، بێگومان مەبەستی خراپم نییە."

زۆربەی ئەو کەسانەی توشی تاوان بوون هەرگیز لە سەرەتاوە مەبەستی تاوانیان نەبوە و تەنیا ویستویانە پەیوەندییەکی پاکیان هەبێت.

سالانیک پێش ئێستا کچێک بە نیگەرانیەکی زۆرەوە هات بۆ ڕاوێژ بۆلای من و داوای یارمەتی لێکردم، بەسەرهاتەکەی بەم شێوەیە بوو:

" نزیکەی دوو ساڵ پێش لەگەڵ دایک و باوکم دەنگە دەنگ و دەمە قاڵەیەکی توندمان بوو، لەکۆتایدا لێیان تۆرام و خەرجی خۆمم جیا کردەوە، نهۆمی سەرەوەی ماڵەکەمان ژوورێک و گەرماو وە تەوالێتێکی بچووک بوو، چومە ئەوێ و وازم لە باوک و دایکم هێنا. دەهاتم لە خوارەوە خواردنم دەبرد و هیچ پەیوەندیەکم بە دایک و باوکمەوە نەما، ئەوانیش دڵیان شکا بوو، بەڵام گوێم پێ نە دەدان، تەنانەت لە ئازاردانیان چێژم وەردەگرت، بەلام لەو تەنیاییە بێزار بوم، تەلەفۆنێکم بۆ خۆم بردە نهۆمی سەرەوە، پەیوەندیم بە ژمارەی کەسانی نەناسراوەوە دەکرد. بەڵام هیچ قسەیەکم نە دەکرد، ئەگەر کوڕێکی لاو بوایە قسەم نە دەکرد و دایشم نەدەخستەوە. ئەو کات ژمارەی تەلەفۆنەکەرەکە، دەر نەدەکەوت و کەسیش نەی دەزانی کە کێیە تەلەفۆن دەکات، وردە وردە زیاتر ڕوم کرایەوە، کە کوڕێکی لاو جوابی بدایەتەوە بە هێواشی قسەم لەگەڵ دەکرد، ماوەی چوار مانگ تێپەڕی وردە وردە لەگەڵ کوڕێک پەیوەندیەکەم پتەو بوو. ئێستا بە دەنگی بەرز و بەبێ شەرم، قسەم لەگەڵ دەکرد، ئەوکات تەنیا مەبەستم ئەوە بوو کە لە تەنیایی دەربچم، تەنیا ئەوە. بەڵام وردە وردە خووم پێوە گرت و پەیوەست بووم پێوەی و خۆشمویست، بۆیەکەم جار پێشنیاری کرد پێکەوە بچینە دەرەوە منیش ڕازی بووم، چوین بۆ پارک، وردە

وردە لە یەک نزیک بوینەوە، هەموو ڕۆژێک دەچوینە دەرەوە. بانگهێشتی کردم بۆ ماڵی خۆیان، منیش وەک گەمژە ڕازی بووم، کێشەکە ئەوەیە کە ئێستا چوار مانگە سکم پڕە و نە باوکم دەزانێت و نە دایکم. هاوڕێ کوڕەکەشم لەژێر هەموو شتێک دەرچوە و خۆی بزر کردوە و جوابی تەلە فۆنیش ناداتەوە، بۆ خاتری خوا، تۆ پێم بڵێ من چی بکەم؟"

بڕوانە، ئەم کچە لە بنەڕەتدا کچێکی خراپ نەبوە، باوەڕت هەبێت خراپ نەبوە. بەڵام شەیتان زۆر فریودەرە و هەنگاو بە هەنگاو ئەوی بردە پێشەوە. ئەگەر ڕۆژی یەکەم کە تەلەفۆنی بۆ ئەو کوڕە کرد، پێمان بگوتایە کە ئەو پەیوەندییە هەڵەیە، لەوانە بوو هەزاران پاساو بهێنێتەوە کە(مەبەستی خراپم نییە، بۆ کات بەسەر بردنە، بۆ نەهێشتنی تەنیاییە، تەنیا پەیوەندیەکەی تەلەفۆنیە، پاکە و بەمەبەستی هاوسەرگیریە و ئاگاشم لە خۆمە)، دەبێت ئەوە پەسەند بکەین کە پەیوەندی کوڕ وکچ ئەگەرچی بە مەبەستێکی پاکیش دەست پێبکات، شەیتان چاوی تێبڕیوە و ڕەخسێنەری بواری خزین و تاوانی زۆرە. بەڵام بە هێوری و لەسەرخۆ.

هەرگیز بیرت نەکردۆتەوە کاتێک حەزرەتی یوسف لەگەڵ زولەیخا تەنیا مایەوە و زولەیخا پێشنیاری ئەنجامی تاوانی بۆکرد، بۆچی یوسف هەوڵی نەدا ڕێنوێنی و ئامۆژگاری بکات، مەگەر ئەو پێغەمبەر نەبوو. ئەی پێغەمبەرانیش بۆ ڕێنوێنی کردنی خەڵک نەهاتوون؟ بەڵێ، بەڵام لەوێ لەگەڵ بێگانەیەک تەنیا بوو، جێگای ڕێنوێنی و ئامۆژگاری نەبوو، بەڵکو یوسف ڕایکرد. ئەو قارەمانی

ڕەوشت و پاکی و خۆپارێزی بوو، بە هەموو هێز و توانایەوە ڕایکرد، لە شوێنی تاوان دوورکەوتەوە. ئەی بۆ ئێمە خۆمان بە هەڵبژاردنی خۆمان، ئەچینە شوێنی خزین و تاوان کردن، ئامادەکاری هاوڕێیەتی لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر دەر دەبڕین؟

**٦- دەرەنجامی ناخۆش(باری لار ناگاتە ماڵ)**

زۆربەی ئەو کەسانەی کە هاوڕێیەتی پێش هاوسەرگیری هەڵ دەبژێرن مەبەستیانە لەگەڵ کەسێک هاوسەرگیری بکەن کە باشتر و زیاتر دەیناسن و خۆشیان دەوێت، تا لە کۆتایدا ژیانێکی خۆش و شیرینیان هەبێت و بە خۆشی و بەختەوەری ژیانێکی هاوبەشی پڕ لە خۆشەویتی ببەنە سەر.

ئەم کۆمەڵە کەسانە ئەڵێن:" ئەگەر بەشێوەی کۆن هاوسەرگیری بکەین و لە ڕێگای خوازبێنیەوە هاوسەر بدۆزینەوە، ئەوا یەکەم؛ وەک پێویست یەکتر ناناسین و ئەگەری تێکچوونی ژیانی هاوبەشمان زیاتر دەبێت، دووەم حەزم نییە لەگەڵ کەسێک کە خۆشم ناوێت هاوسەرگیری بکەم و ئەمەوێت ژیان لەگەڵ کەسێک دەست پێبکەم کە بەو پەڕی عەشقەوە خۆشم ئەوێت "، لەسەر ئەم بابەتە لە کۆتایی ئەم پەڕتوکەدا باس ئەکەین.

وەڵام ئەوەیە کە، مەگەر هەموو شتێک بەدەس خوا نییە. وەک؛ بەردەوامی ژیانی هاوبەش، گرم و گوری، خۆشەویستی و بەختەوەری و خۆشبەختی؟ ئێستا کەوایە نایە دەکرێت ئەو خۆشبەختی و بەختەوەری و گەرم و گوڕیە، بە پەیوەندییەک

دەست پێبکەین کە خوا پێی خۆش نییە؟ با زیاتر بابەتەکە بکەمەوە.

فەرمودەیەکی ئیمام حسێن سڵاوی خوای لێبێت کە لە ژیانی ئەمڕۆدا زۆر بەکار دێت و جێگەی خۆیەتی هەمیشە لە بیرمان بێت.

بەڕێزیان ئەفەرموون:" من حاول آمرا بمعصیه الله کان آفوت لما یرجوا و آسرع لما یخاف."

هەرکەس بە دوای ئامانجێکەوە بێت لە ڕێگای تاوان و نافەرمانی خوداوە، زیاتر لەوەی کە بە هیوایەتی لە دەستی ئەدات و خێراتر لەوەی کە لێی ئەترسێت ڕودەدات.

براکانی یوسف ویستیان خۆشەویست بن(لای باوکیان خۆشەویست بن) بەڵام ئەو ڕێگای هەڵیانبژارد، ڕێگای درۆ و ستەم و لە چاڵنانی یوسف بوو. سروشتیە هەموو شتێک پێچەوانە بویەوە. هیوایان وابوو کە بە لەناو بردنی یوسف خۆیان خۆشەویست بن. بەڵام زیاتر نەفرین کران. ئەترسان خۆشەویستی یوسف زیاتر ببێت و وەهەمان شتیش ڕوی دا.

ئەگەر کەسێک بیەوێت دەوڵەمەند و پارەدار ببێت تا بە دوای ئەودا خۆشی و چێژ وەربگرێت واتە(ئامانجی سەرەکی ئەو چێژ و خۆشێ و ئاسوودەی بێت)، بەڵام بیەوێت لە ڕێگای درۆ و فێڵ و تەڵەکەوە بگات بەو ئامانجە. ئەوا دۆخەکە پێچەوانە دەبێتەوە، واتە لەوانەیە دەوڵەمەند ببێت، بەڵام بە دڵنیایی چێژ و خۆشی و ئاسودەییەکەی کەمتر دەبێت. لە ڕاستیدا واتا و ناوەڕۆکی

فەرمودەکەی ئیمام حوسێن ئەوەیە کە: هەرکەسێک بیەوێت لە ڕێگای گوناح و تاوانەوە بگات بە ئامنجێک ئەوا بۆی پێچەوانە دەبێتەوە.

کوڕ وکچێک کە دەیانەوێت بۆ چێژ و خۆشی و بەختەوەری زیاتر(ئامانجی سەرەکی)، ماوەیەک پێش هاوسەرگیری پێکەوە هاوڕێ بن(شێوازێکی هەڵە)، بە کردەوە دژی ئامانجەکەی خۆیان هەنگاو دەنێن واتە ئەو هاوسەرگیریە کەیان بە تاوان و ناپاکی و ئەوەی خوا پێی خۆش نییە دەست پێ دەکات. ئەوا ئەمانە خێر لە خۆیان نابینن و بە دڵنیایی چێژ و شیرینی و بەختەوەری کەمتریان دەست دەکەوێت. داوات لێدەکەم ڕۆژێک بچیتە دادگای خێزانی لە شارەکەی خۆتان و دەرەنجامی ئەو هاوسەرگیریانە ببینیت کە بە هاوڕێیەتی و خۆشەویستی و پەیوەندی عاشقانەی پێش هاوسەرگیری دەستیان پێکردووە و بە گشتیش بە کێشە و ناخۆشی و نارەزایەتی یەکێک لە دایک و باوکەکانی دوو لایەنەکە ئەنجام دراوە، دواتر ورد ببەرەوە کە چەند لە سەدی ئەو کەسانە خۆشبەخت و بەختەوەر بوون؟ سەیر بکە دوو ساڵ دواتر ئەم ژیانە چۆن دەبێت؟ سەرت سوڕ دەمێنێت کە زۆربەی ئەمانە بە ژیانێکی تاڵ و ناخۆش و سەرەنجام جیابونەوە کۆتای دێت.

ئەگەریش ئامانجی هەموو ئەم هاوڕێیەتیانەی پێش هاوسەرگیری کە دوای یەک یان دوو ساڵ هاوڕێیەتی و ناسینی هەردوو لا لەیەکتری تەواو و بە وردی ئەنجام بدرێت و ژیانیان بە خۆشەویستیەکی زۆرەوە دەست پێبکات. چاوەڕوانی سەرەتایی لێی

ئەوەیە کە دەبێت ژیانی ئەمانە بەردەوامتر و پتەوتر و جوانترین ژیان بێت، بەڵام بە گشتی پێچەوانەی ئەم بۆچونە ڕوو دەدات.

**٧- زیانەکانی کاتی خوێندن**

پەیوەندی کچ و کوڕێک کە ڕۆژ بە ڕۆژ یان باشتر بڵێین دەم بە دەم زیاتر و ڕاشکاوتر دەبێت. زیاتر لە هەموو شتێک چڕ بونەوە و بیرکردنەوەی مرۆڤ تێک دەدات.

مرۆڤ لە ڕوی دەروونناسیەوە لەسەر شتێک زیاتر چڕ دەبێتەوە کە حەزی لێیەتی.

هەرچی چڕ بونەوە لە سەر بابەتێکی تایبەت زیاد ببێت، بەبێ خواستی خۆت ڕێژەی چڕ بونەوە لەسەر بابەتەکانی دیکە کەم دەبێتەوە. ئەو کچ و کوڕە لاوەی کە لە لوتکەی سۆز و هەڵچون دان، ئەو پەیوەندییە ئەوەندە خۆش و شیرینە کە هەموو مێشکیان پڕ دەکات. تا کاتێک پێکەوەن کە بە تەواوی دڵیان لای یەکە و کاتێکیش پێکەوە نین هەموو مێشکیان پڕە لە بیر و خەیاڵی خۆشەویستەکەیان. یان پەیوەندی و گفتوگۆی دوێنێیان بە مێشکیانا دەڕوات یان لە بیری بەیانیدان کە چۆن دەرکەون و چێ بڵێن. ئەم چڕ بونەوە و ئاڵۆزی هزرە ئەوەندە توندە کە بواری بۆ چڕ بونەوە لەسەر چالاکی ڕۆژانە ناهێڵێتەوە.

کوڕ و کچێک کە لە ئامادەی یان زانکۆ دەخوێنن، بە هیچ شێوەیەک ناتوانن مێشکیان لەسەر وانەکان چڕ بکەنەوە و بێمەیلن بۆ خوێندنەکەیان، کاتێک بە خۆیاندا دێنەوە و دەبینن کاتێکی

زۆره چاویان لەسەر دیرێک وەستاوه و له خەیالی خۆشەویستەکەیاندان. ئەم خەیاڵ ڕۆیشتنه و چڕ بونەوه، بە دلنیاییەوه دەبێته هۆی دابەزینی ئاستی توانای خوێندنیان. له کاتێکدا که ئەم لاوه دەبێت له لوتکەی توانا و چالاکی دا بخوێنێت و داهاتویەکی سەرکەوتوو بۆ خۆی ڕێک بخات، بە داخەوه به هۆی ڕێکخستنی پەیوەندیەکی هەڵه و نابەجێ هەموو شتێک تێک دەدات. زۆرجار بینیومانه که کچ و کوڕی زۆر زیرەک هەبوون و هەموو دەوروبەریان داهاتویەکی بێوێنەیان بۆ پێشبینی کردوون، بەرپرسانی قوتابخانه یان زانکۆ ستایشی توانا و لێهاتووی ئەوانیان کردوه و خێزانەکەشیان هیوای زۆریان به سەرکەوتنی منداڵەکانیان هەبوه. بەڵام به داخەوه لەو کاته زۆر چارەنووس ساز و هەستیارەدا هەموو شتێک تێک دەچێت، ئەم کوڕ و کچه دەیان توانی له بەشێکی زۆر باشتر و شیاوتردا وەربگیرێن و زۆر پێش بکەون. بەڵام .....

زۆرترین ترس و دڵەڕاوکێ لەم بارودۆخەدا له خۆشاردنەوه و هەوڵدان بۆ شاردنەوەی پەیوەندی و ئازاری ویژدان به هۆی تاوانەوه سەرچاوه دەگرێت، که ئەم خالانه لەو کچ و کوڕانەدا بوونی نییه که لێک مارە کراون، هەر بۆیەش ئەگەر ئەمان توشی دابەزینی ئاستی خوێندن ببن به ڕێژەی ئەوان نییه.

من خۆم بینیومه که کوڕێکی به توانا و زیرەک له بەشێکی تەکنیکی دەیخوێند دوای سێ ساڵ و کەمێک خوێندن لەگەڵ کچێک بوو به هاوڕێ دوای ماوەیەکیش بوونه خۆشەویست و

پاشان لێک جیا بوونەوە. کوڕەکە چەند جارێک کەوت و لە کۆتاییدا، کە تەنیا یەک دوو کۆرسی خوێندنی مابوو تا ئەندازیاریەکەی تەواو بکات لە زانکۆ دەرکرا و هەرگیز نەیتوانی بگات بە ئامانجەکەی.

**٨- زیان لە کار و پیشەدا**

هاوڕێیەتی پێش هاوسەرگیری نێوان کچ و کوڕ، بۆ کوڕەکان لێکەوتەیەکی دیکەیشی هەیە، کە ئەویش زیان بەرکەوتنی پیشەییە، لەسەر بنەمای ئەوەی کە لە زیان لێکەوتنەکانی خوێندن باسمان کرد، ئەو کوڕەی کە لە شوێنێک خەریکی کار کردنە، مەیلی بە کار کردن نییە و خەیاڵ و حەز و بەڵێنی چاوپێکەوتن مەیلی کار کردنی لا ناهێڵێت. وردە وردە چالاکی کارەکەی ناڕێک دەبێت و درەنگتر دێتە سەر کار و زوتر خۆی دەدزێتەوە. بە هەزار بەهانە واز لە کارەکە دەهێنێت تا بچێت بۆ ژوانەکەی(هاوڕێ کچەکەی ئێواران کەمتر دەتوانێت بچێتە دەرەوە لەبەر ئەوە کاتی چاوپێکەوتنەکان بەیانیان وە دوانیوەڕۆیان دیاری دەکات، ئەویش دەبێتە هۆی بەجێهێشتنی کارەکە)، بەردەوامی ئەم شێوازە ناڕێکە لە کارکردندا، بێمەیلی و بێتاقەتی و حەز نەکردن بە کار وردە وردە دەبێتە هۆی لە دەست دانی پیشەکەی. هەمووی ئەمانە لە بارودۆخێک دایە کە کوڕەکە لە سەرەتای ژیان و بەرپرسایەتی خۆی دایە و دەبێت بۆ ڕێکخستنی ژیانێکی سەرکەوتوو، داهاتویەکی ڕون ئەوپەڕی هەوڵ و تێکۆشان و چڕ بونەوەی هەبێت

و کار بکات و کار بکات و کار بکات. بەڵام ئەو کارەی کە لەوانەیە زۆر بەسەختی دەستی کەوتبێت بە ئاسانی لەدەستی دەدات و دواتر خەفەتی بۆ دەخوات.

کوڕێکی لاو دەیوت:" بەهۆی ناسراوێکمەوە کە زۆر منی خۆش دەویت لە کۆمپانیایەکی بازرگانیدا دەستم بە کار کرد. بەو پەڕی ڕاستگۆیی و ئەمانەتداری و بە قورسی کارم دەکرد و زۆر زوو گەشەم کرد، منیان کرد بە بەرپرسی کڕینی کۆمپانیاکە. پلەیەک کە لەڕوی متمانە و ناوبانگ و داهاتەوە زۆر لاوێکی هاوتەمەنی من با ئاواتیەوەبون. هەر لەوکاتانەدا کچێکم ناسی بەڵام ئەو کچە لە هیچ ڕویەکەوە لەمن و خێزانەکەم نەدەچوو. نە لە ڕوی دارایی و کەلتوری و ئایدۆلۆجیشەوە.

بەڵام من گوێم نەدایە ئەو بابەتانە و ڕۆژ بە ڕۆژ پەیوەندیەکەم زیاتر و زیاتر کرد، ئەویش منی زۆر خۆشدەویست. بۆ ڕاگرتنی ئەو پەیوەندییە زۆر زۆرم بۆ خەرج دەکرد. دیاری وەهام بۆ دەکڕی لەوانەیە کەمتر کوڕێک بۆ هاوڕێ کچەکەی بکڕێت، پەیوەندی سۆزداریمان پتەوتر و پتەوتر بوو، وەهام لێهات حەزم دەکرد شەو و ڕۆژ لەلای بم. بەناوی کڕین بۆ کۆمپانیاکە دەهاتمە دەرەوە و یەکسەر دەچوم بۆ لای ئەو. ئەگەر لە کۆمپانیاش بمامایەوە ئەوا بەردەوام سەرقاڵی گفتوگۆی تەلەفۆنی بوم لەگەڵ ئەودا، بە کورتی ئەوەندە ئاویتەی خۆشەویستی ببوم کە بەردەوام پلەکەم لە شوێنی کارەکەمدا خراپ و خراپتر دەبوو، بەرپرسیاریەتی کڕینی کۆمپانیەکەیان دا بە کەسێکی تر، منیش چیدی بەهانەم نەبوو تا

بێمە دەرەوە، وازم لە کارەکەم هێنا. دواتریش ئەو پەیوەندییە ئەنجامێکی نەبوو. هاوڕێیەتیەکەمان کۆتایی پێهات، ئەوەیش بەلایەک، بۆ ماوەیەکی دورودرێژ ئەو ڕوداوە برینێکی قوڵی خستە ناو دڵمەوە.

سالانێک تێپەڕی من هاواسەرگیریم کرد، ئێستاش منداڵم هەیە کارێکی زۆر باشم نییە، کرێچیم و بە زەحمەت ژیانم دابین دەکەم، ئێستا کە بیر لە ڕابردوو دەکەمەوە ئەبینم کە تەنیا دوو بۆ سێ ساڵ ئەو کارەم بە ڕاشکاوی ئەنجامدا، ئەگەر ئەو پەیوەندییە شوومە ڕوی نەدایە، ئێستا ژیانێکی جیاوازم دەبوو و زۆر سەرکەوتوو دەبووم. هەرکاتێک بیرم دێتەوە لە ناخەوە خەفەتی بۆ دەخۆم، بەڵام کەڵکی چییە ڕابردوو ناگەڕێتەوە."

ئەم ڕووداوە و ڕووداوی لەم چەشنە بەسەر زۆرێک لە کوڕەکان هاتووە کە پەیوەندی پێش هاوسەرگیریان هەبووە.

**٩- زیانە داراییەکان**

یەکێک لە کاریگەریە خراپەکانی هاوڕێیەتی پێش هاوسەرگیری بە تایبەت بۆ کوڕەکان زیانی داراییە. کوڕەکان بە گشتی لە کاتی لاویەتیدا کە ئەو پەیوەندییەیان هەیە دەکەونە سێ بارودۆخەوە: یان هێشتا خەریکی خوێندنن یان سەربازن یان بە دوای کاردا دەگەڕێن، یان تازە دەستیان کردووە بە کار و لەسەرەتای پیشەکەدان و هێشتا دۆخی کارکردنیان بە شێوەیەک نییە کە

داهاتێکی گونجاویان هەبێت. ڕێکخستنی هاوڕێیەتی لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر بە دڵنیای پێویستی بە پارە هەیە.

ئەگەر کوڕەکە ئۆتۆمبێلی خۆشی نەبێت ئەوا هاتوچۆ کردنیش بە تەکسی پارەی پێویستە، ناکرێت لەگەڵ هاوڕێی کچدا بە پاس هاتوچۆ بکەیت، هەندێک کات کۆفی شۆپ و نانی ئێوارە و پیتزایش پێویستە، لانی کەم دیاریەکیش بۆ دەربڕینی خۆشەویستی و عەشق، بە بۆنەی جەژنەوە یان ڕۆژی لەدایک بوون یان هەر بۆنەیەکی ترەوە پێویستە. کچان بەگشتی پێیان خۆشە کوڕەکان پارە خەرج بکەن و بە هیچ شێوەیەک بۆیان گرنگ نییە کە توانای دارایی کوڕەکە لە چ ئاستیک دایە و تەنیا ئەوەی کە پارەیان بۆ خەرج بکەن هەستێکی باشیان دەبێت. کوڕەکانیش هەربۆ ئەوەی زەردەخەنە و ڕەزامەندی کچەکە ببینن و یان "سوپاس ئازیزم"یان بەرگوێ بکەوێت، هەموو کارێک دەکەن و چی پێویستە دەیکرن و پارە خەرج دەکەن. لە لایەکی تریشەوە کوڕەکە بۆ ئەوەی ڕواڵەتەکەی لە چاوی کچەکەوە جوان و خۆشەویست و کەشخە بێت هەوڵ دەدات پارەیەکی زۆر بۆ کڕینی جل و بەرگی مارکە و مۆد خەرج بکات. ئەمە کەمترین خەرجییە کە لە بەڵێننامەیەکی نە نوسراودا دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کوڕانەی کە دەیانەوێت ببنە هاوڕێی کچ و لەو هاوڕێیەتییە بەردەوام بمێننەوە. دەتوانرێت زیاتر لەمەش خەرج بکرێت و دڵی کچەکە زیاتر ڕابکێشرێت. کوڕەکان ئەزانن کە بۆ ئەوەی پارەی کەمتر خەرج بکەن دەبێت هۆشی کچەکە بە لاڕێدا ببەن و بەردەوام بابەتەکە بگۆڕن، وانەبێ کچەکان

لەکاتی هاتنە دەرەوەدا هەست بە برسیەتی دەکەن و زۆریش تینویانە، لەبەردەم فرۆشگایەکی پێڵاو و جانتا دەوەستن و تەماشای دەکەن و بە کوڕەکە دەڵێن کە چەندە حەزیان لەو جانتایە یان چەندە دڵیان لای ئەو پێڵاوەیە یان پێیان دەڵێن کە هەفتەی داهاتوو ڕۆژی لە دایک بونیانە، پێیان دەڵێن کە ساڵی پار چ دیاریەکی بەنرخیان لە کوڕێ خاڵیان یان کوڕی مامیان وەرگرتووە، بێگومان بەدوای مۆبایلێکی باشیشدا دەگەڕێن و هەروەها باڵانسی تەلەفۆنەکەیان تەواو بووە.

سەیر لێرەدایە کە کوڕەکان بە گشتی لەم بوارەدا ناسراوییان هەیە.

- ئەگەر کیبۆردی کۆمپیوتەرەکەت کێشەی هەیە بیدە بە من. هاوڕێیەکەم کاری چاککردنەوە دەکات، بەچەند کاژێرێک دروستی دەکاتەوە و باسی پارەکەشی هەر مەکە، ئەو هاوڕێمە و پارە وەرناگرێت (کام هاوڕێ؟ کام چاککردنەوەی بەلاش).

ئەمە هەمووی لەبەر ئەوەیە کە کوڕەکان پێیان خۆشە لایەنی بەرمابەریان ڕابگرن ئەم پشتیوانی و دابینکردنە هەستێکی باشیان پێدەدات. تەنانەت ئەگەر پێویست بێت بەو هۆیەوە بکەونە ناو ئەرکێکی زۆریشەوە.

بڕوانە، هەموو ئەم پارە خەرجکردنە دەخرێتە ئەستۆی کوڕەکە، کە تازە دەستی کردووە بە کار کردن یان هێشتا کاری دەست نەکەوتووە و باوکی پارەی دەداتێ. لەم بارودۆخەدا کە دەبێت کوڕەکە داهاتە کەم و بێنرخەکەی پاشەکەوت بکات یان ئیشتی

پێبکات و دەست مایەیەک بۆ داهاتووی خۆی پێکەوە بنێت دەبێت بە بەکارهێنەرێک کە بەردەوام بێ پارەیە. ئەمەیش واتا زیانی دارایی کە هاوتەریبە لەگەڵ پەستانی دەرونی، کە دواتر زیاتر باسی لێدەکەین.

بێگوومان لە ڕێژەیەکی زۆر کەمدا ئەم زیانە داراییە لە کچەکەش دەکەوێت چونکە هەندێک کات ناچار دەبێت لە وەڵامی دیاری کوڕەکەدا، ئەویش دیاریەکی پێبدات و ئاگاداری جل و بەرگ و جانتا و پێڵاوی خۆشی بێت تا بەردەوام جوان و سەرنج ڕاکێش بمێنێتەوە.

**١٠- پەستانی دەرونی- دەنگە دەنگ و ئاژاوەی خێزانی- دزی**

کوڕێک کە بۆ پشتگیری و دابینکردنی پێویستی هاوڕێ کچەکەی و سەلماندنی توانا و دەوڵەمەندی خۆی زۆر پێویستی بە پارە و دارایی هەیە(بە تایبەت ئەگەر بێکار بێت یان داهاتی کەم بێت) ئەوا لە ژێر پەستانێکی دەروونی و ڕۆحی گەورەدایە. لە دایک و باوکی داوای پارەی زیاتر دەکات، ئەوانیش لە خۆیان ئەپرسن بۆچی ئەم کوڕە کە خەرجیەکی ئەوتۆیشی نییە ئەوەندە پارەی پێویستە. بە گشتی دەڵێن:

- نیمانە، ناکرێت.

یان لە کوڕەکە داوای ڕونکرنەوە دەکەن.

- پارەکانت چی لێدەکەیت؟

کوڕەکەش کە ناتوانێت هاوڕێیەتی کچەکە ئاشکرا بکات لەبەر ئەوەی دایک و باوکی ناڕازین و لۆمەی دەکەن و لێی توڕە دەبن، لە هەمان کاتیشدا هەست دەکات ئەو داوای ڕونکردنەوەیە زیان بە شکۆی لاویەتی دەگەیەنێت. وردە وردە دەست دەکات بە دەنگە دەنگ و بۆڵە و شەڕ و تۆران. هەندێک کات بە شێوەیەک ڕەفتاری توند دەنوێنێت تا بگات بەو پارەیەی کە پێویستیەتی هەندێک کاتیش بە بەهانە و پاساو دەهێنێتەوە کە:

- ئێستا کە پارەم پێنادەن منیش ناخوێنم، نوێژ ناکەم، نایەمەوە بۆ ماڵەوە و.....

تا بەو چەشنە دایک و باوکی ڕازی دەکات. هەرچەند هەمیشە ئەم شێوازە کاریگەر نابێت و دژایەتی و پێداگری دایک و باوک ئەو دەخەنە ژێر گوشاری زیاتر و خۆیشی دەزانێت کە بە تۆران هیچی بۆ ناکرێت هەربۆیە هەندێک کات دەست دەکات بە هەڕەشە کردن و تا ئەو جێگەی کە دایکی بترسێنێت و پارەی بداتێ.

بێگوومان هەمیشە کوڕەکان داوای پارە ناکەن، بەڵکو داوای توانای دارایی دەکەن کە یەکێک لەو توانا داراییە گرنگانە ئۆتۆمبێلەکەی باوکیەتی. کوڕەکە باش دەزانێت کە ئەگەر بە ئۆتۆمبێلەکەی باوکی بچێت بە دوای کچە هاوڕێکەیدا چەند هەست بە شکۆ و گەورەی دەکات و چەندە تێچوەکەی کەم دەبێتەوە و شوێنێکی زۆر بێدەنگیشی بۆ دەڕەخسێت.

لێرەشدا دژایەتی باوکی کە لەوانەیە لە ڕەفتاری کوڕەکەی گوومانی پەیدا کردبێت دۆخەکە بۆ کوڕەکە مەترسیدارتر دەکات،

پەستانی دەرونی و ڕۆحی دەگاتە لوتکە. بەهەر ئەندازەیەک کە هاوڕێیەتی لەگەڵ کچەکە عاشقانەتر و نزیکتر دەبێت، بەو ئەندازە لە دایک و باوکی دور دەکەوێتەوە و ڕقی لێیان دەبێتەوە، تا وای لێدێت کە ئارەزووی مردنی باوکی دەکات و مانەوەی هاوڕێ کچەکەی.

کارەسات بارتر ئەوەیە کە کاتێک درۆکانی کوڕەکە بۆ وەرگرتنی پارە و ئۆتۆمبێل کاریگەری نامێنێت و پێویستی دارایی و خۆڕاگری خێزانەکەی زیاتر دەبێت، شەیتان هانی دەدات بۆ دزیکردن. جێی باوەڕ نییە، بەڵام ئەو کوڕە باش و ئەرێنیەی دوێنێ، ئەمڕۆ لە بیری ئەوەدایە بەدزییەوە پارە لە گیرفانی باوکی دەربهێنێت و زێڕی دایک و خوشکی بدزیت و بیان فرۆشێت، لە دڵی خۆیدا دەڵێت ئەوان وادەزانن کە وون بووە.

بڕوانە ئەم پەستانە داراییە کوڕەکە لەو لاویەتیەدا چەند توشی قەیرانی دەرونی دەکات و دووچاری کێشەی لەگەڵ خێزانەکەی و ئەنجامدانی کاری نابەجێ دەکات.

ئەگەر ئەم کوڕە لە جێگەیەکیش کارێکی نیوە کاتی هەبێت ئەوا لە شوێنی کارەکەیشی دزی دەکات و وردە وردە ئەو دزە بچوکە ئەبێتە دزێکی گەورە.

**١١- لەدەستدانی تواناکان**

لاویەتی واتە کاتێک کە تواناکانی سروشتی مرۆڤ گەشە دەکەن. مەرجی گەشە کردنی ئەو توانایانە هەوڵی چڕوپڕ و

بەردەوامە. لەم ناوەدا هەرچەشنە دلەڕاوکێ و هەڵچوونێکی دەروونی دەبنە ڕێگر لەبەردەم کاریگەری ئەو هەوڵ و تێکۆشانە وە تەنانەت مرۆڤ لە هەوڵ و تێکۆشان ڕادەگرێت. بۆ جوڵەی کەشتی لە دەریادا دەبێت هەموو شتەکان لە کەشتیەکەدا بەشێوەیەکی کاریگەر ئیش بکەن. بەڵام ئەگەر دەریاکە نا ئارام و تۆفانی بوو ئەوا کەشتیەکە ناتوانێت بجوڵێت. هاوڕێیەتی کوڕ و کچیش دەریای سۆز و هەڵچوونی مرۆڤ بە توندی نا ئارام و ئاڵۆز دەکات و هەوڵ و چڕ بوونەوەی مرۆڤ توشی کێشە دەکات و تێکی دەدات. زۆر جار ڕوویداوە کوڕ و کچانێک کە توانا و لێهاتووی زۆریان لە بواری زانستی و هونەری و تەکنیکی دا هەبووە، بەڵام هاوڕێیەتی لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر هەموو ئەو تواناییانەیان خنکاندوە و لەناویان بردووە.

**١٢- ئالودە بون بە تاوان و لەدەستدانی سەرمایەی مەعنەوی**

گەرچی هەندێک پێداویستی ژن و پیاو یان کوڕ و کچ یەکسانە، ئەم دوو بوونەوەرەی خودا پێداویستی جیاوازیشیان هەیە یان لانی کەم هەندێک پێویستی لە ڕەگەزێکەوە بۆ ڕەگەزەکەی دیکە زیاترە. بۆ نموونە لە ژنان یان کچاندا پێویستی سۆزداری زیاتر و بەهێزترە و لە پیاوان یان کوڕاندا پێویستی ڕەگەزی و سێکسی بەهێزترە. ئەمەش بەو واتایە نییە کە پیاوان پێویستی سۆزدارییان نەبێت و ژنانیش پێویستی ڕەگەزی و سێکسی، بەڵکو بەو شێوەی کە باسمان کرد پێویستی سۆزداری لە ژنان وە پێویستی سێکسی

لە پیاواندا زیاترە، پەیوەندی نێوان کوڕ و کچ هەردوکیان لە گفتوگۆ و پێکەوە بوون تێردەکات. لە ڕاستیدا تا رادەیەک وەلامی پێویستی سۆزداری دەدرێتە وە، بە تایبەت کچان سوودی زیاتر وەردەگرن لەم وەلامە، بەلام پێویستی سێکسی کە لەهەمان کاتدا دەوروژێت، بێ وەلام دەمێنێتەوە. لەم کاتەدا کورەکە لە ژێر پەستانێکی زیاتر دایە ئەگەر نەتوانێت یان نەیەوێت ڕەخنە لە هاوڕێ کچەکەی بگرێت و پەیوەندیەکی زیاتری لەگەڵ هەبێت بە شێوەیەکی دیکە دەکەوێتە تۆڕی تاوانەوە.

کوڕەکە بۆ رزگار بوون لەم پەستانە ڕەگەزییە بە داخەوە دەست دەکات بە خۆڕازی کردن، ئەو ڕەفتارەی کە بەداخەوە بە هۆی دووبارە بونەوە دەبێت بە خوویەکی ناشیرین و هەمیشەیی و کوڕەکە بەردەوام لە ژێر مەترسی ئەم تاوانە گەورەدایە، ڕەفتارێک کە جگە لە تاوان بوون، وردە وردە دەبێتە هۆی نەخۆشی نهێنی و ئاشکرای زۆر، کە بەزۆری لە تەمەنی لاویەتیدا سەر هەڵ دەدات وەک لاوازی مێشک و دەمار، شل بونەوەی ماسولکە یان توانەوەی ماسولکە، لاواز بونی جەستەیی، لاواز بوونی چاو و... بەڵام توش بوون بەو خووە ناشیرینە لە کوراندا زیانی زۆر دەگەیەنێت بە ڕەفتاری سێکسی کورەکە لە دوای هاوسەرگیری، بە شێوەیەک کە ئەو پیاوەی کە لە کاتی لاویدا ئالودە بووە بەم تاوانە، ناتوانێت چێژ وەربگرێت لە خەوتن لەگەڵ هاوسەرەکەی و هێزی سێکسی لاواز دەبێت، کە لیرەدا ناتوانم لەوە زیاتر شیبکەمەوە. زیانی گەورە دەگەیەنێت بە پەیوەندی هاوسەری و ئەم کێشە گەورەیە زیان

دەگەیەنێت بە ڕۆح و دەروونی ژنەکەش. بە چەشنێک کە، ئەگەر کوڕەکە مۆڵەت بەخۆی بدات کاری وا ناشیرین بکات کە داوای پەیوەندی نابەجێ لە هاوڕێ کچەکەی بکات و کچەکەش خۆی بدات بەدەستەوە، ئەوا هەردووکیان ئالودە دەبن بە تاوان و گوناح کردنەوە.

پاکی و پاکیزەیی بە گرنگترین سەرمایەی مەعنەوەی هەر لاوێک هەژمار دەکرێت کە شەیتان وەک دزێک چاوی بڕیوەتە ئەو سەرمایەی مرۆڤ. هەوڵی زۆر دەدات بۆ دزینی. شەیتان زۆر زیرەکانە ئەو کارە دەکات، لەسەرخۆ و بە پشوو درێژی سەرەتا هزری کەسەکە ئالودە دەکات و دواتر (بیر کردنەوە لە تاوان) دواتر وردە وردە زمانی ئالودە دەکات (پێشنیاری نهێنی و ئاشکرا بۆ تاوان) و لە کۆتاییدا دەست و دامێنی لاوەکە ئالودە دەکات.

هاوڕێیەتی کوڕ و کچ هەرچی زیاتر بەردەوام بێت، بەو ئەندازە سەرمایەی مەعنەویان زیاتر لە دەست دەچێت و هەرچی سەرمایەی مەعنەوی ئەم کوڕ و کچە بە هۆی ئەو پەیوەندییەوە لەدەست بچێت، بەو ئەندازە مەیل و ڕاکێشانیان بۆ کار و باری مەعنەوی وەک نوێژ و ئامادە بوون لە کۆبوونەوەی مەعنەوی کەمتر دەبێتەوە، وەک ئەوەی ڕۆژ بە ڕۆژ لە خوا دوور بکەونەوە و لە شەیتان نزیکتر بکەونەوە. خاڵێکی ناخۆشتر ئەوەیە کە ئەم کوڕ وکچە، ئەگەر هاوڕێیەتییەکەیان نەگات بە هاوسەرگیری دواتر کە بەم تاوانانەوە، کە بێگوومان ئەیشارنەوە، لەگەڵ کەسێکی تر

هاوسەرگیری دەکەن و بەو دەستەی کە تا دوێنێ پیس بووە بە تاوان، دەستێکی تر دەگرن ونەوازشی هاوسەرەکەیانی پێ دەکەن.

## ١٣- بەفیڕۆدانی تەمەن و لەدەستدانی کات(بە فیڕۆ دانی لاویەتی)

لاویەتی دەورەیەکە کە، تیایدا وزە و توانای مرۆڤ لە لوتکە دایە و مرۆڤ لە هیچ کاتێکی تردا ناتوانێت بە زیاترین توانای خۆی بجولێت، ئێستا ئەگەر مرۆڤ کەلە زۆرترین تونا و شیاوی خۆیدایە، کەمترین سوود وەربگریت، ئەوا تەنیا زیانی نەبینیوە، بەڵکو شتی زۆر بەنرخی لەدەست داوە، یەکێک لە کاریگەرییە خراپەکانی هاوڕێیەتی کچ و کوڕ هەر ئەم لەدەست دانی تەمەن و بەفیڕۆ دانی کاتەیە. چونکە لەم دەورەدا ئەم دوو عاشقە یان پێکەوەن یان لەبیری یەکتریدان، و بەگشتیش بەو چەشنە نییە کە پێکەوە دانیشن و بخوێننەوە و کاری توێژینەوە ئەنجام بدەن یان خەریکی خوا پەرستی بن، بەڵکو زۆربەی کات سەرقاڵی ڕابواردنن کە ئەوان تا لێواری هەڵدێری گوناح و تاوان و تێوەگلان ڕادەکێشیت. لەوانەیە ئێوەی کچ و کوڕی لاو کە ئەم نوسینە دەخوێننەوە ئەم لەدەستدانی کات و تەمەنە زۆر بە گرنگ دانەنێن. بەڵام بێگومان کاتێک گەورە بون و لاویەتیەکەتان نەما و چونە ساڵەوە، وردە وردە واتای ئەو لەدەست دانە تێدەگەن و جەستەتان پڕ دەبێت لە خەمی ئەو لەدەست دانە.

## ١٤- بۆچونی خراپ و بەدگومانی کەسانی تر

بینینی پەیوەندی کچ و کوڕ زۆر جار دەبێتە هۆی بۆچونی خراپ و بەدگومانی کەسانی تر. واتە ئەو کەسانەی کە کچ و کوڕەکە پێکەوە دەبینن هەرچەند بە وتەی خۆیان پەیوەندیەکی پاکە و تەنیا بۆ گفتوگۆ و پێکەوە بونە. بۆچونی خراپ لەسەر ئەم دوانە دروست دەبێت. گەرچی ئەو بۆچونە بەدگومانیش نییە و ئەوان بە ڕاستی خەریکی تاوانن.

ئێستا لەوانەیە یەکسەر بڵێیت:" خەڵک چۆن دەیانەوێت با وا بیر بکەنەوە، بۆ من گرنگ نییە کە خەڵک چ گومانێکیان هەیە و چی لەبارەی منەوە دەڵێن." لە وەڵامدا پێویستە بڵێم کە ئەو بۆچونە ڕاستە کە، مرۆڤ نابێت گوێ بداتە لێکدانەوەی خەڵکی. بەڵام بەو مەرجەی کەسەکە کارکردێکی باشی هەبێت وە کارێک نەکات ببێتە هۆی بەدگومانی. بۆ نمونە ئەگەر کەسێک کە لەسەر شەقامەکە دەڕوات و لەبەر پێستە ڕەشەکەی، کە لەوانەیە بەهۆی نەخۆشی گورچیلەوە بێت، خەڵک وابزانن کە ئالودەیە بە مادەی هۆشبەر، ئەوە گرنگیەکی نییە. بەڵام ئەگەر من سێ هاوڕێیی نزیکم هەبێت کە هەرسێکیان ئالودە بن بە مادەی هۆشبەر، سروشتییە کە هاوڕێیەتی ئەوان دەبێتە هۆی ئەوەی کە خەڵک لەسەر من بە نێگەتیڤ بیر بکەنەوە منیش وەک ئەوان دابنێن. تەنانەت ئەگەر من پاک بم و ئالودەش نەبم. لێرەدا هۆکاری بەدگومانیەکە خۆمم.

له راستیدا من دەبێت لەو ڕەفتارانەی کە دەبنە هۆی لێکدانەوەی نێگەتیڤی خەڵک خۆم بپارێزم و دواتر گوێ نەدەمە قسەی خەڵکی. کەوابوو هاوڕێیەتی لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر کارێکی باش و پۆزەتیڤ نییە، تا من بڵێم (خەڵک چۆن بیر دەکەنەوە با بیکەنەوە من بۆم گرنگ نییە) هەر ئەو بۆچونە خراپ و بەدگومانییە دەتوانێت هەل و پێگەی من لەناو بەرێت. بۆ نمونە کوڕێک کە پێشتر کچێکی بینیوە و دەیەوێت بەم زوانە بە ڕەزامەندی و هاوڕێیەتی خێزانەکەی بچێت بۆ خوازبێنی، کاتێک ڕۆژی دواتر ئەو کچە لەگەڵ هاوڕێ کوڕەکەی ببینێت یان لە کەسێک لە ئەندامانی خێزانەکەی لەو بارەوە شتێک ببیستێت، ئەگەر چی ئەو پەیوەندییە پاک بێت و تەنیا لە ئاستی گفتوگۆ و بەمەبەستی هاوسەرگیریش بێت. بەڵام لێکدانەوە و بۆچونی نێگەتیڤی بەدواوەیە و خۆیشی و خێزانەکەشی لەو بڕیارە پاشگەز دەبنەوە. یان ئەگەر کوڕێک بەیانی بچێت بۆ خوازبێنی کچێک کە پێشتر ئەو لەگەڵ کچێکدا بینراوە ئەگەری کەمە کچ و خێزانەکەی ڕازی ببن بەو هاوسەرگیریە. بە کورتی ئەگەر تۆ مەبەستێکی خراپت نییە و کچێکی بێڕەوشت و تاوانکار نیت بۆچی بە پەیوەندییەکی هەڵە خۆت دەخەیتە بواری بەدگومانی کەسانی دیکە و داهاتوی خۆت دەخەیتە مەترسیەوە؟

## ١٥-کەم بونەوەی حەزی کوڕەکان بۆ هاوسەرگیری و بەرزبونەوەی تەمەنی کچان

یەکێک لە لێکەوتە خراپ وسەرەکیەکانی هاوڕێیەتی پێش هاوسەرگیری ئەوەیە کە حەز و مەیلی کوڕ بۆ هاوسەرگیری کەم دەکاتەوە. بمانەوێت یان نەمانەوێت یەکێک لە پاڵنەرەکانی کوڕان بۆ هاوسەرگیری و پێکهێنانی ژیانی هاوبەش هەست بە پێویستی کردنە. کاتێک لە پەیوەندی بە کچێکەوە نیازی سۆزداری و دەرونی و بەداخەوە هەندێک کات نیازی سێکسی یان ڕەگەزی کوڕێک بەراورده دەبێت. ئیتر ئەو حەز و مەیلەی بۆ هاوسەرگیری نامێنێت و لەم بارودۆخەدا ناچێتە ژێر باری بەرپرسایەتی و تێچوی ژیانی هاوبەشەوە. ئاساییە بە هەر ئەندازە حەزی کوڕان بۆ هاوسەرگیری کەمتر ببێت، بەو ڕێژەیە تەمەنی کچەکان دەچێتە سەرەوە و شانسی هاوسەرگیریان کەم دەبێتەوە، جێی داخە هەندێک کات هەندێک لە کچان بۆ ئەوەی شانسی هاوسەرگیریان ببەنە سەرەوە، ڕازی دەبن بە هاوڕێیەتی کوڕ، تا بتوانن بە ڕێکخستنی ئەو هاوڕێیەتییە، بگەن بە مەبەستیان کە هاوسەرگیرییە. لە کاتێکدا هەرچی پەیوەندی کوڕ لەگەڵ کچەکە زیاتر ببێت تا ڕادەیەک پێویستییە جۆراوجۆرەکانی دابین دەبێت و حەز و مەیلی بۆ هاوسەرگیری کەم دەبێتەوە، لە ڕاستیدا کچان بەوەڵامدانەوە بۆ پێشنیاری هاوڕێیەتی کوڕان بە پێچەوانەی بەرژەوەندی خۆیان هەنگاو دەنێن و بێ ئەوەی بیانەوێت، خۆیان بێبەش دەکەن. لێرەدا کچێک دەمێنێتەوە کە سۆزداریەکەی

هەراج کراوە و پاکیەکەی زیانی بینیوە و سوودی خراپی لێوەرگیراوە.

ئەگەر ورد ببیتەوە، دەبینیت هەرچی هاوڕییەتی کچ و کوڕ لەکۆمەڵگایەکی بچوک یان گەورەدا زیاتر و ڕاشکاوتر بێت، بە هەمان ئەندازە تەمەنی هاوسەرگیری بەرز دەبێتەوە و هاوسەرگیری کەمتر ئەنجام دەدرێت. بۆ نمونە لە کۆمەڵگای ڕۆژئاوا، کە پەیوەندی کچ و کوڕ زۆر باوە و بەگشتی پەیوەندی سێکسیش فراوانە، هاوسەرگیری هیچ گرنگیەکی نییە و بە گشتی لەتەمەنی سەرەوەدا بۆ دور کەوتنەوە لە تەنیایی ئەنجام دەدرێت. بە پێچەوانە لە ئێران وە لە شارە بچوکترەکاندا، تەنانەت لە گوندەکاندا پەیوەندی کچ و کوڕ چ لەڕوی کلتوری و چ لە ڕوی ئاینییەوە بە شتێکی ناشیرین دا دەنرێت. بۆیە تەمەنی هاوسەرگیری کەمترە و حەز ومەیل بۆ هاوسەرگیری لە کوڕاندا زیاترە و بێگوومان کۆمەڵگاکەش تەندروستترە.

### ١٦- خۆشەویستییە درۆزنەکان ئەگۆڕێن بۆ هەڕەشە و تۆڵە سەندنەوە

ئەو هەوا و هەوەسە تاواناوییە کە هەندێک کوڕ و کچ بە عەشق و خۆشەویستی پاک و خەیاڵی پێناسەی دەکەن، زۆریش ناجێگیرە. نمونەی ئەو خۆشەویستە درۆیە، ئەوەیە کە لە زۆربەی کاتەکاندا دوای ماوەیەک لە خۆشەویستی، بۆ نمونە کچەکە دەڵێت ئەم پەیوەندییە دەبێت بە هۆکاری جیاواز بپچرێت(بۆ نمونە دەڵێت:

من وام بیرکردۆتەوە و دەبینم ئەم پەیوەندییە هەڵەیە یان خێزانەکەم ناڕازین یان ئێمە بۆ هاوسەرگیری پێکەوە شیاو نین یان من دەمەوێت لەگەڵ کەسێکی تر هاوسەرگیری بکەم)، کوڕەکە پێداگرە لەبەردەوام بوونی پەیوەندییەکە. بەڵام کاتێک دەبینێت کچەکە سورە لەسەر بڕیارەکەی و دەڵێت: ئیتر پەیوەندی بە منەوە مەکەرەوە لە ئێستاوە هەموو شتێک تەواو بووە، یەکسەر ئەو خۆشەویستییە بێوێنەی کوڕەکە دەگۆڕێت بۆ ڕق و تورەی و هەڕەشە و تۆڵە کردنەوە. بەو شێوە ڕوون دەبێتەوە کە هەر لە سەرەتاوە خۆشەویستییەک بوونی نەبوە و ڕەگ و ڕیشەی هەموو ئەمانە خۆپەرستی و هەوەس بازی بووە. ئەو کوڕەی تا دوێنی عاشقی کچەکە بوو دەست دەکات بە هەرەشە کردن کە:

- ئابڕوت دەبەم، لە شوێنی کارەکەت، لە شوێنی خوێندنەکت، وێنە و نامەکانت بڵاو دەکەمەوە و پیشانی هەموانی دەدەم و ئەگەر هاوسەرگیریش بکەیت هەموو شتێک بە هاوسەرەکەت دەڵێم. ژیانت لێ تاڵ دەکەم و ئابڕوت ناهێڵمەوە.

- دەتکوژم....تێزاب دەکەم بە دەمو چاوتدا و.....

خۆ ئەگەر مرۆڤ کەسێکی خۆش بوێت دەبێت خۆشبەختی و بەختەوەری ئەوی بوێت، چ لەگەڵت بێت یان لەگەڵت نەبێت.(بەڵام لە کوڕێکی وەهادا زیاتر لە هەموو شتێک خۆپەرستی و چێژ و بەرژەوەندی کەسی گرنگی هەیە)

- ئێستا کە من سوودێک نابینم ، ناهێڵم ڕۆژێکی خۆشت هەبێت.

# ئەگەر نەبێتە هۆی هاوسەرگیری

هاوڕێیەتی پێش هاوسەرگیری زیاتر لە دوو دەرەنجامی نییە: یان دەبێتە هۆی هاوسەرگیری یان نابێتە هۆی هاوسەرگیری.

هەرکام لەم دوو بارودۆخە لێکەوتەی نێگەتیڤی سەیر و سەمەرەی خۆی هەیە، سەرەتا ئاماژە دەکەین بۆ دۆخێک کە تێیدا پەیوەندییەکان بە هاوسەرگیری کۆتای نایەت، واتە ماوەیەک هاوڕێیەتی و لە پاشان کۆتایی دێت، کە ئەم ڕوداوە دوور نییە لە ڕاستییەوە و زۆربەی هاوڕێیەتییەکان نابنە هۆی هاوسەرگیری، ئێمەش لە دەوروبەری خۆماندا نمونەی زۆرمان بینیوە هۆکاری زۆر هەیە بۆ ئەوەی کە هاوڕێیەتی ئەم دوو ڕەگەزە بەرامبەرە نەبێتە هۆی هاوسەرگیری لێرەدا بە خێرای باسی چەند هۆکارێک دەکەین.

ا- هەندێک کات کچ و کوڕ ماوەیەک پێکەوە دەبنە هاوڕێ و دواتر بۆیان دەردەکەوێت کە بۆ یەک گونجاو و شیاو نین، بۆ ژیانی هاوبەش پێکەوە(لەم بارودۆخەدا کەمتر هردوو لاپێکەوە دەگەن بەم دەرەنجامە. بە گشتی یەکێکیان بۆچونێکی وای هەیە و دەگات بەو

دەرەنجامە. بەڵام ئەویتریان بۆچونی جیاوازە و پێداگرە لەسەر بەردەوامی هاوڕێیەتی و هاوسەرگیری.)

ب- هەندێک کات یەکێک لەم دوانە بە قسەی خۆیان نا پیاوی دەکات ودەکشێتەوە دواوە. بۆ نمونە دەڵێت دەیەوێت لەگەڵ کەسێکی تر هاوسەرگیری بکات و کەسێکی تری خۆشدەوێت یان دەڵێت باوک و دایکم ڕازی نین بەم کارە و من ناتوانم لەگەڵ تۆ هاوسەرگیری بکەم و دەبێت ئەم پەیوەندییە کۆتایی پێبێت.

ج- هەندێک کاتیش دوای ماوەیەک لە هاوڕێیەتی و ڕابواردن یەکێکیان کەموکوڕیەکی گەورەی لە هاوڕێکەیدا دەبینێت، یان خۆی دەیبینێت یان بەرامبەرەکەی دانیپێدا دەنێت. وەک نەخۆشیەکی درێژخایەن و بێ چارەسەر یان ئالوودە بوون بە مادەی هۆشبەر.

د- هەندێک کاتیش یەکێکیان بۆی دەردەکەوێت کە هاوڕێکەی تا ئێستا درۆی لەگەڵ کردوە و بە هیچ شێوەیەک بڕیاری نییە هاوسەرگیری لەگەڵ بکات و بەمەبەستی خراپ خۆشەویستی بۆ دەربڕیوە و لە هەمان کاتیشدا هاوڕێ و پەیوەندی فراوانی دیکەی هەیە.

ئەمانە چەند نمونەن، لە وانەشە چەندین نمونە و هۆکاری دیکەش هەبێت کە تۆ بیرت لێنەکردبێتەوە یان نەتبینیبێت. گرنگ ئەوەیە لە هەموو ئەم بارودۆخانەدا هاوڕێیەتی کچ و کوڕ بە هاوسەرگیری کۆتایی نایەت.

### ١٧- زیانە گەورەکانی سۆزداری

لەم بارودۆخەدا یەک یان هەردوکیان توشی بەرکەوتەیەکی سۆزداری زۆر گەورە دەبن. کچ و کورەکە دوو پارچە تەختە نین کە بڵێین ماوەیەک پێکەوە بن و دوای ئەوە هەرکەس بەرەو چارەنوسی خۆی بڕوات. هەندێک کات ئەم زیانە سۆزداریە گەورانە دەتوانێت لێکەوتەی گەورەتر و تاڵتری هەبێت، کە ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین.

### ١٨- خەمۆکی، ئالودە بوون بە مادەی هۆشبەر، خۆکوشتن، گرفتە سێکسیەکان

ئەو زیانە سۆزدارییە ڕوخێنەرانەی کە لە ئاکامی شکستی ئەو خۆشەویستییە ناڕاستانە ڕوودەدەن، هەندێک کات کارەساتی زۆر تاڵی لەگەڵدایە. خەمۆکی لە شێوەی لاواز و بەهێزدا وەک یەکەم زیانی سۆزداری سەرهەڵدەدات. کچ یان کوڕ هەندێک کات لە ئاکامی کۆتایی هاتنی پەیوەندییەکە، کە سەرمایەیەکی هزری و سۆزداری زۆریان بۆ تەرخان کردبوو، توشی خەمۆکی دەبن بە چەشنێک کە دۆخی بێهەستی و سڕ بوون دەیانگرێتەوە. حەز بە ئەنجامدانی کار و چالاکی ڕۆژانە ناکەن و هەموو شتێک بۆیان بێواتایە، حەزیان بە پەیوەندی لەگەڵ کەسانی تر و هاتووچۆ لەگەڵ خێزان و خزم و کەسیان نامێنێت، کەمتر لەماڵ دێنە دەرەوە و زیاتر لە ناو جێدا دەمیننەوە، هەرچەند ئەم دۆخە هەندێک کات کاتییە و زوو تێدەپەڕێت و زۆری پێناچێت کە دۆخەکەیان ئاسای

دەبێتەوە، لە زۆربەی کاتەکاندا ئەم خەمۆکییە زیاددەکات و کەسەکە ناچار دەبێت بۆ چەندین مانگ یان چەندین ساڵ چارەسەر وەربگرێت.

دووم لێکەوتەی ئەم زیانە سۆزدارییە لەوانەیە ئالوودە بوون بە مادەی هۆشبەر بێت، ئەو کوڕەی کە بەهۆی لەدەست دانی هاوڕێ کچەکەیەوە لەڕوی دەرونیەوە زیانی گەورەی بەرکەوتوە. بۆ شکاندنی ئەم ئازار و ناخۆشیە دەرونیە بە دوای ئازار شکێنێکدا دەگەڕێت.بەداخەوە لەم کاتانەدا،دەوروبەرەکەیان، یان بە هۆی نهێنیکاری کوڕەکە، یان پشتگوێخستن و گرنگی نەدانی خۆیان، لەوانەیە ئاگاداری ئەم بابەتە نەبن یان بە باشی هەڵسوکەوتی لەگەڵ نەکەن، لەم کاتەدا کوڕەکە بە لارێدا دەڕوات و لەڕاستیدا لە هەڵەیەکی بچوکەوە دەکەوێت هەڵەیەکی گەورەتر. بەتایبەت لەم کاتەدا کە پەنا دەباتە بەر هاوڕێکانی کە لەخۆی نەزانترن، لە کاتێکی وەهادا پێشنیاری پێدەکرێت کە بە بەکارهێنانی شتێک مێشکی خۆی ئاسوودە بکات. ئەویش کە بەدوای شتێکدا دەگەڕێت کە هزرە نەخۆش و مێشکە ئاڵۆزەکەی ئاسوودە بکات. ڕوودەکاتە بەکارهێنانی خواردنەوە و مادەی هۆشبەرەکان.

ئەمانە ئەفسانە و خەیاڵ نین. ئەمانە نانوسم تاوەک چۆن منداڵێک کە لە دێو و جنۆکە دەیترسێنن، منیش ئێوە بترسێنم. ئەمانە ڕاستییەکی ناخۆش و تاڵن کە لەم کۆمەڵگای ئەمڕۆی ئێمەدا ڕوو دەدەن، زۆرن ئەوانەی کە ئالودەن بە خواردنەوە و مادەی هۆشبەر..... کە هەموو ئەو ئالوودە بوونە لە پێناو

لەبیرکردنی شکستێک و زیانێکی سۆزداری دان. مەرج نییە هەمویان کەسانی نەخوێندەوار بوبن، هەرگیزیش بیریان نەدەکردۆتەوە کە ڕۆژێک بەو چەشنە ئالودە ببن، مادەی هۆشبەر و خواردنەوە کان، سەرەتا تەنیا بۆ ئەوە بوو کە بتوانن خۆشەویستە لەدەست چوەکەیانی پێ لە بیر بکەن. هەرگیز سەرەتا نەیاندەویست ئالودە ببن. بەڵام ئالوودە بوون. ئەمرۆکە من و تۆ بە چاوێکی بەزەییەوە سەیریان دەکەین، زیانی سۆزداری لە گروپێکی تردا کە بە داخەوە زۆرترینیان کچەکانن بە شێوەی خۆ کوشتن دەردەکەوێت. پەستانی دەرونی کە لەشکستی خۆشەویستی سەرچاوە دەگرێت ئەوەندە ئازاری دەدات، کە هەندێک کات بەداخەوە کۆتایی هێنان بە ژیانی خۆی وەک ڕێگە چارەیەک دەبینێت، هەرچەند هەندێک کات ئەم کارە بۆ ڕاکێشانی سۆزو بەزەیی کەسانی دەوروبەر ئەنجام دەدرێت(خەڵکینە بزانن من چەندە چارە ڕەشم) بەڵام بە داخەوە هەندێک کاتیش بە ڕاشکاوی دەبێتە هۆی کۆتایی هێنانی ژیانی لاوێک. لاوێک کە لە کۆتاییدا دەیتوانی لەوپەڕی خۆشیی و شادیدا، لێهاتوی و تواناکانی گەشە پێبدات. کەچی ئێستا بوەبە بونەوەرێکی بێسوود و ئالودە بە خواردنەوە و مادەی هۆشبەر یان بە کوشتنی خۆی خێزانەکەی جەرگ سووتاو دەکات.

بەڵام گروپێکی تر لەو کەسانەی کە دوای هاوڕێیەتی و پەیوەندیەکی خۆشەویستی بێ ئاکام، توشی زیانی دەرونی دەبن(بە تایبەت ئەو گروپەی کە ڕوبەڕوی خیانەتی بەرامبەرەکەیان

دەبنەوە) دەکەونە بیری تۆڵە سەندنەوە. ئەو کوڕەی کە هەست دەکات لەم پەیوەندیەدا دۆڕاوە و سوکایەتی پێکراوە، لە پێناو ئەوەی کە هێز وشکۆی خۆی بەدەست بێنێتەوە، بە شێوەیەکی شێتانە دەست دەداتە بەرەڵلاییەکی سێکسی. بەرق و قینێکی سەیرەوە هەوڵ دەدات تۆڵە لە هەموو کچەکان بکاتەوە و بەهەر فێڵ و تەڵەکەیەک بوە فریویان بدات و سوودی خراپیان لێوەربگرێت و دەستدرێژی سێکسی بکاتە سەریان. چێژ وەردەگرێت لەوەی کە ئازاری دەرونی کچەکان دەدات و دەستدرێژی سێکسی دەکاتە سەریان. لە ڕاستیدا تۆڵەی کەسێک لە هەمووان دەسێنێتەوە، وەک ئەوەی کە تورەییەکەی هەرگیز دانەمرکێتەوە، ئەگەر دوای ماوەیەکیش ئارام بێتەوە و ئەو زیانە خۆشەویستیەی بەتەواوی لە بیر بکات. هێشتا خووی بەو ڕەفتارە سێکسیەنابەجێیەی گرتوە.

ئەو هەستی تۆڵەسەندنەوەیە هەندێک کات لە کچاندا دەبێتە هۆی لەشفرۆشی و کاری بەد ڕەوشتانە. کچەکە بە تورەییەکی زۆرەوە نەک بۆ چێژ وەرگرتن. خۆی پێشکەشی هەرکەسێکی بەد ڕەوشت دەکات، هەندێک کات دەیەوێت بەم ڕەفتارەی خۆی تۆڵە لەو کوڕە بکاتەوە کە وازی لێهێناوە. بۆ نموونە بیەوێت تورەی بکات، هەندێک کاتیش ئامانجی لەو لەشفرۆشییە ئازار دانی ئەو پیاوە داوێنپیسانەیە کە خوازیاری ئەون و لەوانەیە زیاتر لەمە پێویست بە شیکردنەوە نەبێت. بەڵام تەنیا پێداگری دەکەم لەسەر ئەوەی کە ئەمانە خەیاڵ نین بەڵکوو ڕاستیەکن کە تەنیا بە

کەمێک ورد بونەوە و پرسیارکردن لەوانەی لە دادگا کاندا بەرپرس دەتوانیت ڕاستیەکەیت بۆ دەربکەوێت.

**١٩- لەدەستدانی هەل و هەڵکەوتەی باشی هاوسەرگیری**

لەو ساتەوە کە هاوڕێیەتی کچ و کوڕەکە دەست پێدەکات و تا کاتێک بەردەوامی هەیە، لەوانەیە هەلی باش بۆ هاوسەرگیری هەریرک لەم دوانە بێتە پێشەوە. بەڵام ئەم دووانە حەزیان لە یەکترە و بەهیوای ئەوەی پێکەوە هاوسەرگیری بکەن. بەختەوەری خۆیان لەوەودا دەبیننەوە کە هەر ئەم هاوڕێیە کە خۆشیاندەوێت ببێتە هاوسەریان. هەر بۆیە هەموو هەلەکانی تر پشتگوێ دەخەن و لەدەستیان دەدەن.

دایکێک بە کچەکەی دەڵێت کە کوڕێکی باش و شایستە سبەی دواینیوەڕۆ دێت بۆ داواکاریت، کچەکەیش کە بە نهێنی هاوڕێیەکی کوڕی هەیە، بە بیانوی جۆراوجۆر خۆی لێ دەدزێتەوە:

- من نامەوێت هاوسەرگیری بکەم، جارێ دەمەوێت بخوێنم.

یان پراسیار لە شێوە و تایبەتمەندی کوڕەکە دەکات و پێش ئەوەی بیبینێت، کەم وکوڕیەکی گەورەی لێ دەدۆزێتەوە.

- من نامەوێت.

دایکیشی کە ئاگای لە بارودۆخی کچەکەی نییە، سورە لەسەر بابەتەکە:

- کچم، بوەستە با بێت و بیبینیت، ئەگەر بە دڵت نەبوو ئەوکات بڵێ نابێ.

بەلام کچەکە، کەلە خەیاڵی خۆیدا لەگەڵ هاوڕێکەی هاوسەرگیری کردوە و ژیانی هاوبەشی پێکهێناوە، بەهیچ چەشنێک ڕازی نابێت.

لەولایشەوە دایکێک بە کوڕەکەی دەڵێت:

- کوڕم کچێکی باشم بینیوە، بابچین خوازبێنی بکەین، قسەی لەگەڵ بکە، ئەگەر باش و بە دڵت بوو ئەوا هەنگاوەکانی دیکە دەنێین.

کوڕەکەیش کە باسی هاوڕێ کچەکەی بۆ نەکردون، بە بیانوی جیاواز ڕەتی دەکاتەوە.

- من ئێستا دەمەوێت بەردەوام بم لە خوێندن. یان ئەگەر ئیش بکات دەڵێت جارێ با لە پیشەکەمدا بگەم بەو پلە. یان دەڵێت هێشتا زوە.

ئەو هەل و بارودۆخە باشانە بۆ هاوسەرگیری کە لەو ڕۆژانەدا، بەتایبەت بۆ کچەکە دێنە پێشەوە، ئەگەر هاوڕێیەتیەکەی بە هاوسەرگیری کۆتایی نەیەت، لەوانەیە جارێکی دیکە هەل و بارودۆخی وەهای بۆ پێش نەیەت و بە کەمتر لەوەیش ڕازی نەبێت. واتە ئەو کاتەی کچەکە لەگەڵ هاوڕێ کوڕەکەیدا بوە، یەک دوو داواکاری باشی(پلەی مامناوەندی ١٨) هەبوە و هەموویانی ڕەت کردۆتەوە و وەڵامی نێگاتیڤی داوەتەوە. ئێستا دوای دوو ساڵ کە هاوڕێیەتیەکەی کۆتایی هاتوە، داواکاری پلە نزمتر(پلەی مامناوەندی ١٥) ڕەت دەکاتەوە، بەخۆی دەڵێت:

- من ئەو داواکارە باشانەم هەبوو، ڕەتم کردنەوە، ئێستا شوو بەم کەسە بکەم کە هەر ناگاتە پەنجەیەکی ئەوان؟ سەد سالیش دانیشم شتی وا ناکام.

لەوانەیشە ئیتر داواکاری باش نەیەت. لەکاتێکی وەهادا تەمەنی کچە ساڵ بە ساڵ هەڵ دەکشێت و بەداخەوە شانسی شووکردنی کەم دەبێتەوە.

یان تەنانەت ئەو کوڕەیش کە کاتی خۆی دایکی کچێکی زۆر باشی بۆ دۆزیبووەوە و کوڕەکە ڕەتی کردەوە بچێتە داوای، لەوانەیە دواتر هەرگیز کچێکی بەو چەشنە باشی دەست نەکەوێت.

ئەمانەی دەیخوێنیتەوە چیرۆکی دەستکردی ئێمە نین، ئەگەر کەمێک پرسیار لە دەورو بەرەکەت بکەیت ئەوا ڕاستی ئەم شتانەت بۆ دەردەکەوێت. زۆربەی ئەو کچانەی کە ئێستا تەمەنیان زۆرە، لەکاتی خۆیدا داواکاری زۆرباشیان هەبوە، کە بە هۆکاری هەڵە و نابەجێ ڕەتیان کردونەتەوە و لەوانەیشە یەکێک لەو هۆکارە نابەجێیانە ئەوە بوبێت کە بەهیوا بون لەگەڵ هاوڕێ کوڕەکەیان هاوسەرگیری بکەن.

**٢٠- بەراوردکردن لەگەڵ هاوسەردا**

بیهێنە بەر چاوت، کچێک چەند ساڵێک لەگەڵ هاوڕێ کوڕەکەی ڕایبواردوە و دواتر پەیوەندیەکەیان تێکچوە و نزیکەی ساڵێک دواتر کوڕێکی دیکە هاتۆتە خوازبێنیی و هاوسەرگیریان کردوە. ئێستا ئەوەی لە مێشکی ئەودایە زۆر تاڵە. هزری کچەکە

بێ ئەوەی بیەوێت سەرقاڵی بەراود کردنی مێردەکەیەتی لەگەڵ هاوڕێ کوڕەکەی پێشوی. بەتایبەت کاتێک مێردەکەی بچوکترین هەڵەیەک بکات.

بڕوانە، هاوڕێ کوڕەکەی پێشوی ئەم کچە، بۆ ڕاگرتنی هاوڕێیەتیەکەی، بەردەوام و زۆر بە قوڵی خۆشەویستی بۆ دەردەبڕی، دەیوت:

- دەت پەرستم!! تۆ خوای منیت!!

هەروەها ئەو کوڕەی کە دەستی لە گیرفانی باوکیدا بوو یان ئیشێکی کەم داهاتی هەبوو، لەبەر ئەوەی بە ڕێوە بردن و بەرپرسایەتی خێزان و ماڵی لە ئەستۆ نەبوو بەبێخەمی پارەی بۆ کچەکە خەرج دەکرد(دیاری، پێڵاو، جانتا، جل و بەرگ، زێڕی بۆ دەکڕی لە بۆنە جیاوازەکاندا و دەیبرد بۆ گەڕان و پیاسەو ڕێستۆرانتی گران و....) بەڵام ئەمڕۆکە کە بوەتە پیاوی ماڵ و دەبێت خەرجی خێزانەکەی بە بەرپرسانە دابین بکات و هەموو لایەنەکانی لەبەرچاو بگرێت، ناچارە مامناوەند و بەرپرسانە و لەجێی خۆیدا پارە خەرج بکات و لە خۆشەویستیشدا هەر مامناوەند بێت و ڕاستگۆیی بپارێزێت، بەڵام بەداخەوە ئەو کچەی ئێستا بوەتە کابانی ماڵ و بەردەوام خەریکی بەراورد کردنە:

- یادی بەخێر دیاری چۆنم وەردەگرت... بەڵام سەیری دیاری مێردەکەم بکە! فڵانی چەندە منی خۆشدەویت و بەڵام ئەم بەڕێزە بە زۆر وەڵامی سڵاوەکەم دەداتەوە؟ فڵانی هەرگیز زۆری لێن

نەدەکردم بەڵام مێردەکەم هەندێک کات ڕەخنەم لێدەگرێت و زۆرم لێدەکات....

بەداخەوە یەکەم لێکەوتەی ئەم بەراورد کردنەی مێرد لەگەڵ هاوڕێ کوڕەکەی پێشوو بمانەوێت و نەمانەوێت دڵساردیی لێ دەکەوێتەوە. ئەو لە ژیان لەگەڵ مێردەکەی دڵسارده و هەوڵ دەدات زیاتر لەگەڵ بیرەوەریرکانی هاوڕێ کوڕەکەی پێشووی ڕۆژگار بباتە سەر. ئەم بەراوردە نابەجێ و هەڵەیە هەندێک کات دەبێتە هۆی بیانوو هێنانەوەی کچ(ژنەکە) و تەنانەت جیابونەوە و لێک ترازانی خێزانەکەی لێدەکەوێتەوە.

کارەساتاوی تریش ئەوەیە کە هەندێک کات شەیتان دەیخانە مێشکیەوە کە هەرچۆن بوە هاوڕێ کوڕەکەی پێشوی بدۆزێتەوە و لانی کەم هەندێک کات پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵدا بکات، بێگوومان شەیتان یەکەمجار پاساوی ئەوە بۆ ژنەکە دێنێتەوە کە((تەنیا دەمەوێت بیدۆزمەوە... ئەگەر هاوسەرگیری کردبێت پیرۆزبای لێبکەم و هەروەها پێی بڵێم کە منیش هاوسەرگیریرم کردووە)) بەڵام بەداخەوە ئەگەر دۆزییەوە وردە وردە زیاتر پەیوەندی دەکەن یان یەکتر دەبینن، بۆ نمونە دەردە دڵی بۆ دەکات و باسی خۆشەویستیەکانی پێشوویان دەکەن. هەرچی ئەم پەیوەندییە نهێنییە(کەم یان زۆر، ڕووبەڕوو یان بە تەلەفۆن) زیاتر بەردەوام بێت ئەوا دڵساردی ژنەکە و بێمەیلی بە ژیانی هاوبەش و مێردەکەی زیاتر دەبێت و بنەمای دژایەتی زیاتر دەبێت.

ئەم بەراورد کردنە لە ژیانی کورەکەشدا ڕوودەدات. کورێک کەپێشتر هاورێیەک یان چەند هاورێیەکی کچی هەبووە و وازی لەهەموویان هێناوە، ئێستا دوای ماوەیەکی زۆر چوەتە داوای کچێک و لەکۆتاییدا هاوسەرگیری لەگەڵ کردووە، بەڵام بیەوێت یان نەیەوێت دەست دەکات بە بەراورد کردنی هاوسەرەکەی لەگەڵ هاورێ کچەکەی پێشووی. ڕەوشتی، ڕەفتاری، وە تەنانەت ئەندامەکانی جەستەی بەراورد دەکات، ئاشکرایە کەلە ژیانی هاوبەشدا لە یەک خانوو دا لەوانەیە لاوازی و کەم و کوڕیەکان ئاشکرا بین کە لە زەمانی هاورێیەتی کچ و کورەکەدا هەرگیز دەرنەکەوتون یان نەبینراون. ئێستا کورەکە(پیاوەکە) ئەگەر بچوکترین لاوازیەک لە هاوسەرەکەیدا ببینێت دەکەوێتە داوی بەراورد کردنەوە. بۆ نمونە هەرکات لەگەڵ هاورێ کچەکەی ژوانی هەبوو دەیبینی کە زۆر جوان و ڕێک و کەشخە و بۆن خۆش و بە ئارایشێکی زۆرەوە کە لەوانەیە کاتێکی زۆری بۆ تەرخان کرابێت دەهات بۆ بینینی، بەڵام ئەمڕۆ لەوانەیە کەلە کارەکەی دەگەڕێتەوە ژنەکەی لە چێشت خانە سەرگەرمی چێشت لێنان بێت و بەراورد کردنێکی ڕواڵەتی و نابەجێ و دووبارە بوونەوەی لە دیمەنە جیاوازەکانی ژیاندا دەتوانێت ببێتە هۆی دڵساردی زیاتر و زیاتری پیاوەکە، وە بەداخەوە ئەو بەراوردە لێرەشدا لەوانەیە ببێتە هۆی دروستبوونی پەیوەندی نهێنی بەدزی هاوسەرەکەیەوە.

ئێمە لە باسی خێزان و جیاکردنەوەی دەبێت و نابێتەکانی ژیانی هاوبەشدا بەردەوام دەڵێین: بەراورد کردن ژەهری کوشندەی ژیانە

هەرگیز پیاو و ژن نابێت هاوسەرەکەیان لەگەڵ خەڵکی تر بەراورد بکەن، هەرگیز نابێت لەبەر ئەوەی یەکەم لێکەوتەی نێگەتیڤی ئەم کارە دڵسارد بونە. بەداخەوە ڕێژەی هەستان بەم ڕەفتارە هەڵەیە(بەراورد کردن لەو پیاو و ژنانەدا کە پێش هاوسەرگیری هاوڕێی کچ یان کوڕیان هەبووە)زۆر زیاترە.

**٢١- ئیفلاسی سۆزداری**

کوڕێک بهێنە پێش چاوت کەپێش هاوسەرگیری، لەگەڵ کچێک یان کچانێک لە کاتی جیاوازدا هاوڕێ بوە. بۆنمونە شەش مانگ لەگەڵ کچێک بوە و پەیوەندیان پچڕاوە و ساڵێکیش لەگەڵ کچێکیتر بوە و لێکجیابونەتەوە، ئێستا دوای ماوەیەک لەگەڵ کەسی سێیەم هاوسەرگیری دەکات. بەڵام ئێستا ئەو لەسۆزداریدا ئیفلاسی کردوە. ئەو بۆ ڕاگرتنی پەیوەندی لەگەڵ هاوڕێ کچ یان کچەکانی پێشوی، یەک دونیا هەست و سۆزی پێشان داوە، نامەی گۆڕیوەتەوە، بەتەلەفۆن خۆشەویستی بۆ دەربڕیوە، ئەوەندە نازی داوە بە هاوڕێ کچەکەی پێشوی و ئەوەندە بە قوربان و بە ساقەی بوە، ئیتر هیچی پێنەماوە بۆ ژیانە هاوبەشەکەی تا پێشکەشی بکات. بونی ئەو لە ژیانی هاوبەش لەگەڵ هاوسەرەکەی. وەک کەسێک وەهایە کە هەموو سەرمایە و داراییەکەی لەکاتی جیاوازدا بە فیرۆ دابێت و ئیفلاسی کردبێت و ئێستا بیەوێت بچێتە بازرگانیەکی گەورەوە(تەمەنێک ژیانی هاوبەشی). لەبارودۆخێکی وەهادا، تەنانەت خۆیشی چێژ لە دەربڕینی هەستی خۆشەویستی،

نابینێت. ئەگەریش دەری ببڕێت ئەوە لە ڕوی ناچاریەوەیە چونکە دلی پێشتر سوتاوە و بوتە پارچەیەک خەلوز.

ئەم بابەتە لەسەر کچیش هەر بەو شێوەیە، کە ماوەیەکی زۆر، هەفتە، مانگ و ساڵانێک خۆشەویستی بۆ هاوڕێ کوڕەکەی دەربڕیوە و نازی پێداوە، ئێستا دوایی ئەو پەیوەندیە هاوسەرگیریان نەکردوە. چوە لەگەڵ کەسێکی دیکە هاوسەرگیری کردوە، بەلام ئێستا ئەو سۆز و خۆشەویستیە زۆر دابەزیوە. ئێستا بیهێنە پێش چاوت ئەگەر کوڕ یان کچێک ئەو پاکی و سۆز و خۆشەویستیەی خۆی بپارێزێت و خۆی نەدات بەدەست هاوڕێیەتی پێش هاوسەرگیریەوە، ئایە ژیانی خۆشتر و شیرینتر نابێت؟ لە بارودۆخێکی وەهادا کچ وکوڕ هەموو سەرمایەی سۆز و خۆشەویستی خۆیان پاراستوە و پێشکەشی ژیانی یەکتری دەکەن. هەردوکیان دەستیان پڕە و سەرمایەیەکی زۆریان بێیە و لەجێی خۆیدا بەکاری دێنن و هەرگیز کەم ناکات. بەلکو بەکارهێنانی ئەو سەرمایە لە جێگەی شیاوی خۆیدا، بەردەوام زیاد دەکات.

بۆ کچ و کوڕێک کە هێشتا پەیوەندی لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەری نەکردوە، ئەوا دوای هاوسەرگیری هەر پەیوەندیەک لەگەڵ هاوسەرەکەی چێژ و شکۆی خۆی هەیە. کاتی کەسێکی وەها بۆیەکەم جار دەستی هاوسەرەکەی دەگرێت. دلی دەکەوێتە لێدان و خۆشەویستی هەلدەچێت و دەستی دەکەوێتە لەرزینێکی پاک و بێگەرد و عاشقانە. لەرزینێکی زۆر خۆش. بەلام ئەو کچەی کە پێشتر بەردەوام دەستی خستۆتە دەستی هاوڕێ کوڕەکەی، ئەو

کوڕەی کە چەندەها جار دەستی کچ یان کچانی هاوڕێی گرتوە، ئێستا کە دەستی هاوسەرەکەی دەگرێت، هەست بەچ خۆشیەک، چ سۆزێک، چ زەوقێک دەکات؟

لای ئەو کەسەی کە پێشتر هاوڕێی کوڕ یان کچی نەبوە، پیاسەکردن لەگەڵ هاوسەر زۆر خۆش و دلڕفێنە. چەند خۆش و شیرینە لەگەڵ خۆشەویستەکەت لە پارکێکدا پیاسە بکەیت، بەلام ئەو کەسەی پێشتر هاوڕێیەتی لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەری بۆ ماوەیەکی دورودرێژ تاقی کردۆتەوە، ئەوا چ چێژ و خۆشیەک دەبینێت لە پیاسەکردن لەگەڵ هاوسەرەکەی؟

کچ و کوڕەباشەکان، مۆڵەت بدەن ئەو سەرمایە سۆزداریە لە کاتی خۆیدا خەرجبکرێت و خۆتان ڕوبەڕوی مەترسی ئیفلاسی سۆزداری مەکەنەوە، ئەگەر ئیفلاس بکەن ئیتر کاتێک پێویستتان بەو سەرمایە دەبێت دەبینن دەستتان بە تاڵە.

**۲۲- ئازاری ویژدان**

کوڕێک بهێنە پێش چاوت، گەرچی ئەو هەرلەسەرتاوە بەهیچ شێوەیەک بڕیاری هاوسەرگیری نیيە. دەبێتە هاوڕێی کچێک و بەڵێنی هاوسەرگیری پێدەدات. بەدرۆ و تەنیا لەبەر ئەوە کچەکە ڕازی بکات بۆ هاوڕێیەتی و بەردەوام بون لەسەری. ئەو پەیوەندیە تا دەتوانێت ئەباتە پێشەوە و تا دەتوانێت سودی خراپ لە کچەکە وەردەگرێت. تا کار دەگات بە شوێنی ناسک و کچە کە دەڵێت، «هاوڕێیەتی تا ئێرە بەسە و ئەگەر بە ڕاستی نیازی هاوسەرگیریت

هەیە ئەوا بڕۆرە پێشەوە، ئەگەر نا من بەردەوام نابم.» ئیتر بەڵێنە درۆکانی کوڕەکە کەڵکیان نامێنێت و بە بەهانەیەک دێتە دواوە و بۆ نموونە دەڵێت:

- من ئەمەوێت هاوسەرگیریت لەگەڵ بکەم، بەلام کێشەیەکم هەیە، ناتوانم بیڵێم... ئەخۆشیەکی سەیرم لەگەڵە... خێزانەکەم هەرگیز ڕازی نابن و...

کوڕە دەڕوات و کچەیش هەست دەکات ماوەیەکی زۆرە بۆتە قوربانی دەستی کوڕێکی درۆزن و بێ ڕەوشت، زیانێکی زۆری بەردەکەوێت و ڕێگای خۆی دەگرێتە بەر. کوڕەکە دوای ماوەیەک توشی ئازاری ویژدان دەبێت. دواتریش کاتێک بیری دێتەوە کە چۆن کچێکی بە بەڵێنی درۆ فریو داوە و ماوەیەک سودی خراپی لێ وەرگرتوە و دواتر وازی لێهێناوە زیانی ڕۆحی پێگەیاندوە، کەلەوانەیە تا ساڵانێکی زۆر ئەو برینە لە دڵی کچەکەدا بمێنێتەوە. ئیتر کوڕەکەیش توشی ئازاری ویژدان دەبێت. هەر ئەندازە ئەو پەیوەندی و درۆ و فریو و هیوای بێ بنەما بە کچەکە یان کچەکان، زیاتر بێت بەو ئەندازە ئازاری ویژدانی کوڕەکەیش لە داهاتودا زیاتر دەبێت. بێگومان ئەگەری ئەوەیش هەیە بەخێرایی ئەو ئازاری ویژدانە خۆی دەرنەخات. بەلام دواتر ناتوانێت لەخۆی بوورێت لەبەر ئەوەی یاری بە هەستی کچێک کردوە، تەنیا لە پێناو چێژ و خۆشیە نابەجێکانی خۆیدا. ئەوی ناچار بە بەردەوام بونی پەیوەندیەکەیان کردوە، بێگومان ئەم دۆخە بۆ ئەو کوڕانە ڕوودەدات کە هێشتا تروسکاییەکی مرۆڤایەتی و ویژدانیان تێدا ماوە، چونکە

کەسی وەها هەیە کە ئەوپەڕی کاری خراپ و ستم و ئازاری خەڵکی داوە کەچی دڵۆپێک ویژدان و مرۆڤایەتی لە ناخیدا نییە. لە ڕاستیدا دڵ ڕەقی ئەوان جێگەی بۆ دلۆڤانی و ئازاری ویژدان نەهێشتۆتەوە.

## ٢٣- بەدگومانی زۆر لەسەر ڕەگەزی بەرامبەر و پەشیمان بونەوە لە هاوسەرگیری

بەگشتی ئەو کچەی کە هاوڕێ کوڕەکەی بەپێچەوانەی بەڵێنەکانی، هاوسەرگیری لەگەڵ ناکات و دوای ماوەیەک وازی لێدێنێت. یان کوڕێک کە هاوڕێ کچەکەی شوی پێناکات و لەگەڵ کوڕێکی دیکە هاوسەرگیری دەکات(لەوانەیە جوانتر و پارەدارتربێت)، توشی بەدگومانی زۆر دەبێت.

کچەکە دەڵێت:" قێزم لەهەموو کوڕێک دەشێوێتەوە!" ئەوەیش نیشاندەری تورەیی و ناخۆشی و ڕق و قینی دەرونیە.

کوڕەکە دەڵێت:" ڕقم لەهەموو کچێکە!"

لە بارودۆخێکی وەهادا، کچ و کوڕەکە ناڵێن ئەو کەسێکی خراپ بوو، بەڵکو چونکە نەگەیشتون بە خۆشەویستەکەیان زیانی دەرونیان لێ کەوتووە. بابەتەکە ئەگشتێنن کە:" من ڕقم لەهەموو ژنان/ پیاوانە."

کچەکە هەموو پیاوێک بە بەرژەوەند خواز، بێوەفا، هەوەسباز، دادەنێت و کوڕەکەیش هەموو ژنێک بە فێڵباز، بێڕەوشت، بێوەفا.

ئەو بەدگومانیە زۆرە لەسەر رەگەزی بەرامبەر، دەبێتەهۆی ئەوەی کەسەکە بۆ ماوەیەکی زۆر بیری هاوسەرگیری لە مێشکی خۆی دەربکات. ئەو چەشنە کەسانە پێداگرن کە:

- هەرباسی هاوسەرگیریم لا مەکە. من دەمەوێت تاکۆتایی تەمەنم تەنیا بژیم.

بەداخەوە هەندێ جار بۆ ماوەی چەند مانگ یان چەند ساڵ لەو بەدگومانی و حەز بە تەنیاییەدا دەمیننەوە و کاتێ وازدێنن و ڕازی دەبن کە هاوسەرگیری بکەن، ئیتر زۆر درەنگە و تەمەنی هاوسەرگیریان زۆر بەرز بۆتەوە و شانسیان دابەزیوە.

# ئەگەر بە هاوسەرگیری کۆتایی بێت...

بەشێکی زۆر لەوکاریگەریە خراپانەی کە باسمانکرد، بەهۆی بارودۆخێکەوە بو کە هاورێیەتی کوڕ و کچ نەدەبوە هۆی هاوسەرگیری، بەڵام گرنگی لەوەدایە کە تەنانەت ئەگەر ئەو هاورێیەتیە ببێتە هۆی هاوسەرگیریش، هێشتا لێکەوتە و دواهاتی خراپی دەبێت. کە لێرەدا ئاماژە دەدەین بە هەندێک لەوانە:

**٢٤- دروستبونی بەدگومانی**

وادابنێ کوڕێک لەسەر شەقام، لە زانکۆ، لەمیوانیەک، لە مارکێتێک،... پێشنیاری هاورێیەتی دەکات بۆ کچێک، کچەیش لەکۆتاییدا ڕازی دەبێت دوای ماوەیەک هاورێیەتی، هاوسەرگیری دەکەن. بەڵام دوای ماوەیەکی کورت کوڕ و کچەکە یان یەکێکیان ترس و دڵەڕاوکێیەکی هەیە:

- تۆ بڵێی پێش ئەوەی ببینە هاورێ، لەگەڵ کەسێکی تر هاورێ نەبوبێت؟ چۆن پێشنیاری هاورێیەتی بۆ من کرد بۆ کەسی دیکەیشی نەکردبێت؟ لەمە بەدوایش شتی وا نەکات؟

ئیستا کە بۆتە پیاوی ماڵ، خواحافیزی لە کچەکە« ژنەکەی» دەکات و کەمێک درەنگ ئەگەڕێتەوە. کچەکە« هاوسەرەکەی» نیگەران دەبێت:

- تۆ بڵێی ئەو کەسەی بەو ئاسانیە داوای هاوڕێیەتی لە من کرد و سواری ئۆتۆمبێلی کردم و پێکەوە نانمان خوارد، ئیستا کەسێکی دیکەی سوار نەکردبێت؟ بڵێی لەگەڵ سکرتێری کۆمپانیاکەی... کڕیاری فرۆشگاکەی... هتد؟

لەوانەیە حەقی بێت وا بەدگومان بێت، چونکە ئەم کچە هیچ خۆپاراستن لە تاوانی لەم کوڕە نەدیوە. بەڵێ پێشینەی پیاوێکی وەها دەتوانێ خۆشبینترین ژن دوچاری بەدگومانی بکات.

کاتێ کچەکە بەگەرمی چاک و چۆنی کوڕی مامی دەکات یان لەگەڵ کوڕێکی زانکۆ کەی بە کراوەیی قسە دەکات، کوڕەکە«هاوسەرەکەی» پێی ناخۆشە:

- تۆ بڵێی ئەم دوانە پەیوەندیان نە بوبێت؟ یان ئیستا نەیان بێت؟

هەردوکیان(ژن و مێرد) لەچونەدەرەوەی یەکتر نیگەرانن. کاتێ ژنی ئەم پیاوە ئەچێت بۆ ماڵی هاوڕێکەی یان بۆ زانکۆ، هەزار خەیاڵی خراپ دێتە مێشکی کابرا و نیگەرانی و دوری، دڵی رادەچلەکێنێت. کاتێ مێردی ئەم ژنە، شەوێک درنگ دێتەوە بۆ ماڵ یان دەڵێت« ئەم شەو ئیشم هەیە و ناگەڕێمەوە بۆ ماڵ»، ژنەکەی خەیاڵی خراپ دەکات و مێشکی ئاڵۆز دەبێت.

بەداخەوە لەگەڵ ئەوەی کە ئەم دوانە دوای هاوڕێیەتی و خۆشەویستی هاوسەرگیریان کردوە، کەچی مێشکیان ئارام نییە و متمانەیان بە یەکتری نییە. ئەم بابەتە، بەتایبەت لە کاتی مارەکردن و دەستگیرانیدا، کەهێشتا کوڕ و کچەکە نەچونتە ناو ژیانی هاوبەش و ماڵی خۆیانەوە، هێشتا لە ماڵی باوکیانن، زیاتر ئەبینرێت. کچە کە هێشتا لە ماڵ باوکیەتی، دەچێت بۆ دیەنی بۆ ماڵی هاوڕێەکی یان بۆ میوانی یان شوێنی کارەکەی، کوڕەکە بە بیانوی جیاواز بەردەوام پەیوەندی پێوە دەکات:

· لە کوێیت؟ کێی لێە؟ چیت پۆشیوە؟ ئێستا چی دەکەیت؟ تا کەی لەوێ دەبیت؟

گوایە نیگەرانی ئەوەیە کە هاوسەرە تازەکەی لە جل پۆشین و هاتوچۆدا توشی هەڵەیەک ببێت. بە خۆی دەڵێت:

- نەبا زۆر کراوە و خۆش باوەڕ بێت، ئێستایش...

ئەو نیگەرانیە لەسەر کچەکەیش ڕاست دێتەوە. بەروام پەیوەندی دەکات بە مێردەکەیەوە تا بزانێت لە شوێنی کارەکەی کچ و ژنی زۆر لێیە و ئێستا لە کام ژوورەیە؟ چی دەکات؟ فلان کەس لەکوێیە؟ ئەوە دەنگی کێ بوو؟ بۆ تەلەفۆنەکەی مەشغوڵە؟ و...

ئەمە لەکاتێکدایە کە ئەو بەدگومانی و بێ متمانەییە لەو کچ و کڕانەی کە بەبێ هاوڕێیەتی پێشتر، هاوسەرگیریان کردوە، بەدەگمەن دەبینرێت.

نەچونە ژێرباری هاوڕێیەتی پێش هاوسەرگیری، بۆ کچ و کوڕ بەڵگەیەکە بۆ پاکی و دواتر متمانە بەیەک کردن.

ئایە حەیف نییە ئەو ژیانەی کە دەکرێ بە متمانە و ئاسودەیی دەست پێدکات، هاوڕا بێت لەگەڵ ترس و دلەڕاوکە و بەدگومانی و بێ متمانەیی؟

**٢٥- بریندار‌بونی شکۆ و ناوبانگ**

ئەگەر بڕیار بێت هاوڕێیەتی کچ و کوڕ بە هاوسەرگیری کۆتایی بێت، ئەوا وەرگرتنی ڕەزامەندی دایک و باوک پێویستە. ئەو دایک و باوکەی کە لەوانەیە بۆ ماوەیەکی زۆر ئاگاداری ئەو هاوڕێیەتیە نەبوبن. ئەگەر ئەو هاوڕێیەتیە بە نهێنی و بێ ئاگاداری خێزان بوبێت(بەگشتیش بەو شێوەیە)، ئاشکراکردنی لای خێزان بە مەبەستی هاوسەرگیری، زۆر دژوارە. قورساییەکەیشی زیاتر بۆ کوڕەکەیە، چونکە کچەکە دەتوانێت بڵێت کەسێک لە ڕێگای زانکۆ یان شوێنی کارەکەی ئەەی بینیوە و دەیەوێت بێتە خوازبێنی، بەڵام بۆ کوڕەکە کەمێک دژوارە، لەبەر ئەوەی دایکی کوڕەکە پێی باشە خۆی بە وردی چاوبێگێڕێت و کچێک لە خێزانێکی باش بدۆزێتەوە و دواتر بە کوڕەکەی خۆی بناسێنێت و ڕای کۆتایی لێ وەربگرێت. چونکە وابیر دەکاتە کوڕەکەی لە تافی لاویەتی و هەست و سۆزدایە و ئەزمونی تەواوی نییە و فریوی ڕواڵەتی کچ دەخوات و ناتوانێت بە باشی هەڵبژێرێت. کەوابوو کاتێ کوڕەکە بێت و بڵێت کە من کچێکم بۆ هاوسەرگیری دەست نیشان کردوە(تەنانەت ئەگەر باسی هاوڕێیەتیەکەیشیان نەکات) خێزانەکەی بەتایبەت دایکی بە گومانەوە ئەڕوانە بابەتەکە.

ئێستا وادابنێ بەهەر زەحمەتێک بوە باوک و دایکی هەردو لا رازی بون بە خوازبێنیەکە، لەو دۆخەدا هەردو خێزانەکە بە بۆچونی« بابزانین کێن و چین؟» سەیری یەکتری دەکەن، کوڕ و کچەکە بەهیوای وەلامی بەڵێی لەسەداسەد هاتونە پێشەوە، وابیر دەکەنەوە کە بە هاوسەرگیریەکەیان ڕازی دەبن. کەوابوو بڕیارە لەو خوازبێنیە ڕوکەشی و ڕواڵەتیەدا، کوڕەکە بڵێت:« من ڕازیم، زۆرباش بووا!» وکچەیش بڵێت:« منرازیم، زۆر باش بووا!»

بەلام ئەگەری زۆر هەیە ئەو کوڕ و کچە لەو ماوەی سۆزداریەدا کە هەست و سۆزیان کلپەی سەندبوو، هەڵبژاردنەکەیان کەمتر ژیرانە بوبێت و هەندێ شتی گرنگیان پشتگوێ خستبێت. ئێستا بیهێنە پێش چاوت دوای ئەو خوازبێنیە، باوک و دایکی یەکێکیان یان هەردوکیان نارازی بن، بۆنمونە بڵێن:« ئێمە بۆ یەکتر گونجاو نین و بە فلان و فلان هۆکار ئەم هاوسەرگیریە هەڵەیە.» ئیتر کاتی ئەوەیە کوڕ و کچەکە پێداگربن لەسەر هاوسەرگیریەکە و بەهەر شێوەیەکی باش یان خراپ باوک و دایکیان ڕازی بکەن.

ئەگەر ئەوانیش بە خەم و ناخۆشیەوە ڕازیش بون، ئەوا هەرکام ئەویتر بە تاوانبار دەزانێت. لە دۆخێکی وەهادا، خێزانی کوڕەکە بە چاوی تاوانبار سەیری بوکێ دەکەن و کاتێ تەنیان لە دڵی خۆیاندا دەردە دڵ ئەکەن:

- ئەم کچە بەرەلایە، دیارنییە بە چ فێڵ و تەڵەکەیەک کوڕەکەی ئێمەی هەڵخەڵەتاندوە. کوڕە ساویلکەکەی ئێمە فریوی

ئەم کچەی خواردوە، کچانی ئەم دەورە ئەوەندە بێ شەرمن خوا خۆی دەزانێت چۆن خۆیان ئەسون بەسەر کوڕەکاندا.

لەو لایشەوە، لەناو خێزانی کچەیش ئەو چەشنە قسە و باس و دەربڕین و بۆچونانە هەیە:

- کوڕە بەرەڵا، کچە پاک و بێگەردەکەمانی خەڵەتاندوە. ئەگینا ئەو کچەمان ئەوەندە داواکاری باشی هەبوە و هەیە کە ئەو هەتیوە ناگاتە پەنجەیەکیان.

لەڕاستیدا نە کوڕە وەک زاوا، لای ماڵی بوک ڕێزی هەیە و نە کچەیش وەک بوک لە ماڵی کوڕە ڕێزی لێ دەگیرێت. وەک ئەوەی هەردوکیان تاوانبار بن. جا ئەگەر ئەو دو خێزانە بوک و زاوای دیکەیان هەبێت، ئەوا بێ ئەوەی بیانەوێت ڕەفتاریان لەگەڵ ئەوان جیاواز دەبێت. واتە کە ماڵی کوڕە بوکەکانی دیکەیان زیاتر خۆش دەوێت ڕێزیان ئەگرن و ماڵی کچەیش بە هەمان شێوە زاواکانی دیکەیان خۆش دەوێت و ڕێزی زیاتریان دەگرن.

ئێمە بۆ خۆشی و تاڕادەیەکیش بە ڕاستی دەڵێین: لەکۆتاییدا چ گوڵێک دەدەن لەسەری ئەو کوڕ و کچانەی کە بەڕیزەوە وەک بوک و زاوا دەچنە ماڵی باوان، خۆ ئەگەر ئەو هەر لەسەرتاوە بەبێ ڕێزی دەست پێ بکەن، چیان پێبکەن!!

لەڕاستیدا یەکێک لەو هۆکارانەی کە هاوسەرگیری هەستی خۆش بەختی دەدات بە مرۆڤ ئەوەیە کە ئەو خێزانەی کە ڕازی بون ببن بە خزم ڕێز و خۆشەویستیمان بۆ دەربڕن.

کەسەی خۆشت دەوێت، بەڵکو پیرۆزی گرنگترە لە بەدەست هێنان. دەبێ زیاتر لە هەموو شتێک هەوڵی بۆ بدەیت. دەبێ بەردەوام لە خۆت بپرسیت،" چۆن بژیم و هاوسەرگیری بکەم تا خێر و بەرەکەت بڕژێتە ناو ژیانمەوە؟"

ئێستا دەتوانین بزانین بۆچی زۆربەی ئەو هاوسەرگیریانەی کە لە هاوڕێیەتی پێش هاوسەرگیریەوە سەرچاوە دەگرن و بەبێ ڕەزامەندی دایک و باوک و تەنانەت دڵشکانیشیان ئەنجام دەدرێن، توشی ئاڵۆزی و شەڕ و ئاژاوە و تۆران لێک جیابونەوە دەبن، ئاماری ناو دادگاکان خۆی پیشاندەری ئەو بابەتەیە.

## ٢٧- کاڵ بونەوەی شکۆی هاوسەرگیری

بەشی زۆری چێژی ژیانی هاوبەش، پێکەوە بون و پێکەوە ڕۆشتنە، جا ئەگەر کوڕ و کچەکە پێشتر هاوڕێ بوبن، ئەوا زۆریان لەو پێکەوە بونە ئەنجام داوە و چیتر چێژ و شکۆی نەماوە بۆیان. پێشتر ئەوەندە پێکەوە چونەتە دەرەوە و پێکەوە تەنیا ماونەتەوە، ئیتر تێر بون و خۆشیەکی تێدا نەماوە بۆیان. لەڕاستیدا کاتێک مارەدەکرێن لەیەک، هیچ بۆیان تازە و گرنگ نییە، وەک ئەوە وەهایە ژن و مێردێک کە دوو ساڵە هاوسەرن سەرلە نوێ مارە بکەیتەوە. ئەوەیش چ شکۆیەکی هەیە؟

بیهێنە پێش چاوت یەکسەر دوای مارەبڕین بڵێیت وەرە با بڕۆین لەدەرەوە نان بخۆین، ئەمە چی بە چییە؟" ئێمە ئەوەندە پێکەوە چوینەتە دەرەوە کە چیتر بۆمان سەرنج ڕاکێش نییە."

چەند مایەی خۆشیە کاتێ کچەکە دەچێتە ماڵی خەزوری ببینێت هەمووان خۆشیان دەوێت و دێن ودەچن و دەڵێن بوکە گوڵەکەمان.

کوڕەکە چەند هەست بە خۆشی دەکات کاتێ دەبینێت ماڵ خەزوری وەک زاوایەکی خۆشەویست، ڕێزی دەگرن و شانازی پێوە دەکەن.

بەڕاستی بۆ دەبێت بەچەشنێک هاوسەرگیری بکەین کە هەر لەسەرتاوە بە چاوێکی بێڕێزی سەیرمان بکەن و تەنیا وەک بوک یان زاوایەکی ناچاری مامەڵەمان لەگەڵ بکەن؟

**٢٦- پیرۆزی ژیان دەکەوێتە ژێر مەترسی**

هەر خواستێک لە دوو لایەنەوە تاوتوێ دەکرێت. یەکەم گەیشتن و بەدەست هێنانی ئەو خواستەیە، دووەم پیرۆزییەکەیەتی .لەوانەیە گەیشتن بەو خواستە تاڕادەیەک پەیوەستبێت بە هۆکارە مادییەکان، بەڵام بەدڵنیایی پیرۆزییەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ هۆکارە نامادییەکان. پیرۆزی واتە، ئەو خواستەی هەوڵی بۆ دەدەین ببێتە مایەی خێر و بەرەکەت و خۆشی، ناپیرۆزیش واتە ئەو خواستەی هەوڵی بۆ دەدەین ئەگەر پێی گەیشتین ببێتە ماتەی زەحمەت و دەرد و ڕەنج و ناخۆشی. ئەوکات ڕۆژی هەزار جار لۆمەی خۆمان دەکەین:" بریا قاچم بشکایە و دوای ئەو خواستە نەکەوتمایە، بۆ ئەو خواستە ناموبارکە هەوڵم نەدایە."

پیرۆزی خواستەیەک پەیوەستە بەوەی: یەکەم، ئایە ئەو خواستە پەسندە و خوا پێی خۆشە. دووەم، ڕێگای گەیشتن بەو خواستە، ڕاست و جێی ڕەزامەندی خوایە.

یەکەم ئەو ژیانەی بە هاوڕێیەتی ڕەگەزی بەرامبەر و لەسەر بنەمایەک کە خوا پێی خۆش نییە دروست ببێت، بەدڵنیایی ئەو بەرەکەتی لە ژیانی خواپەسند دایە، لەودا نییە.

دووەم ئەگەر دایک و باوکی یەکێک یان هەردوکیان بکەونە خەم و خەفەتەوە، ئەوا ئەو خەفەت و ناخۆشیە وەک شەپۆلێکی نگاتیف کاردەکاتە سەر ژیانی ئەو کوڕ و کچە.

بەپێچەوانەیش، ئەو هاوسەرگیریەی بە ڕەزامەندی و خوشی دایک و باوک بێت، هەمیشە شەپۆلی پۆزەتیڤی لەگەڵ دایە.

فەرمودەیەکی پیرۆز هەیە ئەفەرمونت، یەکەم شت خوا دروستیکرد تابلۆ و پێنوس بوو، یەکەم فەرمانیش بە پێنوسی کرد تا لەسەر تابلۆکە بنوسێت ئەمەبوو:

" ڕەزامەندی من لە ڕەزامەندی دایک و باوکدایە."

کەوابوو دوو هۆکاری گرنگ لە پیرۆزی ژیانی هاوبەشدا ئەوەیە کە دەسپێکی هاوسەرگیری لە سەرەتاوە تا کۆتایی، بە ڕەزامەندی خوا و دایک و باوک بێت، ئەگەر وابێت ئەوا دەکەوێتە بەر ڕەحمەت و بەرەکەتی خوا و نزای خێری دایک و باوکیش کاریگەری خۆی هەیە، پشتیوانیەکی بێوێنەیە لەژیاندا.

کەوابوو ئەی کچ و کوڕە خۆشەویستەکان، بۆ گەیشتن بە خۆشبەختی لە ژیانی هاوبەشدا، هەرئەوە بەس نییە تۆ بگەیت بەو

ئەگەریش لە کاتی هاوڕێیەتیدا، هەنگاوی زیاتریان نابێت، ئەو کارانەیان کردبێت کە ژن و مێرد لە تەنیاییدا دەیکەن، ئەوا چێژ و خۆشی تازە بوکیش نامێنێت، چونکە پێشتر هەموو شتێکیان بینیوە، بەڵام ئەو بوک و زاوای کە پێشتر هاوڕێ نەبون، ئەوا هەموو ساتەکانی پێکەوە بونیان چێژ و خۆشی خۆێ هەیە هەرگیز لە یاد ناچێت.

لەوانەیە هەندێ کەس بڵێن کە ئەو کچ و کوڕەی کە پێشتر هاوڕێ بون و پەیوەندیان هەبوە و هەموو شتێکیان ئەنجامداوە و لە کاتێ هاوڕێیەتیدا هەموو خۆشی و چێژێکیان بینیوە، کێشە چییە کەمێک زووتر یان درەنگتر، خۆ هەر ئەو شتەیان ئەنجامداوە و چێژی خۆیان وەرگرتوە. وەڵامەکە ئەوەیە کە، لەو کاتەدا ئەو پەیوەندیە تەنانەت لە بەرزترین ئاستیشدا، بە ئاسودەیی ئەنجام نادرێت، بەڵکو لە ناخەوە ترس و دڵەڕاوکێیەکی لەگەڵ دایە، بە هۆی هەست بە تاوان کردن لەوەی:« خوا پێی خۆش نییە... من تاوان ئەنجام ئەدەم... باوکم نازانێت... دایکم بزانێت خەفەت دەخوات... باوکم بزانێت ئەمکوژێت...کەس نەم بینێت و پێم نەزانێت؟ ... بەدایکم بڵێم ئەمڕۆ لە کوێ بوم؟ بۆچی درەنگ هاتومەوە؟» و...

ئەو جۆرە ترس و نیگەرانیە ناهێڵێت چێژ وەربگریت، ئەو کچ و کوڕەی دوای هاوسەرگیری پەیوەندیان دەبێت کاتێ پێکەوە تەنیان چێژە و خۆشی لە ئاسودەییدا وەردەگرن.

## ٢٨- نه توانین له دابین کردنی بەڵێنە درۆکان

زۆربەی کوڕەکان کاتێ داوای هاوڕێیەتی لە کچێک دەکەن، هەر بڕیاری هاوسەرگیریان نییە، ئەگەریش بەزارەکی بەڵێنی وەها بدەن، تەنیا بۆ ئەوەیە کە کچەکە ڕازی بکەن بۆ ئەو پەیوەندیە، چونکە کوڕەکان ئەزانن زۆربەی کجەکان بە ئاسانی خۆیان نادەن بەدەستەوە بۆ پەیوەندی و هاوڕێیەتی و داواکاری زیاتری کوڕەکان و ....کەوابوو باسی هاوسەرگیری بابەتێکی فریودەرە کە بەگشتی کچەکان دەستەمۆ دەکات.

بەداخەوە زۆرێک لە کچان هەرپێشنیارێکی هاوڕێیەتی وەک هەنگاوێک بەرەو هاوسەرگیری دەبینن و هەر کات ڕوبەڕوی داواکاری هاوڕێیەتی لەلایەن کوڕێکەوە دەبنەوە خێرا هاوسەرگیری دێتە پێش چاویان و دەکەونە ئەو خەیاڵەوە:

- بۆ هاوسەرگیری چ کوڕێکە؟ شیاوی یەکین؟ بۆ یەک گونجاوین؟

لەکاتێکدا زۆربەی کوڕەکان ئەو شتەی بیری لێ ناکەنەوە ئەوەیە.

ئەو دۆخە لە چاوی کوڕ و کچەکانەوە بۆ پەیوەندی کەسانی دیکەیش ڕاستە دێتەوە، بۆ نمونە کاتێ ژن و مێردێک دەستی یەکتر دەگرن و پێکەوە پیاسە دەکەن، کچان خێرا بیر لەوە دەکەنەوە کە:

- چەندە بۆ یەک دەبن، یان هیچ شیاوی یەک نین، ئەویان لەویتر بێتامترە.

لەڕاستیدا بیر لە شیاوی و سۆزداری و گونجاوی هاوسەرگیری دەکەنەوە. لەکاتێکدا کوڕەکان زیاتر بیر لە چێژ و خۆشی سێکسی دەکەنەوە.

کەوابوو کوڕان لە کاتێ پێشنیاری هاوڕێیەتی بۆ کچان بە دەگمەن مەبەستیان هاوسەرگیریە. هەربۆیە کاتێ کچەکە بە ڕاشکاوی دەڵێت:" ئەگەر بڕیاری هاوسەرگیریت هەیە ئەوا قسە لەگەڵ کەس وکارم بکە." کوڕەکە دەڵێت: " بێگومان بەڵام ویستم بڵێم واباشترە، پێش ئەوەی لای کەس وکار باسی بکەین، ماوەیەک پێکەوە گفتوگۆ بکەین، تا بزانین حەز و زەوق و خو و ڕەوشتمان پێکەوە دەگونجێت، دواتر..."

یەکێک لە نیشانەی درۆبونی ئەو بەڵێنانەی کوڕان ئەوەیە کە هەر توانا و کاتی هاوسەرگیریشیان نییە. یان سەرەتای خوێندنیانە لە زانکۆ یان نەچون بۆ سەربازی یان بێ ئیشن، و... ئەو هەر لە سەرەتاوە دەزانێت ناتوانێت لەگەڵ ئەو کچە هاوسەرگیری بکات، بۆنمونە دەزانێت خێزانەکانیان و بیرو باوەڕیان تەواو جیاوازە. بەڵام هەموو ئەو شتانە دەشارێتەوە و بەچەشنێک قسە دەکات کە واپیشان دەدات تەنیا بەربەست لە ڕێیاندا ئەوەیە کە:" ئێمە دەبێت پێکەوە بین".

دوو سێ جار بە تەنیا پێکەوە دەبینە چەندین جار. هاوڕێیەتی و ئەو دوو سێ جارەیش دەبێت و هەرکات کچە دەڵێت ئەگەر پەیوەندیەکە گەرم وگور

بڕیاری هاوسەرگیریت هەیە ئەوا بەیانی یان دوو بەیانی وەرە بۆ مالمان. کوڕە درۆ لەسەر درۆ ڕیز دەکات و دەڵێت:" ئێستا ئەو کێشەیە هەیە... جاریٚ ناکریٚت... تۆزیٚ ڕاوەستە... پەلە مەکە... من خەریکم شتەکان ڕێک دەخەم." و...

هەندیٚ کاتیش دێتەپێش کە بەڵێنی هاوسەرگیریەکە درۆ نییە، بەڕاستی بڕیاری هاوسەرگیری هەیە. بەڵام بۆ ئەوەی کچە ڕازی بکات و فریوی بدات، بەڵێنی سەیر و درۆی پێدەدات، بەڵێنی وەها کە خۆیشی دەزانێت ناتوانێت ئەنجامیان بدات:

- با هاوسەرگیری بکەین، شاییەکی وەها ڕێکدەخەم، خانویەکی وەهات بۆ دەگرم... و شتی لەو چەشنە.

بەگشتی ئەمانە چەشنێک دەدوێن کە دەبێتە هۆی خۆشحاڵی کچەکە. کەچەیش سەیر دەکات ژیانێکی لەو چەشنە خۆش و خەیاڵی و شیرین چاوڕێیەتی، ڕازی دەبێت زیاتر بمێنێتەوە و کوڕەیش چێژی زیاتر لەو هەلە وەر دەگرێت.

کوڕان بۆیە ئەو هەموو بەڵێنە درۆیانە دەدەن بۆ هاوسەرگیری و ژیانێکی شیرینی داوتر، چونکە دەزانن هەرچی کچە دڵنیاتر بێت، ئەوا ئەو کوڕە بە مێردی داهاتوی خۆی دادەنێت و ئەگەری هاوسەرگیریەکە مسۆگەرتر دەبێت. لەهەموو ڕویەکەوە خۆی زیاتر ڕادەستی کوڕەکە دەکات و لێرەدایە کە کوڕەکە دەست دەکات بە چێژ وەرگرتن و دەستدرێژی سێکسی.

کارەساتەکە لێرەدایە کە، ئەگەر بەهەر چەشنێک هاوسرگیری ڕوبدات، کوڕەکە دەزانێت توانای دابینکردنی ئەو هەموو بەڵێنە

درۆیانەی داویەتی نییە، لای کچەکەیش هەستێکی خراپ دروست دەبێت کە،« ئەو منی فریودا»، خۆ ئەگەر کچە ئەو بەڵێنانەی بۆ کەس و کاری جۆی باسکردبێت:« لەوێ زەویەکی هەیە... لە دوبەی نوسینگەی هەیە... دەیەوێت پڕۆژەیەکی گەورە وەربگرێت.»و...

بەو چەشنە کچە دەکەوێتە ژێر گوشاری خێزان و کەس و کاری و بەردەوام بەر گوێی دەکەوێت" بوبە چی؟"

وردە وردە، دەنگە دەنگ و شەڕ و ئاژاوە و بواری لێکترازانی خێزان سەر هەڵدەدات، کە هەر لەسەرەتاوە لەسەر بنچینەیەکی پتەو نە بوە.

**٢٩- لەکاتێ سەرهەڵدانی کێشەدا، خێزان لۆمە دەکەن نەک پشتیوانی**

ئەگەر کوڕ و کچێک سەرەڕای نارەزایەتی باوک و دایکیان، هاوسەرگیری بکەن و دوای ماوەیەک کێشەیەکیان بۆ دروست ببێت. بۆنمونە کچەکە بۆی دەرکەوێت کوڕە ئالودەیە بە مادەی هۆشبەر یان کوڕەکە بزانێت کچەکە، کچی ژیان نییە و کەم وکوڕی گەورەی هەیە. بۆ گفتوگۆ و ڕاوێژکردن، ڕویان نایەت قسە لەگەڵ دایک و باوکیان بکەن. لەبەر ئەوەی دایک و باوکیان هەر لەسەرتاوە پێیان وتبون ئەو هاوسەرگیریە هەڵەیە. بەڵام ئەوان خۆیان سوربون لەسەر ئەنجام دانی. هەندی کات دایک و باوک لەسەر پێداگری منالەکانیان دەڵێن:

- برۆ چیت دەوێت بیکە، بەڵام ئیتر ناوی من مەهێنە.

- دوای نەبێت و بڵێیت ژنەکەم وەهایە و خراپە! من ئیتر کارم پێت نییە.

بەڵام هەندێ جار کێشەکە ئەوەندە گەورەیە کە ئەو دوو لاوە ناتوانن خۆی بۆ ڕاگرن. لەئاکامدا بۆ نموونە کچەکە بەو پەڕی شەرمەزاریەوە بە باوک یان دایکی دەڵێت، مێردەکەم ئەو ڕەوشتە خراپانەی هەیە. یان کوڕەکە لەڕەفتاری کچەکە زیان دەبینێت و دەکەوێتە ژێر گوشار و ئەو ڕەفتارانەی ژنەکەی بۆ دایک یان باوکی باس دەکات. لە بارودۆخێکی وەهادا باوک و دایکی دەڵێن:

- خۆت هەڵتبژارد، دەبێ خۆیشت باجەکەی بدەیت. بۆچی ئەو ڕۆژە گوێت بە قسەی ئێمە نەدا؟ ئێستا بیخۆ، ئەوە پەیوەندی بە ئێمەوە نییە...

ئەمە لە بارودۆخێکدایە کە کچ و کوڕەکە لەو پەڕی کێشە و ناخۆشیدان و دوای گوشارێکی زۆر هاواریان بۆ دایک و باوکیان بردوە. لەکاتێکدا زۆر پێویستیان بە پشتگیری هەیە. بەڵام تەنیا لۆمە دەکرێن.

خۆ ئەگەر کوڕ و کچێک بەبێ هاوڕێیەتی پێشتر و بە پەسندی خێزانەکەیان هاوسەرەکەیان هەڵبژێرن، ئەگەر خوانەکردە کێشەیەکیشیان بۆ دروست ببێت، ئەوا خێزانەکانیان پشتگیریان دەکەن و یارمەتیان دەدەن و خۆیان بە بەرپرس دەزانن کە هەر چۆن بوە کێشەکەیان بۆ چارەسەر بکەن.

### ٣٠- برەودانی نمونەی هەڵە

خاڵی کۆتایی و زۆر گرنگ ئەوەیە کە، بەداخەوە ئەو کوڕ و کچەی پێکەوە هاوڕێن، لەو ماوەی هاوڕێیەتیەدا، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، ئەو پەیوەندیە هەڵەیە وەک نمونەیەک برەو پێدەدەن، لانی کەم هاوڕێ نزیکەکانی ئەو کوڕ و کچە لەو پەیوەندیە ئاگادار دەبنەوە، کچە بەخۆشی و چێژەوە باسی کوڕەکە دەکات بۆ هاوڕێکانی و کوڕەکەیش هاوڕێ نزیکەکانی لە چۆنیەتی ئەو پەیوەندیە ئاگادار دەکاتەوە، بێەوێت یان نەیەەێت ئەوان دەخاتە سەر هەوا و هەوەس، ئەوانیش هاوڕێی کچ بۆخۆیان بدۆزنەوە و لەو خۆشیە بێبەش نەبن. تەنانەت هاتوچۆی ئەو کوڕ و کچە لە شەقام و کۆڵاندا، لاوەکان هاندەدات بۆ ئەو چەشنە هاوڕێیەتیە.

لاوێک کەلەگەڵ خێزانەکەیدا دەچێتە پیتزا فرۆشیەک، کاتێ دەبینێت لە مێزەکەی نزیکیان، کچ و کوڕێک دانیشتون(کەدیارە پێکەوە هاوڕێن) لەسەرخۆ و عاشقانە قسەدەکەن وپێدەکەنن، بیردەکاتەوە و ئارەزوو دەکات:" بریا منیش هاوڕێیەکم هەبوایە و لەگەڵ ئەودا لێرە بومایە."

زۆربەی کچ و کوڕەکان بۆ پاساوی هاوڕێیەتی پێش هاوسەرگیری لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر دەڵێن:

- ئێستا ئیتر هەمووان هاوڕێی کچ و کوڕیان هەیە، بۆ نمونە لە حەوت هاوڕێی نزیکم، پێنجیان هاوڕێی کچیان هەیە.

- کچەکانی ژوورەکەم لە ناوخۆیی زانکۆ، هەموویان هاوڕێی کوڕیان هەیە.

ئەگەر لەگەڵ زۆربەی ئەو کەسانە قسە بکەیت، کە ئەو جۆرە هاوڕێیەتیەیان کردوە، پێت دەڵێن کە لە هاوڕێ و دەور و بەریانەوە فێربون. یان لانی کەم بەبینینی ئەو پەیوەندیانە لە کۆمەڵگادا، ناشیرینی و خراپیەکەی لایان نەماوە و تەنانەت لایان سروشتی و ئاسایی بۆتەوە.

ئاگاداربە ئەگەر هەموو ئەو کەسانەی کە بە بینینی پەیوەندیەکەی تۆ هان دەدرێن و دەچن بەرەو ئەو پەیوەندیە، ئەوا هەموو، یان هەندێک لەو کێشانەی باسمان کرد ڕەبەڕوی تۆ دەبێتەوە و تۆیش بەرپرسیت لێی.

ئەگەر وەک کوڕێک ماوەیەک هاوڕێی کچێک بویت و لەو ماوەیەدا سێ کەس چاویان لەتۆ کردوە و بونەتە هاوڕێی کچ و لە ئاکامی ئەو پەیوەندیەدا، تێوەگلاون و توشی تاوان بون یان زیانێکی گەورەیان بینیوە، ئەوا تۆ بەرپرسیت.

هەرچۆن ڕەفتارەباشەکانی من و تۆ دەتوانن ببنە نمونەیەکی شیاو بۆ کەسانی دیکە، ئەوا ڕەفتارە خراپەکانیشمان دەتوانن کاریگەری پێچەوانەیان هەبێت.

بەتایبەت کاتی تۆبە و پەشیمانی و داوای لێبوردن لە خوا. لەبەر پەیوەندی لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر، دەبێ بەرەچاوکردنی ئەوەی باسمان کرد، داوای لێبوردن لە خوا بکەین لەبەر ئەوەی ئەو پەیوەندیەمان بۆتە نمونە بۆ تەنانەت یەک کەسیش، بێ ئەوەی ویستبێتمان، بوینەتە مایەی تاونکردنی کەسێک.

## وەڵامی دە پرسیاری سەرەکی و گرنگ

١- من دوای خوێندنەوەی ئەم هۆکارانە دڵنیابومەوە کە هاوڕێیەتی پێش هاوسەرگیری کارێکی هەڵەیە. بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە نزیکەی هەشت مانگە لەگەڵ کچێک هاوڕێم. هەرچەند دەزانم ئەوە پەیوەندیەکی هەڵە، بەڵام ناتوانم ئەو پەیوەندیە بچڕێنم. چی بکەم؟

وەڵام: ئەوەی نوسیوتە نیشانەی ڕۆحی حەقبێژی تۆیە، بەڵام دەبێ مەودای نێوان قسە و کردار ببڕیت. لەڕاستیدا تۆ خۆت ئەوەت لا پەسەندە: تەنیا ماوە کردەوەی پێبکەیت. کاتێ مرۆڤ باوەڕی بە باشی کارێک یان وازلێهێنانی هەیە، ئیتر پێویستە هەنگاوی کرداری بنێت، بەهەر هەوڵ و زەحمەتێک بێت دەبێ خۆی ناچار بکات بە ئەنجامدان یان تەرک کردنی ئەو کارە. بەڵام بۆ سەرکەوتن لەو بڕیارەی داوتە، ئاماژە دەدەین بە چەند خاڵێکی گرنگ:

ا) پەیوەندیەکە بەتەواوی و لەسەداسەد بپچڕێنە. ئەو کارە گرێ مەدە بە شتێکی دیکەوە و دوای مەخە. تەنیا لە چەند ڕستەدا ڕایگەیەنە:

- من زانیم ئەم پەیوەندییە هەڵەیە، تەواو.

لە ڕاستیدا بڵێ:

- من لەگەڵ کەسێک بووم بە هاوڕێ کە خودا پێی خۆش نییە ئەو پەیوەندییە بەردەوامبێت.

پچڕاندنی پەیوەندی بەتەواوی زۆر گرنگە. مەڵێ: "چی دەبێ ئەگەر هەفتەی جارێک بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ بکەم؟ یان چەند ڕۆژ جارێک کورتە نامەیەکی بۆ بنێرم؟..."

نەخێر. دەبێ پەیوەندی بپچڕێت. ئەگەر کوێرە ڕێگایەک بهێڵیتەوە، دڵنیابە دووبارە تووش دەبیتەوە. کەوابوو نە تەلوفۆن، نە کورتە نامە، نە ئیمێل، نە بینین و چاوپێکەوتنێک. هیچکام نابێت ببێت. پچڕاندنی پەیوەندی واتە پچڕاندنی تەواو، نەک کەمکردنەوەی. تەنانەت ئەگەر پێویستیش بوو، ژمارەکەت بگۆڕە و تەلەفۆنی ماڵەوەش هەڵمەگرە.

ب) ئەگەر شتێکی ئەوت لایە، کە ئەوت بیر دەخاتەوە ئەوا ئەو شتە لە ژیانت بکەرە دەرەوە. ئەگەر شتێکی ئەوت لایە وەک، نامە، بۆن، جل و بەرگ، پێنووس، مەدالیا، کەوەک دیاری و یادگاری پێی داویت، زوو لە ماڵەکەت دوری بخەرەوە. مەڵێ حەیفە و لە ناو کەنتۆرەکەم هەڵی دەگرم، بەڵکو بە بێ دوودڵی وەک دیاری بیدە بە کەسێکی دەرەوەی خێزانەکەت، یان فرێی بدە.

ج) ئەگەری بینینی بۆ سفر کەم بکەرەوە. واتە ئەگەر واهەست دەکەیت لە فلان شەقام و فلان کاژێر ئەگەری ئەوە هەیە ببینیت. ئەوا کات و ڕێگاکەت بگۆڕە. واتە ئەگەر دەزانیت لەو

شەقامە ئەیبینی ئەوا لە شەقامێکی دیکەوە برۆ. یان ئەگەر هەموو ڕۆژێک کاژێر ٥ ی دوانیوەڕۆ لەو کۆڵانەوە تێدەپەڕێت ئەوا تۆ پێش کاژێر ٥ یان دوای کاژێر ٥ لەوێوە برۆ. ئەگەر واهەست دەکەیت ئێستا لە ڕێڕەوەکانی زانکۆ دایە ئەوا تۆ یان لە ناو پۆلەکان بمێنەرەوە یان لە بچۆ بۆ باخچەکە. هەرچۆن بێت فێڵ لەخۆت مەکە و خۆت گێل مەکە، هەر کات و لە هەر شوێنێک ئەگەری بونی هەیە، ئەوا تۆ لەو کات و شوێنە مەبە. ئەگەریش هەر ناچار بویت لەو شوێنە بیت ئەوا بیری لێ مەکەرەوە و لەژێر چاوەوە بۆی مەڕوانە.

د) بیری لێ مەکەرەوە. گەرچی لەوانەیە بێتەوە بیرت، کێشەنییە، تەنیا درێژە بەو بیرە مەدە و گەورەی مەکە. بۆ نمونە ئەگەر لە شوێنێک دانیشتویت و لە ناکاو دێتەوە بیرت، ئەوا خێرا هەستە و بجولێ و بیری خۆت بگۆڕە. هەستە تەلەفۆن بکە بۆ هاوڕێکەت، چایەک بخۆرەوە، چاوێک بخشێنەوە بە بەرنامەی بەیانیتدا، یان قسە لەگەڵ براکەت بکە. لەوانەیە تا شەو چەندین جار بیری لێ بکەیتەوە، هەموو جارێک ئەو کارانە بکە تا بیرکردنەوەت بگۆڕێت. لە بیرت بێت ئەو بیرکەوتنەوانە بەدەست خۆت نییە. بەڵام بەردەوام بون و گەورەکردنی ئەو بیرە بە دەست خۆتە. ئەگەر هەموو جارێک وابکەیت ئەوا وردە وردە لەبیرت دەچێتەوە.

ه) هەر ڕۆژە چەند خولەکێک لەگەڵ خوا نزا و ڕازونیاز بکە. سوپاسی بکە و داوای یارمەتی لێ بکە.

ئەو چوار خاڵە بە ڕاشکاوی ئەنجام بدە بڕیار بدە کاریان پێ بکەیت. دڵنیات دەکەمەوە وردە وردە هەموو شتێک وەک پێشو ئاسایی دەبێتەوە. لە بیرت بێت کەمێک کاتی پێویستە. بەڵام ئەگەر هەرکام لەم خاڵانە پشتگوێ بخەیت ئەوا ناگەیت بە ئەنجام.

٢- من دەمەوێت پەیوەندیەکەم بپچڕێنم. بەڵام یەکەم، دڵم بۆی دەسوتێت لەبەر ئەوەی منی زۆر خۆش دەوێت و منیش هەندێ بەڵێنم پێداوە و باوەڕم وایە پچڕاندنی ئەو پەیوەندیە نامەردیە. دووەم ئەوەی کە دەترسم پچڕاندنی ئەو پەیوەندیە هێندە کاریگەری نێگاتیڤی هەبێت لەسەری کە خۆی بکوژێت، تەنانەت جارێکیش ئەو شتەی باسکردوە، من دەترسم کارێ هەڵە بکات. سێیەم ئەوەی کە ئایە پچڕاندنی ئەو پەیوەندیە و شکاندنی دڵی ئەو تاوان نییە؟ ئەگەر بی گریەنم و دڵی بریندار بکەم، کاریگەری خراپی نابێت لەسەر داهاتوی ژیانم؟

وەڵام: لێرەدا نابێ لەسەر بنەمای هەست و سۆز بڕیار بدەیت. بەڵکو تەنیا دەبێ ئاگات لەوە بێت چ کارێک جێی ڕەزامەندی خوا و ژیرانەیە. لە ڕاستیدا دەبێت بزانیت ئەرکت چییە و چ کارێک ژیرانەترینە. ئەو پەیوەندیە کارێکە خوا پێی خۆش نییە بەردەوام بێت. شەیتان چاوی تێبڕیوە و ڕێخۆشکەرە بۆ تاوان. کەوابوو خوا پێی خۆشە ئەو پەیوەندیەت بپچڕێنیت و کاتێ کارێک دەکەیت کە ویستی خوای لەسەرە ئەوا مەترسە. فرمێسک و گریان و هەڕەشەی خۆکوشتنی نابێت تۆ سارد بکاتەوە. مەترسە هیچ

ڕووداوەکان، ماوەیەک هەردوکتان بە هۆی پچڕانی ئەو پەیوەندیەوە خەمبار دەبن. بەڵام وردە وردە شتەکان ئاسایی دەبنەوە. ئەگەر تەنانەت ئەویش شتێک بەسەر خۆی بهێنێت ئەوا تۆ بەرپرس نیت. لە ڕاستیدا هەڕەشە و نیگەرانیەکانی ئەو نابێت تۆ لە ئەنجامدانی کارە باشەکەت سارد بکاتەوە.

بەڵام پرسیوتە ئایە سزای هەیە یان نە. ئەبێ پێت بڵێم کە پەیوەندی و هاوڕێیەتیەکانتان لەوانەیە سزای هەبێت، بەڵام پچڕاندنی پەیوەندی و شکاندنی دڵی ئەو بێگومان هیچ سزایەکی نییە، خوا بەردەوامی ئەو پەیوەندیەی پێ خۆش نییە و لێی توڕەیە، نەک لە پچڕاندنی ئەو پەیوەندیە و لادان لە تاوان. کە وازهێنان لە تاوان خوا پێی خۆشە و سزای نییە.

٣- من پێشتر لەگەڵ کچانێکی زۆر هاوڕێ بوم. خۆشەویستیم بۆ هەموویان دەردەبڕی، هەندێ کات بەڵێنی هاوسەرگیریشم دەدا، بەچەشنێک یاریم بە هەست و سۆزیان دەکرد، لە پێناو خۆشی و چێژوەرگرتنی خۆم. ئێستا هەموو پەیوەندیەکانم پچڕاندوە، بەڵام هەست بە تاوانی زۆر دەکەم، بە توندی لە توڕەیی خوا و سزای ئەو کارانەم دەترسم. لەکار و ڕەفتارەکانم زۆر پەشیمانم، بەڵام نازانم چی بکەم؟

وەڵام: کار بەم چەند خاڵە بکە و نیگەران مەبە.

ا) یەکەم ئەوەی کە پەشیمان بونەوەکەت بەڕاستە و جێی دڵخۆشییە. دەبێ بەتەواوی لە ڕابوردوت پەشیمان بیت. سوربیت لەسەر واز هێنان و قەرەبو کردنەوەی.

ب) بە ڕاشکاوی تۆبە بکە و داوای لێ بوردن لە خوا بکە. لەگەڵ خوا ڕازونیاز و دەردەدڵ بکەو دان بنێ بە کارەکانتدا و بڵێ:" خوایە لەڕوی نەزانیەوە تاوانی زۆرم ئەنجام داوە." داوای لێ بوردن بکە. پێویستی ئەم تۆبەیش ئەوەیە کە خوا بە کەم نەزانیت ئاگاداری گەورەیی تاوانەکەت بیت.

ج) ئەگەر دەتوانیت ناڕاستەوخۆ هەوڵ بدە بواری گۆڕانکاری لەو کچە یان ئەو کچانەی پەیوەندیت پێیانەوە هەبووە، بڕەخسێنە. ئەویش تەواو ناڕاستەوخۆ لە ڕێگای بەخشینی ئەم پەڕتوکە یان(سی-دی) یان ڕێنوێنی بۆ خولێکی دەرونناسیی. بەڵام ئەبێ زۆر وریا بیت ئەو کارەت ناڕاستەوخۆ بێت. هەرگیز نابێت ئەو بزانێت ئەوکارە لای تۆوەیە. چونکە ئەگەری ئەوە هەیە بواری پەیوەندی دوبارە دروست ببێتەوە کە ئەوەیش زۆر ناپەسندە.

ئەگەر هەست دەکەیت ڕێگایەکی ناڕاستەوخۆت نییە بۆ ئەو مەبەستە ئەوا هیچ هەنگاوێک مەنێ. ئەگەر هاوڕێی کچێک بویت و ئێستا هیچ هەواڵێکت لێی نییە، لەو دۆخەیشدا هیچ ئەرکێک لە سەرشانی تۆ نییە.

د) نزای زۆریان بۆ بکەن، بۆ ئاسودەییان، بۆ گۆڕانکاریان، بۆ خۆشبەختیان. چیتان لە دەست دێت بۆ ئەکەسانەی بکەن کە

لەڕوی سۆزداریەوە ئازارتان داون، وەک خێر و بەخشین و نوێژ و حەج.

دوای ئەم کارانە نیگەران مەبە و هیوات بە دلۆڤانی خوا هەبێت و دڵنیا بە خوای گەورە لێت خۆش دەبێت.

٤- من کچێکم و ماوەیەکە لەگەڵ کوڕێک بوم بە هاوڕێ. بڕیاری تەواوم داوە ئەو پەیووندیە بپچڕێنم، بەڵام ئەو هەڕەشەم لێ دەکات کە:« ئەگەر لەو هاوڕێیەتیە بەردەوام نەبیت ئابڕوت دەبەم، وێنەکەت لە ئینتەرنێت بڵاو دەکەمەوە، دێم لە شوێنی کار و خوێندنەکەت ئابڕوت دەبەم، ئەگەر شویش بکەیت دێم هەموو شتێک بە هاوسەرەکەت دەڵێم.» منیش لەترسی ئابڕو و ناوبانگەکەم، لەو پەیوەندیە بەردەوامم هەرچەند دەیشزانم هەڵەیە.

وەڵام: وەڵامەکەت تاڕادەیەک وەک وەڵامی پێشتر وایە.

گرنگترین شت تۆبە کردن و گەڕانەوە بۆ لای خوا و پەشیمانیە. ئەمە گرنگترین کارە. لەئێستادا کارت بە هیچەوە نە بێت، تەنیا بە پەشێمانی ڕاستەقینەوە لە خوا داوای لێبوردن بکە. بڕیاری تەواو بدە واز بهێنیت و قەرەبوی بکەیتەوە. ئەگەر ئەو پەشیمانی و تۆبە و بڕیاری واز هێنانەت بە ڕاست بێت و داوای یارمەتیش لە خوا بکەیت، دڵنیابە خوایش تۆ و ئابڕوی تۆ دەپارێزێت. ئەو بڕیاری واز هێنانەت یارمەتی خوات بۆ دابین دەکات و چیتر نیگەران مەبە. خوای گەورە لە ڕێگایەکەوە یارمەتیت دەدات کە هەر بە بیریشتدا نایەت. کاتێ دەست دەخەیتە دەستی خواوە ئیتر لە کەس

مەترسە. خوا پشتیوانی تۆیە. تەنیا ئەوکاتە بترسە کە تۆبە و پەشیمانیەکەت بە ڕاستی نەبێت. بەڵێ لەکاتی وەهادا چاوەڕێی هەر چەشنە پێشهاتێک ببە.

٥- ئەگەر کچێک پێشتر هاوڕێی کوڕێک بوە یان کوڕێک لە ڕابوردودا هاوڕێیەکی کچی هەبوە و دوای ساڵانێک لەگەڵ کەسێکی دیکە هاوسەرگیریان کردوە. ئایە مەرجی ڕاستگۆیی ئەوەیە کە مرۆڤ دان بنێت بە پەیوەندیەکانی پێشویدا؟ پرسیارەکە دەکەم بە دووبەشەوە. یەکەم ئەوەی کە، ئەگەر نەڵێم، هەست ئەکەم ڕاستگۆ نەبوم و هەست بە تاوان ئەکەم. کەوابوو کارە ڕاستەکە چییە؟ دووەم ئەویەکە هاوسەرەکەم لێم دەپرسێت ئایە تۆ پێشتر لەگەڵ کەس هاوڕێ بویت؟ پێداگری دەکات وەڵامی بدەمەوە، من چی بکەم؟

وەڵام:نەخێر، هەرگیز شتی وا نەکەیت، ئەگەر پێشتر بە هۆی نەزانیەوە پەیوەندیەکت هەبوە و ئێستا زۆر پەشیمانیت، بە هیچ شێوەیەک پێویست نیە باسی بکەیت. ئێمە درۆ لەگەڵ کەس ناکەین بەڵام نابێ هەموو ڕاستیەکانیش باس بکەین. گێڕانەوەی ئەو بابەتە تەنیا مێشکی هاوسەرکەت ئاڵۆز دەکات و توشی بەدگومانی و دودلی دەکات، گەرچی تۆ بڕیاری پەیوەندی لەو چەشنەت نیە و یان ئەوە پەیوەستە بە ڕابوردوتەوە. کەوابوو بەبێ هەستکردن بە تاوان هەرگیز باسی لێوە مەکە. ئەوە زیاتر یارمەتی ژیانت دەدات. ئەگەر هەر پێداگری کرد کە تۆ باسی ڕابوردوی

خۆتی بۆ بکەیت، هێشتا هەر هەوڵ بدە بابەتەکە بگۆڕیت و بیکە بە قسەی خۆش و نوکتە. نابێ پێداگری ئەو ببێتەهۆی دڕکاندنی تۆ. ئەم خاڵە زۆر گرنگە کە هەموو ئێوە کوڕ و کچە سەڵتەکان کە ئەم پەڕتوکە دەخوێننەوە، دەبێ لەبیرتان بێت کە ئەگەر بڕیار وایە لەگەڵ کەسێک هاوسەرگیری بکەیت، لەماوەی خوازبێنی و مارەکردن و ژیانی هاوبەشدا، هەرگیز لەو بارەوە پرسیار مەکەن.

پرسینی ئەو بابەتە، وەڵامەکەی نەک هەر یارمەتیتان نادات بەڵکو مێشک و هزرتان تێک دەدات. کەوابوو هەم ئەو پرسیارە هەڵەیە و هەم وەڵام دانەوەکەشی.

٦- ئایە هەموو ئەو هاوسەرگیریانەی لە هاوڕێیەتی کوڕ و کچەوە دەست پێدەکەن هەڵەن؟ من ئێستا لەگەڵ کچێک هاوڕێم، بە ڕای من کچێکی باشە، واتە ئەم هاوسەرگیریە بە هەموو شێوەیەک هەڵەیە؟

وەڵام: نەخێر. ئەو قسە لەسەداسەد ڕاست نییە. بەڵام تۆ دەبێ سەرەتا پەیوەندیەکەت بە تەواوی بپچڕێنیت و دواتر بە ڕاشکاوی و ژیرانە بیربکەیتەوە. نەک لەڕوی هەست و سۆزەوە، کە ئایە ئەو کچە پێوەرەکانی هاوسەرێکی باشی تێدایە؟ ئایە گونجاوی و شیاوی کەسی و خێزانی تێدایە؟ دوای بیرکردنەوە و تاوتوێ کردنی سەرەتایی و ڕاوێژ لەگەڵ گەورەکان، ئەگەر پێت باش بوو ئەوا دەتوانی بنێریتە داوای. ئەوکات ئەگەر پێوەرە باشەکانی تێدابو و

خێزانەکان (باوک و دایکی هەردوکتان) ڕازی بوون، ئەوا ئەم هاوسەرگیریە پەسندە.

٧- من ڕقم لە شێوازی هاوسەرگیری کۆنە، چونکە باوەڕم وایە لە ژیانی هاوبەشدا خۆشەویستی زۆر گرنگە، من وەک کچێک پێم خۆشە لەگەڵ کەسێک هاوسەرگیری بکەم کە خۆشم بوێت و خۆشی بوێم. بەڵام لە هاوسەرگیری کۆندا بە خوازبێنی دەست پێدەکات و خۆشەویستی لەبەر چاو ناگیرێت. هەر بۆیە من باوەڕم وایە سەرەتا دەبێت ببینە هاوڕێ و ئەگەر زانیمان یەکترمان خۆش دەوێت، ئەوکات هەنگاو دەنێین بۆ هاوسەرگیری. تۆ دەڵێیت لەژیاندا خۆشەویستی پێویست نییە؟

وەڵام: خۆشەویستی پێویستە. بەڵام کاتێ لەگەڵ کوڕێک دەبیتە هاوڕێ، ئەو سروشتی لاوەتی و سۆز و هەڵچونەی لەو کاتەدا لە لوتکەدایە، حەز و ڕاکێشان و مەیلێکی زۆر ئەوروژێنێت، کە دوای ئەوە مرۆڤ چاوی ڕاستیەکان نابینێت و ناتوانێت لێکی بداتەوە، ئایە کەسەکە پێوەری هاوسەرێکی باشی تێدایە یان نە. بۆیە لەو بارودۆخەدا ئەو خۆشەویستی و ڕاکێشانە هەموو شتێک دادەپۆشێت. ئەو ژیانە دەست پێدەکات، بەڵام پاش ماوەیەک کە ئەو هەڵچونە نیشتەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە چۆن خاڵە گرنگەکان پشتگوێ خراون و چۆن جیاوازی و دژبەیەکی گەورە هەیە و چۆن پێوەرە ڕاستەکان لەبەر چاو نەگیراون و هیچ

گونجاوی و شیاویەک نییە. ئاژاوە و دەنگە دەنگ دەست پێدەکات و بە خێرای ئەو خۆشەویستیە نەمێنێت.

ئێمە دەڵێین سەرەتا بە بێ دروستکردنی پەیوەندی سۆزداری و خۆسەویستی، دەبێت لێکۆڵینەوە بکرێت و دواتر بە ئامادە بونی ئەندامانی خێزان چەند جار وتووێژ بکرێت، ئەگەر ئەو بژاردە ژیرانە بوو، ئەوکات خۆشەویستی و هەستی دەرونی دەست پێ بکات. لێرەدا پێویستە وەبیری بهێنینەوە کە خۆشەویستی بەو واتایە پێویست نییە. ئەو جۆرە خۆشەویستیانە تەنیا لە ئاکامی پەیوەندی خراپی پێش هاوسەرگیریەوە دروست دەبێت، هەر ناتوانین پێی بڵێین خۆشەویستی. لەو هاوسەرگیریانەی کە لە ئاکامی ڕەفتاری جوان و گفتوگۆی ڕاشکاو و بە ئامادە بونی ئەندامانی خێزان ئەنجام دەدرێت، شتی وا ڕونادات، بەڵام ئەوەی پێویستە ئەوەیە کە، تۆ دوای لێکۆڵینەوە و گفتوگۆی دوکەسی، دەبێ بزانیت ئایە کەسی بەرامبەر چۆتە دڵتەوە یان نە. زۆر پێویستە بچێتە دڵەوە، نەک خۆشەویستی. ئەگەر کەسەکە هەموو پێوەرەکانی بۆ هاوسەرگیری تێدا بێت، بەڵام تۆ هیچ هەستێکت بۆی نەبێت و لەگەڵ هەموو باشیەکانیشی هێشتا نەچێتە دڵتەوە، ئەوا ئەو هاوسەرگیریە باش نییە. دەبێت کاتی زیاتر بۆ بینین و گفتوگۆ دابنێیت و ئەگەر هەر نەچوە دڵتانەوە، ئیتر ئەو هاوسەرگیریە هەڵەیە.

ئەگەر هاوسەرگیری و پێوەرەکان ڕاست و دروست و ژیرانە بن، ئەوا ئەو چونە دڵ و ڕاکێشانە سەرەتاییە، سەرمایەیەکە، بە هەڵبژاردنی دروستی تۆ و ڕەفتارە باشەکانی دوای هاوسەرگیری

زیاد دەکرێن و سەرمایە خۆشەویستی و دلۆڤانی و پەیوەندی تۆ ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر و زیاتر دەبێت. بەڵام ئەگەر بژاردەکە هەڵە و پێوەرەکان باش نەبن، کە لە زۆربەی هاوڕێیەتیەکانی پێش هاوسەرگیری بەهۆی زاڵبونی هەست و سۆزەوە بەسەر عقڵدا ئەو شتە ڕودەدات، بەشی زۆری ئەو سەرمایە سۆزداریە لەماوەی ساڵێکدا نامێنێت و ئەو خۆشەویستیە ئەگۆڕێت بۆ ڕق و تورەیی.

کەوابوو پێویستە هاوسەرگیری ژیرانە بێت و ژیانیش عاشقانە.

٨- تۆدەڵێیت هاوڕێیەتی پێش هاوسەرگیری شێوازێکی باش نییە بۆ ناسینی هاوسەری داهاتو و زۆربەی ڕەفتارەکان ڕوکەشین و بە ڕەفتاری ڕوکوشیش ناتوانرێت کەسەکان بناسرێن. بەڵام لە شێوازی کۆنی هاوسەرگیریشدا کە لەدوای خوازبێنی دێت، جۆری پرسیار و وەڵامەکان فەرمین و ئەکرێ وەڵامەکان ڕاست نەبن و بەچەند جار چاوپێکەوتن ناتوانرێت کەسە بناسین. کەوابوو ئایە ئێمە ئەتوانین کەسی بەرامبەر بناسین؟ تا بتوانین بە دڵنیاییەکی زۆرەوە هەڵبژێرین؟

وەڵام: پرسیارێکی زۆر باش بوو.زۆرجار وتومانە و دەیڵێینەوە کە: نە هاوڕێیەتی پێش هاوسەرگیری بۆ ناسینی لایەنی بەرامبەر گونجاوە و نە بە چەند جار گفتوگۆی ماوەی خوازبێنی دەتوانرێت کەسەکە بناسرێت. ناسین تەنیا ڕێگایەکی هەیە و ئەویش: لێکۆڵینەوە و تەنیا لێکۆڵینەوەیە.

لەڕاستیدا« لێکۆڵینەوە» باشترین، ڕاستترین و ژیرانەترین کارە بۆ ناسینی لایەنی بەرامبەر. لەهەنگاوی یەکەمدا دەکرێ لە شوێنی خوێندن، ئیشکردن، هاوڕێکانی، خزم و کەسی و شوێنی نیشتەجێ بونی(بەرو دراوسێ و کاسبکارانی گەڕەک)ەوە دەست پێ بکرێت.

دووەم، بەوردی بزانە هاوڕێ خۆشەویست و زۆر نزیکەکانی کێن، چونکە هاوڕێی خۆشەویست و نزیکی هەر کەسێک پیشاندەری حەز و مەیل و سروشت و تەنانەت زەوق و بیروباوەڕی ئەو کەسەیە، بزانە هاوڕێکانی پاک و پۆزتیڤ و پابەندن، یان کەسانی سەرسەری و بێ ڕەوشتن. ئەمە فەرمودە حەزرەتی عەلیە(سلاوی خاوی لێبێت)، " دەتەوێت کەسێک بناسیت، لە هاوڕێکانیەوە بیناسە."

سێیەم، دەبێ ڕەفتاری دەرەکی و ڕواڵەتی کەسەکە لەبەر چاو بگریت. لە بیرت بێت باوەڕ و ئەیدۆلۆجی و رۆحیەتی هەرکەسێک لە ڕەفتاری دەرەکی ئەو کەسەدا دیارە لە جل وبەرگەوە بگەرە تا هەڵبژاردنی پیشە.

هەنگاوی چوارەم، پرس و جۆ لە خزم و کەسەکانیەتی. بەلام لە نە خزمەکانی پلە یەکانی، وەک مام و خاک و پور و ئامۆزا و .... بەڵکو لە خزمە تازەکانی وەک زاوا و بوک و مێردی پور و خاڵۆژن و ژنی مام و ....پرسیار بکە. لەوانەیە بەشی یەکەم لەبەر خۆشەویستی هەندێ کات ڕاستیەکان بشارنەوە، بەلام بەشی دوەم ڕاستگۆیانەتر و بەبێ کاریگەری هەست و سۆز بۆچونی خۆیان دەڵین.

پێنجەم ئەوەی کە ئەوکەسەیش کە کچەکە یان کوڕەکەی ناساندوە دەتوانێت بێنێتە بنەمای پێوەر بۆ کەسەکە. واتە ئەگەر ئەو کەسێکی زۆر دیندار و پابەند بێت دەتوانین هیواداربین کەسانێک بناسێنێت کە لەڕوی باوەڕ و ڕەفتاری ئاینیەوە باش بن. بەڵام ئەگەر ئەو کەسە خۆی پارە پەرست و دونیا پەرست بێت لەوانەیە ئەو کەسەی دەیناسێنێت وەک خۆی وابێت و لەبواری ئەخلاق و ڕەوشتەوە لە ئاستێکی نزمدا بێت.

ئەم کەسانە، زۆربەی ئەو کەسانەن کە دەتوانین بۆ پرس و جۆ یارمەتیان لێ وەربگرین. ئەگەر لە لێکۆڵینەوە و پرس وجۆدا تەمەڵی نەکەیت و لە خوایش داوای یارمەتی بکەیت تا چی باشە ئەوەت بۆ بکات و سود لە ڕاوێژ و ئەزمونی گەورەکانیش وەربگریت، لەبەر ئەوەی لەسەر ڕێچکەیەکی پەسندی خوا ڕۆشتویت و بە ئەرکی خۆت هەستاویت، دڵنیابە خوایش بە میهرەبانی خۆی یارمەتیت دەدات و ڕێنوێنیت دەکات، بەرەو ئەو شتەی کە باش و گونجاوە. (انشاءالله)

٩- کوڕێکم تەمەنم ٢٨ ساڵە، خێزانەکەم تارادەیەک ئاینین، ماوەیەکە بوم بە هاوڕێی کچێک، کە بە وتەی خۆی خێزانەکەی زۆر کراوەن. بەڵام بەهۆی هاوڕێیەتی و کاریگەری منەوە ئێستا ئەو کچە نوێژ دەکات و جل و بەرگیشی باشتر بوە. بەرەچاوکردنی ئەوەی کە پەیوەندیەکەمان بۆتە هۆی نزیک بونەوەی ئەو لە خوا، ئایە بەردەوامی ئەو پەیوەندیە کێشەی هەیە؟

وەڵام: ڕاستیەکە ئەوەیە کە ئەو گۆڕانکاریە زۆرجار بەردەوام نابێت. هاوڕێ کچەکەت بەهۆی پەیوەندی سۆزداری و خۆشەویستی تۆوە گۆڕاوە، ئەو دەترسێت ئەگەر سور بێت لەسەر بۆچون و ڕەفتارەکانی ئەوا تۆ لەدەست بدات. لەڕاستیدا گۆڕانەکەی ئەو بەهۆی ئەوە نەبوە کە بۆی دەرکەوتبێت ئەوە ڕاستە و دەبێ ملکەچی خوا ببێت. هاوڕێکەت تەنیا لەبەر تۆ گۆڕاوە، نەک لەبەرخاتری خوا، ئەو لە ڕابوردوی خۆی پەشیمان نییە، لەوانەیە دڵنیایی بدات بە تۆ کە گۆڕانکاریەکەی بنچینەیی و قوڵە، بەڵام لە ڕاستیدا وانییە. هەربۆیە کاتێ ئەو پەیوەندیە بەهەر هۆیە بپچڕێت، دوای ماوەیەک کەسەکە دەچێتەوە سەر ڕێچکە کۆنەکەی. ئەگەر ئەو بڕیارە بە ڕاستی و لە ناخەوە بوایە نەدەبوو لە هیچ بارودۆخێکدا بگەڕێتەوە بۆ دواوە.

خاڵێکی تر ئەوەیە کە تۆ وەک کوڕێک داوا لەو کچە دەکەیت نوێژ بکات و باڵاپۆش بێت و گرنگی بدات بە فەرمانەکانی خوا، ئایە نازانیت هەر ئەو خوا فەرمانی کردوە لەگەڵ بێگانە پەیوەندیت نەبێت؟ ئایە فێرکاریە ئاینیەکان تۆیان ئاگادار نەکردۆتەوە لە دورکەوتنەوە لە پەیوەندی خراپ و تاک بونەوە لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر؟

ئەگەر بەڕاستی دەتەوێت ڕێنوێنی بکەیت، ئەو هەموو کوڕەی لە چواردەوری تۆن پێویستیان بە ڕێنوێنی هەیە، تکایە ئەوان ڕێنوێنی بکە. ئەگەریش دڵت بۆ هەڵخەڵەتاندنی کچێک دەسوتێت، ئەوا بەبێ پەیوەندی و هاوڕێیەتی، داوا لە خاتونێک وەک خوشکت بکە،

با ئەو ببێتە هاوڕێی و ڕێنوێنی بکات، کەوابوو بەڕێزم بزانە ئەوەیش فێڵی شەیتانە، کە بۆ پاساو و هێشتنەوەی پەیوەندیەکەتان ئەو ڕەنگ و ڕوکەشە مەعنەویەی پێداوە. چونکە نە ئەو لەبەر خوا گۆڕاوە و نە تۆیش ئیش بۆ خوا دەکەیت.

١٠- من کچێکم تەمەنم ٢٦ ساڵە. نوێژ کەر و باڵا پۆشم لە خێزانێکی ئاینیم. حەزیشم بە هاوڕێی کوڕ نییە، بەڵام لە ڕاستیدا واهەست دەکەم ئەگەری شوکردنی ئەو کچانە زیاترە کە دەبنە هاوڕێی کوڕ. خۆیان بارودۆخێک بۆ خۆیان دروست دەکەن، لەڕاستیدا لەگەڵ هەموو باوەڕی پتەوم بەخوا و باوەڕم بە خراپی ئەو جۆرە پەیوەندیە، هەندێ کات دێت بە خیاڵمدا کە ببمە هاوڕێی کوڕێک و هاوسەرگیری بکەم، ڕێگای بەرەنگار بونەوەی ئەو خویاڵانە چییە؟

وەڵام: باوەڕ و ڕەفتارتان جێی شانازیە و بڕیارتان بۆ پاک مانەوە و بەپاکی ژیان تائێرە جێی ڕێزلێنانە. بەڵام وریابە هەر لەو بارودۆخەدایە کە مرۆڤ تاقی دەکرێتەوە لەلایەن خواوە.

شەیتان زۆر هەوڵ دەدات خیاڵی خراپ بکاتە مێشکتەوە:

- تمەنت لە هەڵکشاندایە، فریای خۆت بکەوە، تۆ کە بە نیەتی خراپ نایکەیت، هاوڕێیەتی بە مەبەستی هاوسەرگیری کێشەی نییە... ئەگەر بتەوێت بە پاکی بژیت دەبێ هەموو تەمەنت بە تەنیایی بمێنیتەوە.

وریابە کە دەبێ لێرەدا خۆت ڕاگریت و فریوی شەیتان نەخۆیت.ئەو بیرەی کە زۆرینەی کچەکان هاوڕێی کوڕیان هەیە، یان ترس لە تەنیا مانەوە، هەگیز نابێت لە بڕیارەکەت پاشگەزت بکاتەوە و ئیشیکت پێ بکات کە دڵنیایت خوا پێی ناخۆشە.

بۆ هاوسەرگیری سەرەتا وریابە داوای شتی زۆر مەکە و زۆرگیر مەبە. پشت بە خوا ببەستە و بەو پەڕی هیواوە داوای یارمەتی لێ بکە و دڵنیابە هەموو شتەکان باش دەبن و خوا بە دلۆڤانی خۆی لە باشترین کات و شوێندا یارمەتیت دەدات.

# چۆن لەسەر بڕیارەکەمان سوربین و هەست بە بێبەشبوون نەکەین

ئێستا لەوانەیە بڕیارتدابێت بۆ گۆڕانکاری.

لەوانەیە دوای خوێندنەوەی ئەم پەڕتوکە بڕیاری ڕاشکاوت دابێت ، بۆنمونە ئەگەر هاوڕێیەکت هەیەلەڕەگەزی بەرامبەر و بڕیارت داوە هەرئێستا ئەوپەیوەندییە کۆتای پێبهێنیت و هەر ئەمڕۆ ئەوکارەبکەیت. ئەگەر بڕیارت وابوو کە هاوڕێیەکی کوڕ یان کچ بۆخۆت پەیدا بکەیت، ئەمڕۆ بڕیار بدە لە مێشکی خۆتی دەربکەیت، و لە ناخەوە پەشیمان ببەرەوە. بەڵام ئەوشتە بزانە کە لەوانەیە ئەو بڕیارەت بەردەوام نەبێت، واتە لەگەڵ هەموو ڕاشکاویتان بۆ نەبون بە هاوڕێی ڕەگەزی بەرامبەر، لەوانەیە دوای مانگێک یان ساڵێک لەو بڕیارە باشەی ئەمڕۆت پاشگەز ببیتەوە و هەمویان لەبیربکەیت و پەیوەندی خراپ دەست پێبکەیت. بەڵام بۆچی بڕیارەکانمان بەردەوام نین و چی بکەین تا لەسەر بڕیاری خۆمان بمێنینەوە؟

## چەند خاڵ بۆ بەردەوام بون لەسەر ئەو بڕیارە بەرزە

یەکەم شت کە دەبێتە هۆی لادانی مرۆڤ لەم بوارەدا، هەست کردن بە بێبەش بونە. واتە هەندێ کات واهەست دەکەیت لە

هەندێ خۆشی و چێژ بێ بەشیت و هەست دەکەیت ئەو کچ و کوڕانەی هاوڕێیان هەیە زیاتر چێژ لە ژیان وەردەگرن و ڕادەبوێرن و بەخۆشی دەیبەنە سەر. بەڵام تۆ بڕیارت داوە باش بیت و لەگەڵ خوای خۆت بیت، توشی تاوان نەبیت و ژیرانە بژیت، ئەوا لەو خۆشیانە بێ بەشیت.

با نمونویەک بهێنمەوە: وادابنێ لە باسێکدا وەستاویت. لە پەنجەرەکەوە کوڕ و کچێک دەبینیت کە قسە دەکەن و پێدەکەنن و دەستبازی دەکەن. لە دڵی خۆتدا دەڵێیت، خۆش بەحاڵیان چ خۆشیەکیانە، لەو کاتەدا هەست بە بێبەشبون دەکەیت. لە وێستگەی دواتریش دوبارە کوڕ و کچێکی تر دەبینیت دەستیان لە دەستی یەکتردایە و لەوپەڕی خۆشیدان، بە خۆت دەڵێیت:« خۆش بەحاڵی خەڵک، هەریەکە دەستی لە دەستی خۆشەویستەکەی دایە و منیش دەستم بە کورسی پاسەکەوەیە » زیاتر هەست بە بێبەش بون دەکەیت.

هاوپۆلیەکەت بۆت باس دەکات کە هاوەڵ کوڕەکەی چ دیاریەکی بۆ کڕیوە وە پێکەوە چون بۆ کوێ و چەند خۆشی دەوێت و تەنانەت دەیانەوێت هاوسەرگیری بکەن. لێرەش تۆ هەر هەست بە بێبەش بون دەکەیت.

هاوڕێکەتان باسی هاوڕێ کچەکانی دەکات وئەوکاتانەی کە لەگەڵیاندا بەسەر دەبات تۆ هەر هەست بە بێبەش بون دەکەیت.

هەندێک کات بڕیارەکانی ئەمڕۆتان پتەوە، بەڵام وردە وردە هەست بە بێبەش بوون لەو خۆشییانەی دەوروبەرت هەیانە تۆ

سارد دەکاتەوە و لە کۆتاییدا بەڵێنی خۆت لەگەڵ خودا دەشکێنیت و دەگەڕێیت بەدوای هاوڕێیەک لە ڕەگەزی بەرامبەرت.

بەلام چی بکەین تا هەستی بێبەشبوون، پەستان نەخاتە سەرمان و لە بڕیارە باشەکانمان پاشگەزمان نەکاتەوە؟ بانموونەیەک باس بکەم.

یەکەم جار ئەم نمونە مامۆستاکەم بۆی باس کردم کەحەقی زۆرە بەسەرمەوە زۆربەی زانیاریەکانی ئێستام بەهۆی ئەوەوە بوو کەبەڕاستی زانایەکی پایە بەرز و بێوێنەیە" مامۆستا مەهدی عەدالەتیان" پێی گوتم: تەلارێکی دە نهۆم بهێنە پێش چاوت. لاوێک لە نهۆمی دووەمی ئەم خانوەدا لەگەڵ باوک و دایکی دەژی، لاوێکی تریش بەمەبستی خۆکوشتن چۆتە سەربانی ئەو تەلارە و دەیەوێت خۆی بخاتە خوارەوە. لەناکاو خۆی هەڵدەداتە خوارەوە، لەکاتی کەوتنە خوارەوەدا، ئەو لاوەی لە نهۆمی دووەمدایە بەمەبەستی هەوا گۆڕین پەنجەرەکەی دەکاتەوە، کوتوپڕ ئەو لاوە دەبینێت کە دەکەوێتە خوارەوە. وادابنێ خێرا پەنجەرەکە دادەخات و بەخۆی دەڵێت،« خۆش بەحاڵی خەڵکی، ئەفڕن... باوک و دایکی منیش ناهێڵن من بفڕم»!!! لێرەدا تۆ چ بڕیارێک دەدەیت؟ بەو لاوە دەڵێیت:" ڕاوەستە. خێرا بڕیار مەدە. هێشتا بەشێکی ئەو فلیمەت نەبینیوە. لەبەشی دووەمدا لاشەکەی لەسەر شەقامەکە دەبینیت."

ئێمە بە گشتی ئەو ساتە خۆشانەی دەبینین، کە ئەو کوڕ و کچە قسەی خۆش و عاشقانە لەگەڵ یەکتر دەکەن، بەڕواڵەت خۆیان

دەکەنە قوربانی یەکتری و دەستی یەک دەگرن و بە چیاکەدا سەردەکەون و دیاری بۆ یەکتر دەکڕن، بەڵام ئێمە دیمەنەکانی دواتر نابینین و لەوانەیشە نەمانەوێت بیبینین. ئەوە زۆر خراپە کە پیتزا فرۆشەکان شوشەی سکۆرێتیان هەیە و لەدورەوەیش کوڕ و کچەکان دەبینرێن کە لەسەر کورسیەکان دانیشتون، بەڵام هەموو دادگاکانی خێزان بە دیواری خشت کراون و لەدەرەوە هیچ نابینین.

کچ و کوڕە باشەکان تکایە پشوتان درێژ بێت. دڵنیابن ئێوە براوەن. خوا بەڵێنی داوە خۆشبەختی بۆ ئێوەیە. ئەگەر بینیت کوڕێک هاوڕێیەکی کچی هەیە یان کچێک هاوڕێیەکی کوڕی هەیە و ئەمڕۆ پێکەوە بە خۆشی دەیبەنەسەر، دڵنیا بن بەشی دووەمی ئەو فلیمە زۆر ناخۆشە. پشووت هەبێت و خۆڕاگربە و بەهیچ شێوەیەک بیر لەو پەیوەندیە مەکەرەوە کە خوا پێی خۆش نییە. خوا بەڵێنی داوە سەرکەوتن بۆ ئێوەیە، متمانەمان بە خوا هەبێت. لەکۆتاییدا ئەم فەرمودە زۆر جوانەی پێغەمبەری خۆشەویستتان(د.خ) پێشکەش دەکەم بە هەموو ئەو کەسانەی کە بڕیارتان داوە ئەوەی خوا پێی خۆش نەبێت تەرکی بکەن:

حەزرەتی محەممەد(د.خ) فەرمویانە: هەرکەسێک لەبەر ڕەزامەندی خوا چاوپۆشی لە حەرامێک بکات، خوا هەر لەم دونیایە و پێش کۆتایی دونیا، باشتر لەوەی پێ دەبەخشێت.

واتە ئەگەر هاوڕێیەتی پێش هاوسەرگیری خۆشی و چێژێکی هەیە، ئەگەر بە هەڵە تێدەگەین کە دەبێتە هۆی هاوسەرگیریەکی

سەرکەوتووتر و ژیانێکی خۆشتر، لەبەر ئەوەی خوا پێی خۆش نییە وازی لێ دێنین و چاوپۆشی لێ دەکەین و بەفەرمودەی پێغەمبەری ئازیزمان، باوەڕمان هەیە کە خۆشی و چێژ و سەرکەوتن و شیرینی ڕاستەقینەی ژیان هەر لەم دونیایە پێمان دەگات.

.................................. خوای دلۆڤان لە نێوان دوو ڕەگەزی بەرامبەردا واتە کوڕ و کچ، هێزێکی ڕاکێشانی دروستکردووە، مەیل و ڕاکێشانێکی وەها کە ناشاردرێتەوە. ئەو مەیل و ڕاکێشانە شتێک نییە کە بمانەوێت بیسەلمێنین یان بەڵگەی بۆ بهێنینەوە، هەمووومان هەست بەو مەیل و ڕاکێشانە دەکەین. بێگوومان ئەو مەیل و ڕاکێشانە یەکێکە لە بەخششەکانی خوا و هەرگیز نابێت وەک خاڵی لاواز هەژماری بکەین. حەز بە هاوسەرگیری و دروسکردنی ژیانی هاوبەش و منداڵبوون و مانەوە و بەردەوامی ژیانی هاوبەش، بەڕێژەیەکی زۆر پەیوەستە بەم مەیل و ڕاکێشانەوە کە خوای گەورە لە نێوان ئەم دوو ڕەگەزەدا دایناوە.



1 19184 71400 6

لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما